
# لاسایی کردنەوەی محەمەد سیاد بەڕی چارەنووسی عێراق وەک سۆماڵ لێدەکات
















بۆ ئەوەی لەمانای لاوازی دەوڵەت لە سیستمی تازەی جیهان تێبگەین، باشترە باسی دەوڵەتی بەهێز بکەین لەم سیستمە تازەیەدا، لەبەر ئەوەی پێچەوانەی دەوڵەتی بەهێز، دەوڵەتی لاوازە، سەبارەت بە دەوڵەتی بەهێزیش، بەپێی دوایین بۆچوونەکانی ڕێکخراوەکانی (UNDP)، فریدەم هاوس، ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی، وۆرد ریپۆرت، دەوڵەتی بەهێز ئەو دەوڵەتەیە کە توانای ئەوەی هەبێت ئاستی بەرزی ئاسایش دابین بکات، ڕێگری لە توندوتیژی سیاسی و تاوانکاری بکات، ئەمەش زەمینە بۆ ئازادییە سیاسیی و مەدەنیەکان دەرەخسێنێت، دەوڵەتی بەهێز وادەکات ژینگەی دەوڵەت فاکتەرێك بێت بۆ گەشەی ئابووری و بۆ بەهێز بوونی سەروەریی یاسا و سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری، هەموو ئەمانە دەبنە فاکتەرێك بۆ بونیادنانەوەی ژێرخانی وڵات، بۆ دووبارە بونیادنەوەی تۆڕەکانی ڕێگاوبان، دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و وزەی کارەبا، ڕێکخستنەوەی گەیاندن، چ گەیاندنی ئاسایی بێت یان ئەلکترۆنی، گەشەپێدانی قوتابخانە و زانکۆ و قوتابی، دروستکردنی سیستمی چاودێری تەندروستی و ڕێکخستنەوەی نەخۆشخانە و نۆرینگەکان بۆ ئەوەی بە ئاستێکی بەرز خزمەتی نەخۆش بکەن، لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە دەوڵەتی بەهێز ئەو ژینگەیەیە کە ئاشتی و نیزام باڵی بەسەر هاووڵاتیاندا کێشا بێت.



**پرۆفیسۆر رۆبەرت ئای رۆتبێرگ**
**کتێبی «لە چ کاتێکدا دەوڵەتان فاشیل دەبن»**

ئەگەر مێژووی ساڵی ٢٠٠٣ی عێراق بەو سیفەتەی لەو ساڵەدا رژێمی پێشووی بەعس رووخێنرا و جارێ عێراقێکی ئازاد درا، بەمێژووی ساڵی ١٩٦٠ دەوڵەتی سۆماڵ بەراورد بکەین، ئەوا هەندێك رووی لە یەکچوو لەنێوان عێراق و سۆماڵدا هەن، دەکرێت بۆ ئێستا سوودی لێوەربگرین:

١. لە ساڵی ١٩٦٠ سوماڵ پێکهاتبوو لە دوو ویلایەت، یەکێکیان لەژێر چاودێری بەریتانیا بوو پێیان دەگوت (سۆماڵی بەریتانی) ئەوی دیکەشیان لەژێر چاودێری ئیتاڵیادا بوو پێیان دەگوت (سۆماڵی ئیتاڵی)، ئەم دوویلایەتە دوای ئەوەی جارێ سەربەخۆییاندا، یەکیانگرت و دەوڵەتی سۆماڵی ئێستایان پێکهێنا.

٢. لە ساڵی ٢٠٠٣ش کە رژێمی پێشووی عێراق رووخا، عێراقیش دوو ویلایەت بوو، بەشێکی لە ژێر چاودێری هاوپەیمانان بەپێی بڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجوومەنی ئاسایش پارێزگاری لێدەکرا و پێی دەگوترا ناوچەی ئارام (Safe haven)، ئەم ناوچە ئارامە بەشێکی سنوری جوگرافی هەرێمی کوردستانی باشوری دەگرتەوە، بەشەکەی دیکەشی کە ناوەڕاست و باشوری عێراقی دەگرتەوە لەلایەن رژێمی بەعسەوە حکومڕانیەکی دیکتاتۆری دەکرا، دوای رووخانی رژێمی پێشووی عێراق ناوچەی ئارام (ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان) لە چوارچێوەی یاسای کاتی بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتی تازەی عێراق یەکیان گرتەوە بۆ پێکهێنانەوەی عێراقی نوێ، پاش ئەوەش لە ٢٠٠٥ لە دەستووری عێراقدا ئەمە چەسپێنرا.

٣. لە سۆماڵ دوای یەکگرتنەوەی هەردوو بەشەکەی، هەڵبژاردن کراوە و هەنگاو بەرەو دیموکراتی هەڵگیراوە، پاشان دەستوور نووسراوەتەوە و دەستوورەکە لەلایەن گەلەوە پەسەند کراوە و ماوەی ٩ ساڵ لەدوای سەربەخۆیی سۆماڵ جۆرێك لە حکومڕانی مەدەنی پیادە کردووە.

٤. لە عێراقیش لەدوای ٢٠٠٣ چەند هەڵبژاردنێك کراوە و دەستوور نووسراوەتەوە و بۆ ماوەی ٩ساڵ واتە لە ٢٠٠٣ تا کۆتایی ٢٠١١، جۆرێك لە حکومڕانی مەدەنی و هیوایەك بۆ دیموکراتی هەبووە.

٥. لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٩ ژەنراڵ محەمەد سیاد بەرێ فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی سۆماڵ بە بیانووی ئەوەی کە سیاسەتمەدارەکان سۆماڵیان بەرەو بارودۆخێکی خراپ و ناهەموار بردووە، کودەتای سەربازی کرد و ئەم کارانەی ئەنجامداوە:

ا- بە بیانووی گەندەڵی و نەبوونی لێهاتوویی سیاسەتمەدارەکانی کوشت و زیندانی کردن.

ب- ئەو دەستوورەی گەلی سۆماڵ پەسەندی کردبوو، هەڵیپەسارد و کاری پێنەکرد.

ج- بڕیارێکی دەرکرد کە چیدیکە نابێت حزبی سیاسیی لە سۆماڵدا بوونی هەبێت.

٦. بە هەمان شێوە لە عێراقیشدا، نوری مالیکی سەرۆك وەزیران و فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی عێراق لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١، بە بیانووی ئەوەی سیاسەتمەدارەکانی عەرەبی سوننە لە تیرۆر و گەندەڵییەوە تێوەگلاون، بە هێزی سەربازی کودەتای بەسەر ئەو عێراقە تازەیە کرد کە لە دوای ٢٠٠٣ بونیادنرابۆوە، ئەویش ئەم کارانەی ئەنجامدا:

ا- لە کۆتایی ٢٠١١ و راستەوخۆ پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا فەرمانی دەستگیرکردنی تاریق هاشمی جێگری سەرۆك کۆماری عێراقی دەرکرد، بەبێ ئەوەی سەرۆك کۆمار ئاگادار کرابێتەوە، بەهێزی سەربازی هەڵیکوتایە سەر ماڵەکەیی و خۆی هەڵهات و پاسەوانەکانی دەستگیر کرا و پاشانیش چەند پاسەوانێکی لەسێدارەدا.

ب- مالیکی لە هەرێمی کوردستان هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو، لەبەر ئەوەی کوردستان خاوەنی هێزی پێشمەرگەبوو، بۆیە نەیتوانی ئەوەی لە باشور و ناوەڕاست دەیکرد لە هەرێمی کوردستان بۆی بچێتە سەر، بەڵام لە باشور و ناوەڕاستی عێراق بەگشتی لە بەغدا بە تایبەتی بەتەواوەتی هەموو وەزارەتەکانی خستە ژێر چاودێری نووسینگەی تایبەتی خۆی و لەناو بەغدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاری پارتایەتی بەراددەیەك سنووردار کرد، وەك ئەوەی یاسای قەدەغەکردنی پارتە سیاسییەکانی دەرکردبێت، بە تایبەتیش بۆ ئەو حزبە سیاسییانەی عەرەبی سوننەن.

ج - بۆ سەرکەوتنی کودەتا سەربازییەکەی کەوتە دروستکردنی کێشە لە دوای کێشە، لەمەشدا هەرێمی کوردستانی کردە ئامانج، مالیکی نەیدەتوانی راستەوخۆ هیچ بەرامبەر کوردستان بکات، بۆیە پەنای بردە بەر کارتی بودجە و کارتی دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوت، ئەمەش وایکرد کە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بگاتە ئاستی لێواری هەڵدێر، دوای ئەمەش مالیکی بۆ ئەوەی بودجەی عێراق بۆ بەرژەوەندی دەسەڵاتە دیکتاتۆریەکەی خەرج بکات، بایکۆتی پەرلەمانی کرد.

٧. حکومڕانی دیکتاتۆریانەی محەمەد سیاد بەڕی، دەوڵەتی سۆماڵی کرد بە دەوڵەتێکی لاواز، لاوازییەکە کردیە دەوڵەتێکی فاشیل، فاشیلبوونەکە بەرەو دەوڵەتێکی هەڵوەشاوەی برد لە ناوخۆیدا.

٨. ئێستا عێراق بە هەمان شێوەی سۆماڵ لەسەردەستی نوری مالیکی، سەرەتا بووە دەوڵەتێکی لاواز، ئەم لاوازییە کردیە دەوڵەتێکی فاشیل، ئەم فاشیلبوونەشی وایلێکردووە، کە ئێستا عێراق لەناوخۆیدا لەبەریەك هەڵوەشاوە و دووچاری شەلەلێکی سەرتاسەری بۆتەوە.

### دەوڵەتی عێراق لە ئێستا
### لاواز .. فاشیل. لەبەریەکهەڵوەشاوە

چەمکی لاوازی یان فاشیلبوون یان تەنانەت لەبەریەکهەڵوەشاویش، بۆ حاڵەتی دەوڵەت شتێکی نوێ نییە، بەڵام ئەم حاڵەتە کە دووچاری ژمارەیەك دەوڵەت دەبێتەوە، لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگۆڕێت، هەر بۆ نموونە ئەگەر لەسەردەمانی شەڕی سارددا، لاوازی یان فاشیلبوون یان لەبەریەکهەڵوەشانی پێکهاتەکانی ناو یەك دەوڵەت، تەنیا کاریگەری لەسەر ئەو دەوڵەتە و هاووڵاتیانی ئەو دەوڵەتە هەبووبێت، ئەوا لەدوای رووخانی دیواری بەرلین و نەمانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان و راگەیاندنی سیستمی نوێی جیهانی، لاوازی یان فاشیلبوونی دەوڵەت چیدیکە کارێکی ناوخۆیی یەك دەوڵەت نییە و پەیوەندی بە کۆی سیستمی نوێی جیهانەوە دەبێت، دەبێتە هەڕەشە بۆسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان.

لێرەوە ئەم ئاراستەیە بۆ هەڵسەنگاندنی حاڵەتی لاوازی یان فاشیلی هەر دەوڵەتێك وا پێویست دەکات کە چەمکی لاوازی و فاشیلبوون لە کۆنتێکستە تەقلیدیەکەی دەربێنین و لە کۆنتێکستی ئەمڕۆی جیهانی هاوچەرخدا راڤەی بکەین، هەر بۆیە ئەگەر چەمکی لاوازی دەوڵەت لە کۆنتێکستی تەقلیدا بەو مانایە هاتبێت کە دەوڵەت توانای نەبێت جڵەوی کاروبارەکانی خۆی بە زەبری دەسەڵات بەڕێوە بەرێت، ئەوا ئەمڕۆ لاوازی دەوڵەت ئەوەیە کە نەتوانێت وەڵامی خواستەکانی خەڵك بداتەوە و نەتوانێت هاوسەنگی لەنێو پێکهاتەکانی خۆی رابگرێت، بۆیە لەم حاڵەتە کە پەنا بۆ هێز دەبات، ئەوا جیهان وەك دەوڵەتێکی لاواز و فاشیل سەیری دەکات، هەر بۆ نموونە ئەگەر حاڵەتی ئێستای کۆماری کۆریای باکور وەربگرین، بە چاوی خۆمان دەبینین هەڵبژاردنی کارتۆنی دەکرێت، سەرۆکەکەی ١٠٠٪ دەنگی پێدەدرێت، خاوەنی گەورەترین گەنجینەی چەکی ئەتۆمیە، هەر کەسێکیش رەخنە بگرێت یان بیەوێت سەفەر بکات لە سێدارە دەدرێت و هاووڵاتیانیشی خەریکە لە برسا دەمرن، ئەم دەوڵەتە سەربازییە بەهێزەی کۆریای باکور بە دەوڵەتێکی فاشیل هەژمار دەکرێت، لە کاتێکدا هێزیشی ئەوەندیە هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی هەموو جیهان دەکات.

سەبارەت بە چەمکی بەهێزی لە دەوڵەتی هاوچەرخدا پرۆفیسۆر رۆبەرت رۆتبێرگ توێژەری باڵا لە سەنتەری داهێنان لە حکومڕانی نێودەوڵەتیدا (Centre for international governance innovation) لە تازەترین کتێبیدا بە ناونیشانی (لە چ کاتێکدا دەوڵەتان فاشیل دەبن. When States Fail) بەمجۆرە پێناسەی هێزی دەوڵەتی کردووە:(لە بنەڕەتدا بوونی دەوڵەت بۆ ئەوەیە بەشێوازێکی لامەرکەزی خزمەتگوزاری سەرەکی

**یەکپارچەیی عێراق بەو حکومڕانیەی ئێستایەوە خۆی بۆتە هەڕەشە بۆ ئاشتی و ئاسایشی ئیقلیمی و جیهانی، بۆیە کاتێک هەنگاو هەڵدەگیرێت سنورێک بۆ ئەو هەڕەشەیە دابنرێت، جیهان پێشوازی لەو هەنگاوە دەکات و پێشوازی لەو دەوڵەتە تازەیە دەکات**

**بڕیاری ئێمە بۆ جیابوونەوە بڕیاری جیابوونەوەیە لە دیکتاتۆریەت، ئاژاوە و ناسەقامگیری، لەشەڕ پێفرۆشتنی رەگەز پەرستیانە، ئەگەر لە دیکتاتۆریش جیابینەوە، لەگەڵانی فارس و عەرەب و تورك جیانابینەوە**

**ئەمری واقیعی دەستێوەردانی سوپا بۆ لابردنی مورسی، دوورخستنەوەی سەرۆکێکی هەڵبژێردراو نەبوو، بەڵکو دوورخستنەوەی سەرۆکێک بوو کە دەیویست لاسایی بن لادن بکاتەوە**

**کاتێک لەساڵی ٢٠١٤ دەوڵەتێکی خاوەن نەوت بیەوێت هەژار و هەڵاوسان لەبازاڕی وزەی جیهانی دروست بکات، ئەوا دەبێت چاوەڕێی ئەوە بێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چۆن وەڵامی دەداتەوە**

**ئەگەر عێراقیەکان بیانەوێت ئەم قەیرانی لەبەر یەکهەڵوەشانە چارەسەر بکەن، دەبێت، پابەندبوون بە دەستوورەوە بە پێی تێگەیشتن و یەکلاکردنەوەی دادگای فیدرالی سەربەخۆ بێت، نەک ئەم دادگای فیدرالیەی ئێستا**

سیاسی و گشتی بۆ هاووڵاتیانی لە چوارچێوەی کۆمەڵێک پێــوەری دیاریکراو دابین بکات، ئەم شــێوازە مۆدێرنەی دەوڵەت کــە جێگەی مۆدیلــە کۆنەکــەی گرتۆتەوە، جەخت لەســەر ئەوە دەکاتەوە بەوەی پێویســتە دەوڵەتی هاوچەرخ کار لەسەر خواســتی هاووڵاتیان و چۆنیەتی وەڵامدانەوەی پێداویستیەکانی هاووڵاتیان بکات، هەروەها دەوڵەتی هاوچەرخ کەناڵێکە کە بەرژەوەندی گشتی گەل ڕێکدەخات و ئاراستەی دەکات، بەمەش ئامانج و هەست و ئینتیمای نیشتمانی زیاتر دەچەسپێنێت، دەوڵەتی بەهێز بە مانا مۆدێرنەکەی بەم خاڵانە لە دەوڵەتی لاواز و فاشیل جیادەکرێتەوە:

١. فەراهەمکردنی ئازادی و بەشــداری سیاسیی، ئەمە شتێکی مەعنەوییە، فەراهەمکردنی ئازادی و بەشداری سیاسیی راســتەقینە، دەبێتە هۆکاری ئەوەی هاووڵاتیان جارێك سەروەریی نیشتمانی پێ دروست بکەن، جارێکی دیکە لە بونیادی دەوڵەتەدا بەکاری بهێننەوە، واتە لەسەر بنەمای ئازادی و بەشــداری سیاســی دەوڵەت بونیاد بنرێتــەوە، بەمەش دەوڵەت هەم بەهێــز دەبێت و هەمیش خاوەنی سەروەریی دەبێت.

٢. بەشــداری و ئازادی سیاســی زەمینە خۆش دەکات بۆ وێناکردنی ئایینەدی دەوڵــەت لەلایەن هاووڵاتیانەوە، هەروەها بۆچوونی هاووڵاتیان بەرامبەر ئەو پابەندبوونانەی دەکەوێتە سەرشانیان، هەروەها هاووڵاتیان هۆشیار دەبن بەو ڕۆشنبیرییە سیاســییەی دەوڵەتی لەسەر بونیاد دەنرێت، ئەمانە هەمووی پێکەوە مانایەك دەبەخشن بە گەوهەری ئەو گرێبەســتە کۆمەڵایەتیانەی کــە حاکم و مەحکوم پێکەوە گرێدەداتەوە و لــە هەمانکاتدا دەبێتە گەوهەری ئەو سیســتمەی کە تیایدا هاووڵاتیان و دەسەڵات پێکەوە کارلێك دەکەن بۆ ئایینەدی وڵات.

٣. زنجیرەیەکــی هەرەمــی لــە نێــوان پێکهاتەکانی خزمەتگوزاری سیاســیی هەیە کە دەوڵەت پێشکەشــی دەکات، لەم زنجیرەیەدا هیچ خزمەتگوزارییەکی سیاسیی هێندەی دابینکردنی ئاسایش نییە، بە تایبەتیش تاکەکان لە بارودۆخی تایبەتیدا، هەر بۆیە ئەرکی سەرەکی دەوڵەت دابینکردنی ئاسایشە.

٤. کەواتە ناوەڕۆکی خزمەتگوزاری سیاسیی ئەو کۆد و ڕێوشوێنانەیە کە پێکەوە بنەمایەك دروست دەکات و لەسەر ئەم بنەمایە سەروەریی یاسا بەهێز دەبێت.

٥. بێجگــە لەم خاڵانەش بەپێی دواییــن بۆچوونەکانی ڕێکخراوەکانی (UNDP)، فریــدەم هاوس، ڕێکخراوی شــەفافیەتی نێودەوڵەتی، وۆرد ریپۆرت، دەوڵەتی بەهێز ئەو دەوڵەتەیە کە توانای ئەوەی هەبێت ئاســتی بەرزی ئاســایش دابین بکات، ڕێگری لە توندوتیژی سیاســی و تاوانــکاری بــکات، ئەمــەش زەمینە بــۆ ئازادییە سیاســیی و مەدەنیەکان دەڕەخســێنێت، دەوڵەتی بەهێز وادەکات ژینگەی دەوڵەت فاکتەرێك بێت بۆ گەشــەی ئابووری و بۆ بەهێزبوونی سەروەریی یاسا و سەربەخۆیی دەســەڵاتی دادوەری، هەموو ئەمانە دەبنە فاکتەرێك بۆ بونیادنانەوەی ژێرخانی وڵات، بــۆ دووبارە بونیادنەوەی تۆڕەکانی ڕێگاوبان، دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و وزەی کارەبا، ڕێکخســتنەوەی گەیاندن، چ گەیاندنی ئاسایی بێت یان ئەلکترۆنی، گەشــەپێدانی قوتابخانە و زانکۆ و قوتابی، دروستکردنی سیستمی چاودێری تەندروستی و ڕێکخســتنەوەی نەخۆشخانە و نۆرینگەکان بۆ ئەوەی بە ئاســتێکی بەرز خزمەتی نەخۆش بکەن، لەسەروو هەموو ئەمانەشــەوە دەوڵەتی بەهێز ئەو ژینگەیەیە کە ئاشتی و نیزام باڵی بەسەر هاووڵاتیاندا کێشا بێت)).

پرۆفیسۆر ڕۆبەرت ڕۆتبێرگ لە کتێبەکەیدا پێش ئەوەی باســی دەوڵەتی لاواز و فاشیل بکات، باسی ئاماژەکانی دەوڵەتــی بەهێــز دەکات، پاشــان لە شــرۆڤەکردنی بۆ نەبوونی ئەم ئاماژانــە لەدەوڵەتی لاوازدا، ئەو هۆکارانە راڤە دەکات کە دەوڵەتی لاواز تیایدا دەخلیســکێت بەرەو فاشــیل بوون لە فاشیلبوونیشــەوە هەنگاو هەڵدەگرێت بۆ لەبەریەکهەڵوەشــان، لەم لایەنەوە جەخت لەســەر ئەوە دەکاتەوە، تێگەیشتنی تەواو لەوەی بۆچی دەوڵەتی لاواز بەرەو فاشیلبوون دەچێت، ئەوا ئەمە دەبێتە یارمەتیدەرێکی باش بۆ دروستکەرانی سیاسەت، ڕێگە چارەیەك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی ڕێگە لە فەشــەلبوونی دەوڵەتەکە بگرن، ڕێگە گرتنیش لە فەشــەلبوونی دەوڵەت، پێویســت دەکات لە پرۆســەی بونیادنانــەوەی دەوڵەت هــاوکاری بکرێت و جارێکی دیکە پرۆســەکە بخرێتەوە سەر سکەی خۆی، ئەو نەخشــە ڕێگەیەی کە دەوڵەتی بەهێزی لەسەر بونیاد دەنرێتەوە.

ئەگەر لەســەر بنەمــای چەمکەکانــی کتێبی (لە چ کاتێکدا دەوڵەتان فاشیل دەبن؟)بارودۆخی ئێستای عێراق راڤە بکەین، ئایا چی دەبینین؟ بێگومان ئاوێنەی واقیعی ئێستای عێراق ئەمەمان پیشاندەدا:

١. ئێســتا دووچــاری بوومەلەرزەیەك لــە توندوتیژی ناوخۆیــی بۆتەوە، ڕۆژ لەدوای کێشــەکان زیاتر دەبن و هیچیان چارەسەر ناکرێن و کێشە بە کێشە دادەپۆشرێت.

٢. ئەم ژینگە نا ئارامەی ئێســتا لە عێراقدا دروســت بووە، مەترســی دەوڵەتی فاشیل لەســەردەمی تیرۆردا پیشــانی جیهان دەدات، لەبەر ئەوەی ژینگەی دەوڵەتی فاشیل باشــترین هۆکارە بۆ تیرۆریستان بۆ ئەوەی هەم گەشە بکەن و هەمیش ڕۆژانە بەدەیان کاری تیرۆرستی ئەنجامبدەن.

٣. هەڵوێستی عەرەبی ســوننە لەبەرامبەر تیرۆریستان، وێنای دەوڵەتی لەبەر یەکهەڵوەشــاو لەســەدەی بیست و یەك پیشــانی جیهان دەدات، ئەمەش بەو مانایە عەرەبی سوننە لە ساڵی ٢٠٠٧ یارمەتی حکومەتیاندا بۆ ئەوەی

سنورێك بۆ تیرۆریستان دابنێن، ئەمەش مانای ئەوەیە عەرەبی سوننە پشتگیری تیرۆریستان ناكات، بەڵكو هاوكاری حكومەت ناكات بۆ ئەوەی بەسەر تیرۆریستاندا زاڵ بێت، ئەمەش نیشانەی لەبەر یەكهەڵوەشانی دەوڵەتە لە ناوخۆی خۆیدا.

٤. حكومڕانی لە عێراقدا كەوتۆتە دەستی دەستەبژێرێك لە حزبێكی دیاریكراو، ئەم دەستەبژێرەش ملكەچن بۆ یەك شەخس ئەویش نوری مالیكی سەرۆك وەزیرانە.

٥. ئەم دەستەبژێرە لەگەڵ تەواوی پێكهاتەكانی عێراق دابڕاون، ئێستا نوری مالیكی و دارودەستەكەی ئەوانەی عێراقیەكان پێیان دەڵێن (مالیكیەكان)، لەناو پێكهاتەی مەزهەبی شیعەشدا بێزراون، نموونەش بۆ ئەمە شەڕی ڕاگەیاندنی نێوان تەیاری سەدر و مالیكی ئاشكرایە، هەربۆیە ئێستا مالیكی و دارو دەستەكەی وەك سوپایەكی شكاو سەریان لێتێكچووە و بۆ پێشەوە بەرەو ئاگرەكە ڕادەكەن، بۆیە هەرچیەك بەرژەوەندی عێراقیەكانی تێدا بێت ئەوان ڕەتیدەكەنەوەو، ئێستا تەنیا ئامانجیان ئەوەیە هەڵبژاردن لەكاتی خۆی نەكرێت و ڕێگەیەك بۆ مانەوەیان لەدەسەڵاتدا بدۆزنەوە.

٦. بۆ چەواشەكردنی ڕای گشتی شەقامی عەرەبی عێراق، مالیكی ئەمجارە كارتی ڕەگەز پەرستی دوژمنایەتی هەرێمی كوردستانی بەكار هێناوە، دەیەوێت لەڕێگەی سەپاندنی یاسای نەوت و گازی سەردەمی بەعس، بنەما دەستوورییەكان مامەڵەی دەوڵەتی فیدرالی لەگەڵ سامانی نەوت و گاز وەك موڵكی سەرجەم عێراق پێشێل بكات و، هەر بەم ڕێگەیەش شكۆ و كەرامەتی هەرێمی كوردستان بشكێنێت، ئەمە لە كاتێكدا دەرهێنانی نەوت و گازی هەرێمی كوردستان و هەناردەكردن و فرۆشتنی، ئەركێكی قورسی دارایی لەسەر شانی عەرەبی عێراق ئاسان دەكات، ئەمە بێجگە لەماوەی تەنیا ساڵێكی دیكە داهاتی نەوت و گازی كوردستان دەگاتە ئەو ئاستەی ڕێژەی لە ١٧٪ تێپەڕێنێت، لە ئێستاشدا یارمەتیدەرێكی باش دەبێت بۆ ئەوەی داهاتی تاكی عێراق زیاد بكات، بەڵام سەرنج بدەن لەبەر ئەوەی مالیكیەكان مەبەستیان بەرژەوەندی گشتی گەلانی عێراق نییە، تەنیا مەبەستیان گیرفانی خۆیانە، زۆر بەسەرسەختی ڕێگە لەم مافە دەستوورییەی هەرێمی كوردستان دەگرن كە خزمەتی هەموو عێراقیەكان دەكات، بۆیە كاتێك لە سایكۆلۆژیەتی سیاسیی مالیكی و مالیكیەكان وردەبینەوە، كێشەی پرسی نەوت و گاز لەگەڵ هەرێمی كوردستان، ئەوە نییە كە هەرێمی كوردستان سنوری دەسەڵاتەكانی خۆی بەزاندبێت، یان نەزانێت سنوری دەسەڵاتە دەستوورییەكانی چەندە، بەڵكو كرۆكی كێشەكە ئەوەیە كە پیادەكردنی دەسەڵاتە دەستوورییەكانی هەرێمی كوردستان، دەسەڵاتە دیكتاتۆرییەكانی مالیكی سنوردار دەكاتەوە.



## پرۆفیسۆر مایكل نایت بۆ گوڵان:

# ئەمریكا ئێستا لە هەوڵی ئەوەدایە هەرێمی كوردستان تەنیا بۆ ماوەی ٤-٦ مانگ ئەو ڕێككەوتنە لەگەڵ بەغدا قبوڵ بكات

**پرۆفیسۆر مایك نایت بەڕێوەبەری دیراساتی عێراق و هەرێمی كوردستانە لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك، پێگەی پرۆفیسۆر نایت لەو ئاستەیە كە دوای ئەوەی توێژینەوەكانی تەواو دەكات بەشێوەیەكی مەیدانی ڕاوێژ دەداتە حكومەتی ئەمریكا، سەبارەت بەو كێشەیەی ئێستا لەنێوان هەولێر و بەغدا لەسەر پرسی هەناردەكردنی نەوت دروست بووە، پرۆفیسۆر نایت لەگەڵ ئەوەی لە ئامۆژگای ناوبراو نەبوو سەفەری كردبوو، بەڵام لە لێدوانێكی كورتدا بەمجۆرە ڕای خۆی لەسەر ئەو پرسە بۆ گوڵان دەربڕی:**

پرسیارەكە سەرەكیەكە ئەوەیە ئایا پێش هەڵبژاردنەكان یان دوای هەڵبژاردنەكان حكومەتی فیدراڵی و هەرێمی كوردستان KRG دەگەنە ڕێككەوتنێك لەبارەی هەناردەكردنی نەوتەوە. پێدەچێت ئەو ڕێككەوتنە دوای هەڵبژاردنەكەی ٣٠ نیسان بێتەئاراوە، ئەویش وەك بەشێك لە پرۆسەی پێكهێنانی حكومەت. بەڵام من پێموایە ئەمە بۆ كورد باش نابێت. حاڵی حازر ئەو ڕێككەوتنەی بەغداد پێشكەشی كردووە بێ كەم و كوڕی نییە، بەڵام ڕێككەوتنێكی باشە كە تا ئێستا بەغدا پێشكەشی كردبێت. ڕوونە كە حكومەتی مەركەزی هەمیشە بەڵێنەكانی ناباتەسەر، بەڵام ئەنجامدانی ڕێككەوتن لە ئێستادا مانگانە سەرجەم شایستە داراییەكان بۆ هەرێمی كوردستان دەگەڕێنێتەوە، كە زۆر گرنگن بۆ دابینكردنی مووچە. دەكرێت دوای هەڵبژاردنەكان گفتوگۆ لەبارەی ڕێككەوتنێكی نوێ بكرێت. من هیچ هۆكارێك نابینم بۆ ئەوەی كوردەكان ڕێككەوتنێكی كورت-مەودا ڕەت بكەنەوە. دوای هەڵبژاردنەكان، و تەنانەت دەكرێت لە ساتەوەختێكی دیاریكراودا لە ساڵی ٢٠١٥، هەرێمی كوردستان دووبارە دەست بە گفتوگۆ بكاتەوە. هۆكاری سەرەكی كە واتان لێدەكات ڕێككەوتنی كورت مەودا ئەوەیە هەرێمی كوردستان ساڵێك یان دووانی دیكە دەتوانێت دەست بداتە گرەوی سەربەخۆیی ئابووری، بۆ ئەمساڵ هێشتا هەرێمی كوردستان KRG پێویستی بە پارەی بەغدا هەیە، چونكە لە ئێستادا بڕی ئەو نەوتەی دەیفرۆشن هێندەی ئەو بڕە پارەیە نابێت كە لەبەغداوە دێت بۆ كوردستان، بۆیە لەم ساتەوەختەدا هەتا دەگەنە ئەو ئاستە دەبێت كەمێك چاوەڕێ بكەن، بۆ ئەم پرسەش حكومەتی ئەمریكا لە پشت پەردەوە هەوڵی زۆر سەخت دەدات. لە هەر هەفتەیەكدا چەند جارێك دیپلۆماتكارە باڵاكانی ئەمریكا لە بەغداوە بەرەو هەولێر دەڕۆن و لەو نێوەندەدا دێن و دەچن. ئەوان سەركەوتوانە توانیان وا لە بەغدا بكەن نەرمی بنوێنێت لە ڕێككەوتنەكەدا: ئێستا كار لەسەر ئەوە دەكەن كورد بۆ ماوەی ٤ بۆ ٦ مانگ ڕێككەوتنەكە قبوڵ بكات. ئەمریكا ڕۆڵێكی بنیاتنەر دەبینێت و بە تەواوەتی بێلایەن بووە.

٧. ئێستا حکومەتی مالیکی بەپێی دەستووری عێراق و بنەمای ئەو ڕێککەوتنە سیاسییانەی کە هەموو پێکهاتە سیاسییەکان لەسەری ڕێککەوتوون و ئیمزایان لەسەر کردووە، هیچ شەرعیەتێکی نەماوە، لەمەش زیاتر لە دڵ و چاوی زۆربەی زۆری عێراقیەکان و زۆربەی پێکهاتەی شیعەش، سروشتی حکومڕانی مالیکی شەرعیەتی نەماوە.

٨. ئەم بارودۆخەی عێراق کە هۆکارەکەی پێشێلکردنی دەستوور و حکومڕانی خراپی مالیکیە، عێراقی کرد بە دەوڵەتێکی لاواز و لە لاوازیشەوە بووە دەوڵەتێکی فاشیل، بەهۆی ئەوەشی کە هیچ سنورێك بۆ هەڵەکانی مالیکی دانەنرا وەك هەموو تۆژەران و تایبەتمەندان و چاودێرانی عێراق ئاماژەی پێدەکەن، لە فاشیلبوونەوە ئێستا عێراق بەرەو لێکهەڵوەشانەوە دەچێت.

## عێراق
## وەك دەوڵەتێکی لەبەریەکهەڵوەشاو

مەبەست لە زاراوەی لەبەریەکهەڵوەشاو (collapse)ـە، نەك جیابوونەوە بە مانای (separate)، لەبەر ئەوەی ئیدارەی ئێستای هەرێمی کوردستان پێش ساڵی ٢٠٠٣ بەشێك نەبووە لە عێراقی دیکتاتۆری، بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش دوای دەرکەوتنی ڕەفتارە تاکڕەوی و دیکتاتۆرییەکانی نوری مالیکی، دووساڵ بەر لە ئێستا بە هەموو جیهانی ڕاگەیاند ئێمە لەگەڵ دیکتاتۆر پێکەوە ناژین و دەبێت گەلی کوردستان بڕیارێکی دیکە بدات، بۆیە لەم پرسەدا مەسەلەکە هێندەی پێوەندی بەوەوە هەیە چۆن باری ئێستای عێراق بۆتە دەوڵەتێکی لەبەریەکهەڵوەشاو (unrivaled) ئەمەش بەو مانایەی هیچ شتێك بەسەر خۆیەوە نەماوە و هاوسەنگی بوونی نەماوە، بارودۆخێکی هێندە دەگمەنە لە هیچ شێك ناچێت و چاوەڕێی هەموو ئەگەرێکی خراپی لێدەکرێت، ئەوجا وەك پرۆفیسۆر ڕۆبەت ڕۆتبێرگیش ئەم حاڵەتەی لەبەر یەکهەڵوەشانی دەوڵەتی لەسیستمی نوێی جیهان شرۆڤە کردووە، ئەم حاڵەتە نەك بۆ خودی دەوڵەتەکە و دراوسێکانی جێگەی مەترسییە، بەڵکو بۆ کۆی گشتی ئاشتی و ئاسایشی جیهان مەترسی دەبێت، لەم حاڵەتە جیا لەوەی تا ئێستا هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق و ڕاستەوخۆ ئەم لەبەریەکهەڵوەشانە کاریگەری لەسەر دەبێت، ئەوا ئەگەر کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆش بوایە، دەبوو ئەم حاڵەتی دەوڵەتی لەبەر یەکهەڵوەشاوەی عێراق بایەخ پێبدات و مامەڵەیەکی دروستی لەگەڵ بکات.

کەواتە تێگەیشتن لە حاڵەتی دەوڵەتی لەبەر یەکهەڵوەشاوە بەمانای (collapse یان unrivaled)، واتە تێگەیشتن لەوەی:

١. ئێستا لە عێراقدا لەنێوان لایەنە سیاسییەکان هیچ کێبڕکێیەکی دیموکراتیانە نییە، تەنانەت ئەگەر هەڵبژاردنیش بکرێت، هەڵبژاردنێکی دیموکراتیانە نابێت.

٢. ئێستا لە عێراقدا دەسەڵاتی دادوەری بەشێکە لە حکومەت، هەروەها حکومەت بایکۆتی پەرلەمانی کردووە.

٣. ئیستا لە عێراقدا سوپا بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە سیاسییەکان بەکار دەهێنرێت.

٤. بودجەی عێراق بە سیاسیی کراوە و وەك چەکێك دژی هاووڵاتیانی عێراق و هەرێمی کوردستان بەکار دەهێنرێت.

٥. ئێستا عێراق بۆتە شوێنێك بۆ تیرۆریستان، حکومەتی عێراق لەبری ئەوەی سیاسەتی دژە تیرۆر بەو ئاستە دابڕێژێت هاووڵاتیان هاوکاری بکەن، بەو جۆرە دایڕشتووە ئەوەی ڕکابەری مالیکی بێت وەك تیرۆریست مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

ئەمانەو چەندین خاڵی دیکە کە لەژمارەی ڕابردووی گوڵان بڵاومان کردۆتەوە، بوونە هۆکاری ئەوەی ئەم شێوازەی حکومڕانی مالیکی قبوڵ نەکرێت، ئەمەش نەك لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق، بەڵکو دەبێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش قبوڵ نەکرێت. لەم حاڵەتەدا بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێش هەموان لەوە تێگەیشتووە بەوەی پێویستە مامەڵەیەکی لۆژیکانە لەگەڵ ئەم حاڵەتی لەبەر یەکهەڵوەشانەی عێراق بکرێت، ئەگەر ڕێگەی لێ نەگیرێت، ئەوا حاڵەتی دەوڵەتی لەبەریەکهەڵوەشاو، حاڵەتی دابەشکردنی دەوڵەت بە تەنیا نابێت، بەڵکو چاوەڕێی ئاژاوەیەکی گەورەی لێدەکرێت و پاشانیش چاوەڕێی کارەساتی مرۆیی لێدەکرێت، کە پاشان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناتوانێت بە ئاسانی دەرهاویشتەکانی ئیحتیوا بکات، بۆیە گرنگە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە حاڵەتی دەوڵەتی لەبەریەکهەڵوەشاو بەمانای (collapse، unrivaled) بە باشی تێبگەن و ڕێگە نەدەن دەستەبژێرێکی تۆتالیتار و خۆسەپێن ئەم چەمکە بە لایەکی دیکەدا ببەن لە چوارچێوەی دابەشکردنی عێراق بچووکی بکەنەوە، لەبەر ئەوەی دابەشکردن بە ڕێککەوتن دەکرێت، هەروەك چۆن دابەشکردنی دەسەڵات و داهاتیش بە ڕێککەوتن دەکرێت، بەڵام لەبەریەکهەڵوەشان بەرەو توندوتیژی و پارچە پارچەبوون دەچێت، کە زەحمەتە بە ئاسانی پارچەکانی کۆبکرێتەوە.

لەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا ئەگەر کاتی ئەوە هات حکومەتی عێراق گوێ لەزمانی ئەقڵ و لۆژیك بگرێت، ئەوا هەرێمی کوردستان چۆن لە ڕابردوو لەپێش ڕووخانی ڕژێم و دواتریش لە دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق لەدوای ٢٠٠٣، توانی ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت، ئەوا ئێستاش دەتوانێت جارێکی دیکە عێراق ڕزگار بکاتەوە، ئەم ڕۆڵەی کورد پێویستی بە میکانزمێك هەیە:

١. گرنگە پێکهاتە عێراقیەکان و هاوپەیمانەکانی عێراق

**گرنگە پێکهاتە عێراقیەکان و هاوپەیمانەکانی عێراق بە تایبەتی ئەمریکا دان بەوەدا بنێن، ئێستا عێراق لە حاڵەتی دەوڵەتی لەبەر یەکهەڵوەشاودایە**

**ئەگەر بەغدا بزانێت مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتی ئەمری واقیعی کوردستان بکات، ئەوا ئەم دەوڵەتە دەبێتە بڕبڕەی پشتی هەستانەوەی عێراق وەك دەوڵەتێکی بەهێزی دیموکراتی و فیدراڵی، بەڵام کە نەزانێت مامەڵەی لەگەڵدا بکات، ئەوا جیهان دەوڵەتی ئەمری واقیعی بەهێز و دیموکراتی ناگۆڕێتەوە بە دەوڵەتێکی لاواز و فاشیل و لەبەریەکهەڵوەشاو**

**ئێستا مالیکی بەوجۆرە هێزی دەوڵەتی عێراق سەیر دەکات، کە حکومەتی عێراق بێجگە لە گرین زۆن کە ٤ میل چوار گۆشەیە لە هیچ شوێنێکی دیکەی عێراق بەتەواوەتی دەسەڵاتی نییە، ئەو چوار میلە چوارگۆشەیەش بەتەواوەتی سەقامگیر و ئارام نییە**

به تایبه‌تی ئه‌مریکا دان به‌وه‌دا بنێن، ئێستا عێراق له حاڵه‌تی ده‌وڵه‌تی له‌به‌ر یه‌کهه‌ڵوه‌شاودایه (Iraq is unrivaled)، سه‌باره‌ت به‌م حاڵه‌ته ته‌له‌فزیۆنی CNN له‌مانگی حوزه‌یرانی ٢٠١٣ ئه‌م پرسیاره‌ی ئاراسته‌ی ئیداره‌ی ئه‌مریکا و حکومه‌تی ناوچه‌ی سه‌وز له به‌غدا کرد، وه‌ڵامی هه‌ردوو حکومه‌ته‌که ئه‌وه‌بوو، هێشتا نه‌گه‌یشتۆته حاڵه‌تی له‌به‌ریه‌کهه‌ڵوه‌شاو، ئه‌گه‌ر ئه‌و کات حکومه‌تی ئه‌مریکا دانی به‌وه‌دا بنایه، ئه‌وا ئێستا عێراق نه‌ده‌گه‌یشته ئه‌و ئاسته‌ی ئه‌مڕۆ، بۆیه گرنگه هه‌موو پێکهاته سیاسییه‌کانی عێراق پێش هه‌ر لایه‌کی دیکه بگه‌نه قه‌ناعه‌ت که ئه‌م حاڵه‌ته بوونی هه‌یه، پاشان گوشار بخرێته سه‌ر حکومه‌تی عێراق و داوا له ئه‌مریکا بکرێت نفوزی خۆی بێنێته‌وه ناو پرۆسه‌ی سیاسیی، بۆ ئه‌وه‌ی جارێکی دیکه پرۆسه‌ی سیاسی بونیادنانه‌وه‌ی ده‌وڵه‌تی عێراقی نوێ راستبکرێته‌وه.

٢. ده‌بێت ته‌واوی پێکهاته سیاسییه‌کانی عێراق به‌گشتی و هاوپه‌یمانی نیشتمانی شیعه به‌بێ پێچ و په‌نا دان به‌وه‌دا بنێن کۆمه‌ڵێك ده‌زگای گرنگ له‌سه‌روو هه‌موویانه‌وه دادگای فیدرالی به سیاسیی کراوه، ده‌بێت ئه‌م دادگایه ده‌سه‌ڵاتێکی سه‌ربه‌خۆ بێت و به‌شێك نه‌بێت له ده‌سه‌ڵاتی جێبه‌جێکردن، که ئێستا به کرداره‌کی به‌شێکه له ده‌سه‌ڵاتی جێبه‌جێ کردن.

٣. ئه‌گه‌ر سه‌رنج بده‌ین گێڕانه‌وه‌ی سه‌ربه‌خۆیی بۆ دادگای فیدرالی له پابه‌ندبوونی به قسه به ده‌ستووره‌وه گرنگتره، ئه‌مه‌ش له‌به‌ر ئه‌وه‌یه ئه‌گه‌ر سه‌ربه‌خۆیی بۆ ده‌سه‌ڵاتی دادگای فیدرالی گه‌ڕایه‌وه، ئیتر هیچ لایه‌نێك ناتوانێت به شێوه‌یه‌کی مه‌زاجی ته‌فسیری مادده ده‌ستوورییه‌کان بکات، بۆیه ئه‌گه‌ر عێراقیه‌کان بیانه‌وێت ئه‌م قه‌یرانی له‌به‌ر یه‌کهه‌ڵوه‌شانه چاره‌سه‌ر بکه‌ن، ده‌بێت، پابه‌ندبوون به ده‌ستووره‌وه به‌پێی تێگه‌یشتن و یه‌کلاکردنه‌وه‌ی دادگای فیدرالی سه‌ربه‌خۆ بێت، نه‌ك ئه‌م دادگای فیدرالیه‌ی ئێستا، ده‌بێت په‌یمانی شه‌ره‌ف ببه‌ستن که هه‌موو لایه‌ك به ته‌فسیری دادگای فیدرالی سه‌ربه‌خۆ بۆ مادده ده‌ستوورییه‌کان پابه‌ند ده‌بن.

٤. ئه‌گه‌ر له‌و ماوه‌یه‌دا که به‌ره‌و هه‌ڵبژاردنه‌کانی عێراق هه‌نگاو هه‌ڵده‌گرین و به‌و سیفه‌ته‌ی حکومه‌ت ده‌بێته حکومه‌تی کاربه‌ڕێکه‌ر، نه‌توانرێت هه‌یکه‌لی حکومه‌تی بنکه فراوانی نیشتمانی رێکبخرێته‌وه، ئه‌وا گرنگه لایه‌نه سیاسییه عێراقیه‌کان به ئاگاداری ئه‌مریکا، له ناوخۆیاندا له‌سه‌ر کۆمه‌ڵێك پرانسیپ رێکبکه‌ون که جارێکی دیکه نه‌توانرێت به بیانووی جۆراوجۆر و پیاده‌کردنی تاکتیکی مه‌به‌ستدار ده‌سه‌ڵاته‌کان قۆرخ بکرێت، له‌م کاته‌دا که به‌ره‌و هه‌ڵبژاردن ده‌چین دیاریکردنی ئه‌و پرانسیپانه‌ی ده‌بنه ڤیتۆ دژ به قۆرخکردنی ده‌سه‌ڵات، زه‌مینه‌ی هاوپه‌یمانی و پێکهێنانی حکومه‌ت دوای هه‌ڵبژاردنه‌کان ئاسانتر ده‌کات.



## حاکم ئه‌لزاملی بۆ گوڵان:

# ئه‌گه‌ر به هه‌ڵبژاردن گۆڕانکاریی سیاسیی روونه‌دات ئه‌وا خه‌ڵکی عێراق خۆیان دروستی ده‌که‌ن

**هه‌موو عێراقییه‌کان چاوه‌ڕێی ئه‌وه‌ن له هه‌ڵبژاردنی داهاتوو گۆڕانکاریی سیاسیی بێته ئاراوه و سندوقه‌کانی ده‌نگدان کۆتایی به حکومڕانیی خراپی نوری مالیکی سه‌رۆك وه‌زیرانی ئێستای عێراق بهێنێت، به‌ڵام ئایا له‌م ژینگه ئاڵۆز و پڕ ئاژاوه و ناسه‌قامگیریه‌دا، ئه‌م گۆڕانکارییه دێته ئاراوه؟ په‌رله‌مانتار حاکم زاملی له کوتله‌ی ئه‌حرار سه‌باره‌ت به‌ره‌وشی ئێستای عێراق له لێدوانێکی تایبه‌تدا بۆ گوڵان به‌م جۆره رای خۆی خسته روو:**

حکومه‌تی ئێستای مالیکی هه‌ر له رۆژی پێکهێنانییه‌وه تا ئێستا ده‌ستی به یاخی بوون کردووه دژی په‌رله‌مان و هه‌موو شێوه‌یه‌ك هه‌وڵی لاواز کردن و که‌م کردنه‌وه‌ی شکۆی په‌رله‌مانی داوه به ، هه‌روه‌ها رێگای نه‌داوه په‌رله‌مان رۆڵی راسته‌قینه‌ی خۆی ببینێت وه‌ك تاکه ده‌زگای ته‌شریعی له وڵات، ئه‌مه‌ش به هه‌وڵی چه‌ند کوتله‌یه‌کی گه‌نده‌ڵ و یارمه‌تیده‌ری گه‌نده‌ڵی درووستبوو. هه‌ر بۆیه به‌ڕێز موقته‌دا سه‌در هه‌ستی به‌وه کرد که هیچ گۆڕانکارییه‌ك له سیاسه‌تی حکومه‌ت وواقعی خراپی خزمه‌تگوزاری و سیاسی و ئابووری نایه‌ته ئاراوه و له جیاتی ئه‌مه دیکتاتۆریه‌ت و تاکڕه‌وی به‌رهه‌م ده‌هێنرێت، بۆیه کشایه‌وه‌و بڕیاری دا چیتر پشتگیری له پرۆسه‌ی سیاسی نه‌کات له‌م قۆناغه‌ی ئێستادا .ئێستاش به ملیۆنان که‌س له هه‌موو عێراق دژی ئه‌و بارودۆخه‌ی ئێستای وڵات و تاکڕه‌وی و دیکتاتۆریه‌ت وه‌ستاون و داوای مافه ره‌واکانی خۆیان ده‌که‌ن، هیوادارم له ئه‌نجامی هه‌ست کردنی هاووڵاتیان به بێکاری و نه‌بوونی خزمه‌تگوزاری به پشتگوێ خستن و په‌راوێزخستنیان هاووڵاتیان درك به‌مه بکه‌ن و هه‌وڵ بده‌ن که‌سانی لێهاتوو و شیاو هه‌ڵبژێرن بۆ به‌ڕێوه‌بردنی وڵات له قۆناغی داهاتوودا، ئێمه حه‌ز ده‌که‌ین گۆڕانکاری له عیراق له‌لایه‌ن هاووڵاتیان خۆیانه‌وه بێته ئاراوه به رێگای سندوقه‌کانی هه‌ڵبژاردنه‌وه و دڵنیام ئه‌و گۆڕانکارییه هه‌ر رووده‌دات، ئه‌گه‌ر هه‌ڵبژاردنه‌کان به راستی و درووستی به‌ڕێوه بچێت دوور له ده‌ستێوه‌ردان و نه‌بوونی کۆت و به‌ند و ساخته‌کاری که له ئێستاوه به کڕینی کارتی ده‌نگدان ده‌ستیان پێکردووه و کاریگه‌رییه‌کی راسته‌قینه‌ی هه‌یه به‌سه‌ر رێڕه‌وی هه‌ڵبژاردنه‌کان و ده‌نگدانی هاووڵاتیان ئه‌گه‌ر ئه‌مانه روونه‌دات، بێگومان گۆڕانکارییه‌که له‌لایه‌ن خودی هاووڵاتیانه دێته ئاراوه.

**دەستەبژێرەکەی گرین زۆن پێیانوایە بە ئەقڵیەتی سەردەمانی شەڕی سارد گەمارۆی ئابووری دەخەنە سەر هەرێمی کوردستان بەو حسابەی گەمارۆیەکی سیاسیی نێودەوڵەتی لەسەرە و سازش دەکات، ئەوا ئەو جۆرە دەستەبژێرە دابڕاوانە لە گۆڕانکارییەکانی جیهان لەبری ئەوەی سازشی کوردستان ببینن، ئەوا نابوتی ئەقڵی خۆیان دەبینن کە چۆن بە گرەو کردن لەسەر سیاسەتی سەردەمی شەڕی سارد چ کارەساتێکی بەسەر هێناون**

**کاتێک لە سایکۆلۆژیەتی سیاسیی مالیکی و مالیکیەکان وردەبینەوە، کێشەی پرسی نەوت و گاز لەگەڵ هەرێمی کوردستان، ئەوە نییە کە هەرێمی کوردستان سنوری دەسەلاتەکانی خۆی بەزاندبێت، بەڵکو کرۆکی کێشەکە ئەوەیە کە پیادەکردنی دەسەلاتە دستوورییەکانی هەرێمی کوردستان، دەسەلاتە دیکتاتۆرییەکانی مالیکی سنوردار دەکاتەوە**

٥. بۆ ئەو کێشانەی کە کێشەی ئێستان و ناکرێت دوابخرێت بۆ دوای هەڵبژاردن، گرنگە کێشەکان پۆلێن بکرێن، ئەوانەی پەیوەستن بە ژیانی رۆژانەی خەڵك دەست بەجێ بە شێوەیەکی کاتی چارەسەر بکرێن، بۆ نموونە وەڵامدانەوەی خواستی خۆپیشاندەرانی سوننە بۆ ئەو داواکاریانەی پێوەندی بە ژیانی رۆژانەیان هەیە، ئەمە گرنگە لە کۆمەڵێك داواکاری جیابکرێتەوە، کەدەکرێت دوای هەڵبژاردن بۆ پێکهێنانی حکومەتی تازە یەکلایی بکرێنەوە، هەروەها لەسەر پرسی نەوت لەگەڵ هەرێمی کوردستان و گرێدانەوەی بە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم، هەقە ئەم دووپرسە لەیەکدی جیابکرێتەوە، مەسەلەی نەوت و گاز مەسەلەیەکی دوور مەودایە دەکرێت لە حکومەتی داهاتوو یەکلایی بکرێتەوە و لە چوارچێوەی یاسای نەوت و گازی فیدرالی کە هێشتا ئەو یاسایەمان نییە، بەڵام مەسەلەی مووچەی فەرمانبەران مەسەلەی بژێوی رۆژانەی خەڵکە ناکرێت بە سیاسیی بکرێت یان وەك کارتی گوشار دەستی بۆ ببرێت.

ئەم هەنگاوانە ئەگەر هەڵبگیرێن، حاڵەتی لەبەر یەکهەڵوەشان رادەوەستێت و دەگەڕێینەوە بۆ دەوڵەتی لاواز یان دەوڵەتی فاشیل، بۆیە بۆ دەربازبوونیش لەدەوڵەتی لاواز و فاشیلیش دەبێت بزانرێت کە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای پرۆسەی بونیادنانەوە، چونکە لەماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا، چەمکی بەهێزی و لاوازی دەوڵەت تێکەڵاو کراوە، ئێستا مالیکی بەوجۆرە هێزی دەوڵەتی عێراق سەیر دەکات، کە حکومەتی عێراق بێجگە لە گرین زۆن کە ٤ میل چوار گۆشەیە لە هیچ شوێنێکی دیکەی عێراق بەتەواوەتی دەسەڵاتی نییە، ئەو چوار میلە چوارگۆشەیەش بەتەواوەتی سەقامگیر و ئارام نییە، لە کاتێکدا حکومەتی بەهێز مانای ئەوەیە هەموو عێراق ئاشتی و سەقامگیری باڵی بەسەردا بگرێت، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر ئامادەباشی وەك پێویست نەبوو بۆ راگرتنی حاڵەتی لەبەریەکهەڵوەشانی دەوڵەتی عێراق، ئایا کورد چۆن لەم حاڵەتە مامەڵە دەکات و جیهان چۆن لەگەڵ بڕیاری گەلی کوردستان مامەڵە دەکات؟

بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارەش پێویستی بەدووبارە پێناسەکردنەوەی بڕیاری گەلی کوردستان و هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئێستا هەیە، نەك هەڵوێستی نێودەوڵەتی ناڵێم لە سەردەمی شەڕی سارد، بەڵکو هەڵوێستی ئێستای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، هەڵوێستی ساڵی ٢٠١١ نییە، بۆیە ئێمە لەگەڵ هەڵوێستی نێودەوڵەتی دوای ٢٠١١ مامەڵە دەکەین نەك هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەردەمی شەڕی سارد یان پێش ٢٠١١، ئەو وەرچەرخانەی لەماوەی ئەم یەکدوو ساڵە بەسەر هەڵوێستی نێودەوڵەتی هاتووە، وەرچەرخانێکە نەك هەڕەشە لە نەتەوەیەکگرتووەکانی سەردەمی شەڕی سارد دەکات، بەڵکو ئەو سیستەمە نوێیەی جیهان کە ١٩٩١ جۆرج بۆشی باوك رایگەیاند بەو سیفەتەی بەتەنیا ئەمریکا سەرۆکایەتی ئەو سیستەمە نوێیە بکات، ئەوا ئەو سیستەمە نوێیە کۆتایی هات و سیستەمی نوێی راستەقینە بە خۆرسکی دروست بووە، کە دەبێت هەموو جیهان پێکەوە هاوکاربن بۆ ئەوەی جیهان لەسەدەی بیست و یەك بەڕێوەبەرن، نەك تەنیا دەوڵەتێك بە تەنیا سۆپەر پاوەر بێت و ئەوانی دیکە ملکەچی بن، بۆیە لەم سیستەمە تازەیەدا هەموو شتێك قابیلی گۆڕانکارییەو لەگەڵ هەر گۆڕانکاریەکیشدا خۆ گونجاندن و قبوڵکردن هەیە، بۆیە لەم بارودۆخەی عێراق تێیکەوتووە و دەستەبژێرەکەی گرین زۆن پێیانوایە بە ئەقڵیەتی سەردەمانی شەڕی سارد گەمارۆی ئابووری دەخەنە سەر هەرێمی کوردستان بەو حسابەی گەمارۆیەکی سیاسیی نێودەوڵەتی لەسەرە و سازش دەکات، ئەوا ئەو جۆرە دەستەبژێرە دابڕاوانە لە گۆڕانکارییەکانی جیهان لەبری ئەوەی سازشی کوردستان ببینن، ئەوا نابوتی ئەقڵی خۆیان دەبینن کە چۆن بە گرەو کردن لەسەر سیاسەتی سەردەمی شەڕی سارد چ کارەساتێکی بەسەر هێناون، بۆیە لێرەوە کاتێك دەگەڕێینەوە بۆ ئەو هەڵوێستەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە لە ڕێوڕەسمی هێنانەوەی ٩٣ ئەنفالکراوی بارزانیدا بینیمان و ئاماژەی بەوەکرد (دەزانم چی دەڵێم، مەبەستیشمە چی دەڵێم، بڕیارێك دەدەین ئەوانە ئەسڵەن تەوەقوعیان نەکردبێت)، لەم چەند وشەیەی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا تەواوی گۆڕانکارییە تازەکانی سیاسەتی نێو دەوڵەتی دەخوێنرێتەوە، بۆ نموونە:

١. سیاسەتی ئێستای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مامەڵە لەگەڵ دیفاکتۆ دەکات، واتە مامەڵە لەگەڵ ئەمری واقیع دەکات.

٢. هەرێمی کوردستان وەك ئەمری واقیع دەوڵەتە، ئەم دەوڵەتە هۆکارێکە بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی ئیقلیمی و جیهانی و هۆکارێکە بۆ ئاشتی لەناوچەکە و ئەگەر بەغدا بزانێت مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتی ئەمری واقیعی کوردستان بکات، ئەوا ئەم دەوڵەتە دەبێتە بڕبڕەی پشتی هەستانەوەی عێراق وەك دەوڵەتێکی بەهێزی دیموکراتی و فیدرالی، بەڵام کە نەزانێت مامەڵەی لەگەڵدا بکات، ئەوا جیهان دەوڵەتی ئەمری واقیعی بەهێز و دیموکراتی ناگۆڕێتەوە بە دەوڵەتێکی لاواز و فاشیل و لەبەریەکهەڵوەشاو.

٣. سیاسەتی ئێستای وزەی نێودەوڵەتی، سیاسەتی وزەی نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٧٣ نییە کە سەدام حوسێن نەوتی وەك چەك بەکار هێنا (Oil as a Weapon)، بۆیە کاتێك لەساڵی ٢٠١٤ دەوڵەتێکی خاوەن نەوت بیەوێت هەژان و هەڵاوسان لەبازاڕی وزەی جیهانی دروست بکات، ئەوا دەبێت چاوەڕێی ئەوە بێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چۆن وەڵامی دەداتەوە.

٤. گۆڕانکاریەکی دیکە کە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی روویدا، بە دروستی دوای لەسەر کار لابردنی موحەمەد مورسی لە میسر، پێدەچێت هێشتا هەندێك سەرۆك حکومەت یان سیاسەتمەدار خوازیاری ئەوە نەبن لێی تێبگەن، ئەویش ئەوەبوو جیهان نەیتوانی لابردنی مورسی لەلایەن سوپاوە بە کودەتا ناوبەرێت، خۆ ئاساییە هۆکارەکەی بزانرێت، لەبەر ئەوەی ئەمری واقیعی دەستێوەردانی سوپا بۆ لابردنی مورسی، دوورخستنەوەی سەرۆکێکی هەڵبژێردراو نەبوو، بەڵکو دوورخستنەوەی سەرۆکێك بوو کە دەیویست لاسایی بن لادن بکاتەوە، سەرنج بدەن ئەمری واقیعی، کودەتا چونکە بۆ دوورخستنەوەی تیرۆر بوو، لە سەرۆکی هەڵبژێردراو پەسەند تر بوو لە سیاسەتی ئەمڕۆی جیهاندا.

٥. لایەنێکی دیکە کە کورد بڕیار دژی دیکتاتۆریەت دەدات ئەوەیە، ئێمە وەك کورد چەند حەزمان لە سەربەخۆیی بێت و خەونی پێوە ببینین، هەر هێندەیە کە هەرێمە فەرەنسیەکەی کوبیك لە کەنەدا خەونی پێوە دەبینن، بەڵام چونکە حکومەتی کەنەدا توانیوویەتی هاوسەنگی لەنێوان ئەو هەرێمە فەرەنسی زمانە و بەشە ئینگلیزیەکەی کەنەدا رابگرێت، راپرسیش ئەنجامدەدن، بەڵام دەنگ بۆ مانەوە لەناو کەنەدا دەدەن، ئەمە لە کاتێکدا دیگۆل وەك باوکی هەموو فەرەنسی زمانەکان لە جیهان لەناو کوبیك پەیامی ئازادی خوێندەوە و هانیدان جیاببنەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی هەرێمی کوبیك ئەوە بوو لەناو کەنەدا بمێنێتەوە، لە کەنەدا جیانەبوونەوە، بۆیە بڕیاری ئێمە بۆ جیابوونەوە بڕیاری جیابوونەوەیە لە دیکتاتۆریەت، ئاژاوەو ناسەقامگیری، لەشەڕ پێفرۆشتنی رەگەز پەرستیانە، ئەمەش نابێت بەوجۆرە تەفسیر بکرێت جیابوونەوەیە لەعێراق، لەبەر ئەوەی لە جیهانی سەدەی بیست و یەك ئەسڵەن سەروەریی دەوڵەت واتە ئازادی و هاوکاری و پێکەوە ژیان، بۆیە ئەگەر لە دیکتاتۆریش جیابینەوە، لەگەلانی فارس و عەرەب و تورك جیانابینەوە، هەروەك چۆن ئێستا هەرێمی کوردستان بە ئاستێك لەگەڵ دراوسێکانی پێوەندی و بەرژەوەندی هاوبەشی هەیە، کە زۆر جار هاووڵاتیان بۆ سەردانی ئەو وڵاتانە پێویستیان بە ڤیزە وەرگرتن نییە.

٦. ئەوانەی پێیانوایە کاتێك بڕیار دەدەین لە دیکتاتۆریەت جیادەبینەوە، هەڕەشە دەکەوێتە سەر عێراق یان ئەو قسە کۆنەی پێیی دەڵێن پارێزگاری کردن لە یەکپارچەیی عێراق، دەبێت ئەوە بزانن یەکپارچەیی عێراق بەو حکومڕانیەی ئێستایەوە خۆی بۆتە هەڕەشە بۆ ئاشتی و ئاسایشی ئیقلیمی و جیهانی، بۆیە کاتێك هەنگاو هەڵدەگیرێت سنورێك بۆ ئەو هەڕەشەیە دابنرێت، جیهان پێشوازی لەو هەنگاوە دەکات و پێشوازی لەو دەوڵەتە تازەیە دەکات.



## حەسەن خەلەف جبوری بۆ گوڵان:

# مالیکی عێراق بە تونێلێکی تاریکدا دەبات ئەگەر بەردەوام بێت کارەسات روودەدات

**بارودۆخی ئێستای عێراق هەڵوێستی عێراقییەکانی دژی تاکڕەوی و دیکتاتۆریەتی مالیکی یەکخستووە، هەموو لەسەر ئەو خاڵە هاودەنگن کە مانەوەی مالیکی وەك سەرۆك وەزیران هەڕەشە لەسەر ئاییندەی عێراق دروست دەکات، سەبارەت بەو بارودۆخەی مالیکی لە عێراقدا دروستی کردووە، پەرلەمانتار حەسەن خەلەف عەلۆ حەمید جبوری لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەم جۆرە رای خۆی دەربڕی:**

ئەوەی ئێستا دەبینرێ ئەوەیە کە پرۆسەی سیاسی لە عیراق بە تۆنێلێکی تاریکدا دەڕوات، ئەگەر بارودۆخەکە بەو شێوەیە بەردەوام بێت، رەنگە کاری وا رووبدات کە دەرەنجامەکەی زۆر سەخت بێت و ئەگەرگۆڕانکارییەکی سیاسی نەیەتە ئاراوە ئەوا دوور نییە وڵات بەرەو وێرانکاریی زیاتر بڕوات، بۆیە وای دەبینم تاکە ئومێد بۆ رزگار بوون لەو بارودۆخە هەڵبژاردنەکانی داهاتووە. دیارە مەبەستیشم لە گۆڕانکاریی سیاسی ئەوەیە کە پێویستە حکومەتی ئێستا بە نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانەوە هەمووی بگۆڕێت، چونکە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا حکومەت هیچ شتێکی نوێی پێشکەش نەکردووە، بەڵکو بۆ دواوە گەڕاوەتەوە لە هەموو بوارەکانی ژیانی خزمەتگوزاری و سیاسیدا و بەرەو تاکڕەوی و دیکتاتۆریەت هەنگاو دەنێت. هەربۆیە لە دوای هەڵبژاردنەکاندا حکومەتی داهاتوو هەرچۆنێك بێت و ئەگەر لەسەری رێك بکەون ئەوا گۆڕانکاریی نوێ دێتە ئاراوە، بەڵام نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت ئەگەر مالیکی جارێکی تر بووە بە سەرۆك وەزیران ئەوا بارودۆخەکە زۆر خراپتر دەبێت لەوەی ئێستا هەیە و وڵات وێرانتر دەبێت. ئێستا مالیکی لە دۆخێکدایە هەموو لایەك لێی بێزار بووە، بەر لە هەڵوێستی رەوتی سەدریش، لایەنەکانی دیکەش دژی سیاسەتەکانی مالیکی هەڵوێستیان هەبوو بەتایبەتی ئەو راپەرینەی لە پارێزگاکانی ئەنبار و موسڵ و سەلاحەددین و کەرکوك روویاندا، ئەمانە راپەرین بوون، بەڵام کەسێك نەبوو گوێ لە دەنگی خەڵکەکە بگرێت، پێموایە ئێستا کاتی ئەوەیە هەموو میللەت راپەرین بەرپا بکات دژی مالیکی و سیاسەتەکانی ئەگەر بارودۆخەکە هەر بەم شێوەیە بمێنێتەوە.



پرۆفیسۆر جیم بەترفیلد بۆ گوڵان:

# سۆماڵ ریزبەندی یەکەمە لەنێو دەوڵەتە فاشیلەکاندا و عێراق خەریکە لێی نزیک دەبێتەوە

**پرۆفیسۆر جیم بەترفیلد ئوستادی زانستی سیاسەت و بەڕێوەبەری دیراساتی خوێندنی باڵایە بۆ زانستی سیاسەت لە زانکۆی میشیگان و تایبەتمەندە لەسەر دیزاینی دامەزراوەکان و پرۆسەی دیموکراتیزەکردن و کۆمەڵگەی مەدەنی و بزاڤی کۆمەڵایەتی وڵاتانی روسیا و ناوەڕاستی ئاسیا، سەبارەت بە پرسی لاوازی دامەزراوەکانی دەوڵەت و دەوڵەتی شکستخواردوو ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر بەترفیلد ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** یەکێك لەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی سەدەی بیست و یەك بۆتەوە بریتییە لە سەرهەڵدانی دەوڵەتە شکستخواردووەکان. بەپێی تیڕوانینی ئێوە، ئایا ئاماژەکانی دەوڵەتی شکستخواردوو چین؟ ئایا هۆکار و فاکتەرە سەرەکییەکان چین کە سەردەکێشن بۆ ئەوەی دەوڵەتەکە ببێتە دەوڵەتێکی شکستخواردوو؟**

- لە ڕاستیدا کارێکی زۆر لەسەر ئەم پرسە کراوە، سندوقی ئاشتی کە ڕێکخراوێکی پەروەردەیی و توێژینەوەی قازانج نەویستە و بارەگاکەی لە واشنتۆن دی سیە، ساڵانە پاشکۆی دەوڵەتی شکستخواردوو بڵاو دوکاتەوە. کە ئەم کارەش لەسەر بنەمای بیست و یەك پێوەر دەکات کە بەسەر چوار جۆردا دابەش دەبن. جۆرەکانی بریتییە لە ئاماژە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و سەربازییەکان. چەندین هۆکار لەبەرچاو گیراون، لە نێویاندا بوونی توندوتیژی لە کۆمەڵگەدا، کۆچبەران و ئاوارەکان، و کارەساتە سروشتیەکان و کەمی ئاو و نایەکسانی لە داهاتدا و هەڵئاوسان و گەندەڵی و دەرفەتە پەروەردەییەکان و مافەکانی مرۆڤ و ململانێی دەسەڵات و کوالێتی هەڵبژاردنەکان- ئەمە ئەگەر تەنیا ئاماژە بە چەند هۆکارێکی کەم بکەین. خراپترین وڵات لە جیهاندا کە لە لیستی دەوڵەتە شکستخواردووەکاندا بێت، سۆماڵە. لە ساڵی ٢٠١٣، عێراق ڕیزبەندی یانزەیەمینی بەرکەوت، لەو کاتەوە- لە ساڵی ٢٠١٣ـەوە- عێراق بەرەوپێشچوونێکی کەمی بەخۆوە بینیوە، بەڵام ئاشکرایە کە هێشتا ڕێگایەکی دوور و درێژی لە پێشە بۆ ئەوەی ببێتە دەوڵەتێکی سەقامگیری بەهێز.

*** ئایا بێجگە لەگەندەڵی، ئەو هۆکارانەی دیکە چین کە دەوڵەت دەکاتە شکستخواردوو؟**

- گەندەڵی هۆکاری سەرەکی نییە. چەندین هۆکاری دیکەش هەن. دابەشبوونە ئیتنی یان ئایینیە توندەکان، هەڵئاوسانی گەورە، ڕێژەی بەرزی بێکاری، شەپۆلی بەرفراوانی پەنابەران، کارەساتە سروشتیەکان هەموویان بۆیان هەیە کاریگەری گەورەیان لێبکەوێتەوە. گەندەڵی شتێکە خەڵکی ڕادێن لەگەڵیدا تەنانەت ئەگەر حەزیشی پێنەکەن. بەڵام بە ڕەوتێکی لەسەر خۆ شەرعیەت دادەماڵێت و دەبێتەهۆی کەڵەکەبوونی توڕەیی کە لە ساتەوەختێکی هەستیاردا دێتە کەف و کوڵ. شایەت ئەو ڕووداوانەیە کە لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١١ لە تونس ڕوویاندا. چەخماخەکە بریتی بوو لە میوە فرۆشێك کە ئاگری لە خۆی بەردا، بەڵام خۆپیشاندانە بەربڵاوەکان لە ئەنجامی نەبوونی دەرفەتەوە بوون، هەروەها لە ئەنجامی بوونی گەندەڵیشەوە بوون.

*** دوای لاوازکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت، پرۆسە سیاسییەکە دووچاری قەیران دەبێتەوە و نوخبەی وڵاتەکە کۆنتڕۆڵی سەرچاوەکانی داهاتی دەوڵەت و دامەزراوەکان دەکات و بەکاریان دەهێنێت بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا. بە تێڕوانینی ئێوە، تا چ ڕاددەیەك بوونی دەوڵەتی شکستخواردوو زەمینە خۆش دەکات بۆ سەرهەڵدانی ڕژێمی خۆسەپێنی و دیکتاتۆری؟**

- دەوڵەتە شکستخواردووەکان ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت بارودۆخێکی نائاسایی بهێننەئاراوە: شەڕی ناوخۆ، قەیرانی ئابووری، دەستێوەردانی دەرەکی، و هەڵپەرستی سیاسی. هەلپەرستە سیاسییەکان دەتوانن لە هەموو شێوە و بەرگێکدا دەرکەون وەك پۆپۆلیستێکی دیماگۆجی، یان ئەمیری شەڕ. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەم تاکە کەسانە ئەگەری ئەوەیان لێناکرێت ببنە کەسانێکی دیموکرات.

*** کۆنترۆڵکردنی سوپای وڵاتەکە و بەکارهێنانی بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان، ئاماژەیەکی دیکەیە بۆ سەرهەڵدانی دیکتاتۆریەت لە دەوڵەتی شکستخواردوودا. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا بەکارهێنانی سوپا لە یەکلاکردنەوەی کێشە ناوخۆییەکانی دەوڵەتەکەدا چ کارەساتێك دەخوڵقێنێت؟**

- هەرگیز دەستێوەردانی سەربازی چارەسەرێکی درێژخایەن و دوورمەودا نەبووە. بە زۆری ڕژێمە سەربازییەکان لە چەند ساڵێکی کەمدا ئەگەر نەڵێین لە ماوەیەکی کەمتردا- شەرعیەتی خۆیان لە دەست دەدەن. بە دەگمەن ڕوویداوە کە جەنەراڵەکان سەرکردەی کارا بن. بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە لە قەیرانە زۆر توندەکاندا- ئیدی لە ئەنجامی کێشەی ئابووریەوە بێت، بەهۆی کارەساتی سروشتیەوە بێت، یان بەهۆی ئەوەی وڵاتەکە زیاتر و زیاتر بەرەو شکست دەڕوات- ئەوا سوپا دەتوانێت بە لای کەمەوە ئارامی بگێڕێتەوە. کێشەکە ئەوەیە هەر کاتێك سوپا دەستێوەردانی کرد، ئەوا ئاسانتر دەبێت کە بەردەوام بن لەسەر ئەم کارە، ئەویش هەر کاتێك جەنەراڵەکان پێیان وابوو پاساوی دەستێوەردان لە ئارادایە.

*** دوای کۆنترۆڵکردنی داهات و سوپا لەلایەن نوخبەوە، ئەوا هەوڵ و کۆشش دەخەنەگەڕ بۆ کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی قەزائیش. و کاتێك داهات و دارایی دەبێتە چەکێك بەدەست دیکتاتۆرێکەوە بۆ سەرکوتکردن و بێدەنگکردنی ڕکابەرەکانی، ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەمە شەرعیەتی دەوڵەتەکە دەخاتە مەترسیەوە؟**

- من دەتوانم ئەمە بڵێم: کاتێك یاسا دەبێتە چەکێك بە دەستی دیکتاتۆرێکەوە، ئەوا چیتر سەروەریی یاسا لە ئارادا نامێنێت. بەڵکو سەروەری بۆ ئەو یاسایانە دەبێت کە دیکتاتۆرەکە هەڵیان دەبژێرێت بۆ خزمەت گەیاندن بە ئامانج و مەرامەکانی خۆی. و ئەو کاتە زۆر بە سادەیی یاساکانی دیکە فەرامۆش دەکرێن.

*** مەترسییەکی دیکەی دەوڵەتی شکستخواردوو، کە حاڵی حازر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبینرێت، بریتییە لە دروستبوونی پەناگەیەکی ئارام بۆ تیرۆریستان، ئەو بارودۆخەی ئێستا لە سوریا و عێراقدا هەن نموونەیەکی ئاشکران، ئایا تا چ ڕاددەیەك دروستبوونی ئەم پەناگە و داڵدە ئارامانە دەبنە هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایش لە جیهاندا؟ بە چەشنی ئەوەی دەوڵەتی شکستخواردووی تاڵیبان کردی لە ئەفغانستاندا؟**

- سەدەی بیست سەدەی شەڕە تەقلیدییەکان بوو کە دوو سوپای دژ بە یەك لە گۆڕەپانی شەڕ یان ئاسماندا شەڕی یەکتریان دەکرد. بەڵام سەدەی بیست و یەك جۆرێکی جیاواز لە شەڕ بە خۆوە دەبینێت، کە تێیدا دوژمنێکی بێدەنگ و نهێنیە، کە هەمیشە بە ئاسانی دەستنیشان ناکرێت، و ئەگەری ئەوە هەیە زۆر کوشندە بێت. تیرۆریستان حەز بە دەوڵەتی شکستخواردوو دەکەن، ئەویش دەقا و دەق لەبەر ئەوەی کە دەسەڵات تێیدا لاوازە یاخود هەر بوونی نییە. هەندێ جار تەنها بەشێکی وڵاتەکەیە کە بوونی حکومەتێکی کارا تا ڕاددەیەك لاوازە تێیدا. ئەمە حاڵەتەکە بوو لە چەند بەشێکی باکووری پاکستاندا، هەروەها مەغریب لە باکووری ئەفریقیا، و بە دڵنیاییەوە دوورگە دوورەکانی فیلیپین، و جەنگەڵەکانی کۆلۆمبیا و چیاکانی تاجیکستان.

*** پێناچێت ئەمریکا لە سایەی ئیدارەی ئۆبامادا ستراتیجیەتێکی هەبێت بۆ ڕێگرتن لە دروستبوونی دەوڵەتی شکستخواردوو، ئەمە لە کاتێکدا هاتنەئارای دەوڵەتی شکستخواردوو لە ناوچەیەکی وەك ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆی هەیە بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا بخاتە مەترسیەوە. بە تێڕوانینی ئێوە ئایا ئەم کارەی ئەمریکا هۆکارەکەی ئەوەیە کە لاوازە یاخود بە یەکجاری دەستی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵگرتووە؟**

- ئەوە هەر تەنیا ئەمەریکا نییە. یەکێك لە هۆکارەکانی ئەوەی سندوقی ئاشتی هەڵدەستێت بە بڵاوکردنەوەی پاشکۆی دەوڵەتی شکستخواردوو بۆ ئەوەیە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بتوانێت دەستنیشانی ئەو دەوڵەتانە بکات کە ملی ڕێگای پشێوی و ناکۆکیان گرتووە، پێش ئەوەی بە تەواوەتی ببنە دەوڵەتی شکستخواردوو. هاوکاری تەکنیکی یارمەتیدەر دەبێت لەم ڕووەوە ئەگەر بە باشی بە ئامانج بگیرێت و جێبەجێ بکرێت. بەڵام هەر کاتێك دەوڵەتەکە بەرەو ئەوە چوو ڕیزبەندی پێشەوەی لیستی دەوڵەتانی شکستخواردوو بگرێت، ئەوا زۆر زەحمەتە بۆ هەر کەسێك- ئەمریکا بێت وڵاتێکی دیکە- کە کارێکی زۆر بکەن لەو بارەیەوە.

*** بە گوێرەی پێشبینیەکان بارودۆخی ئێستای عێراق بەرەو ئەوەیە کە «وڵاتەکە بەرەو پشێوی و هەرەسێکی تەواو هەنگاو دەنێت». ئەگەر تا ئێستا ئەمریکا بە دەیان ملیار دۆلاری لە عێراقدا خەرج کردبێت بۆ پەرەپێدان بە دیموکراسی لە عێراقدا، بەڵام لە لایەکی دیکەوە عێراق بەرەو دەوڵەتی شکستخواردوو هەنگاو هەڵبگرێت، ئایا تا چەند ئەمە کاریگەری دەبێت لەسەر متمانەی ئەمریکا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی؟**

- من دەڵێم ئەوە ئەوەی سەلماند کە توانای ئەمریکا بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕووداوەکان لە بەشەکانی دیکەی جیهاندا توانایەکی تەواو سنووردارە. من هیوادارم ئەمە ئەو دەرسە بێت کە ئێمە فێری بووبین.

**کاتێک یاسا دەبێتە چەکێک بە دەستی دیکتاتۆرێکەوە، ئەوا چیتر سەروەری یاسا لە ئارادا نامێنێت. بەڵکو سەروەریی بۆ ئەو یاسایانە دەبێت کە دیکتاتۆرەکە هەڵیان دەبژێرێت بۆ خزمەت گەیاندن بە ئامانج و مەرامەکانی خۆی**

**دەوڵەتە شکستخواردووەکان ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت بارودۆخێکی نائاسایی بهێننەئاراوە: شەڕی ناوخۆ، قەیرانی ئابووری، دەستێوەردانی دەرەکی، و هەڵپەرستی سیاسی**



## ستۆران ستیفنسۆن

سەرۆکی شاندی پەرلەمانی ئەوروپا بۆ پێوەندی لەگەڵ عێراق بۆ گوڵان:

# سەرۆک بارزانی بە متمانەپێکراوترین و دیموکراتیترین سەرۆک و سیاسەتمەدار لەسەرتاسەری عێراقدا دادەنرێت، لەسەر شانۆی نێودەوڵەتیشدا پتر گوێ لەو دەگیرێت نەک لە مالیکی

## ئەو رەفتارانەی ئێستای نوری مالیکی بە هیچ پێوەرێک مایەی قبووڵکردن نییە

## داوام لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد چیتر ئەمریکا چەک بە عێراق نەفرۆشێت

**پەرلەمانی ئەوروپا شاندێکی هەیە بۆ رێکخستنی پێوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق، ئەم شاندە بەردەوام سەردانی عێراق و هەرێمی کوردستان دەکات و تێروانین و راسپاردەکانی بۆ پەرلەمانی ئەوروپا ئامادە دەکات، بێگومان دوای راگرتنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی مالیکیەوە، یەکێتی ئەوروپا هەڵوێستێکی راشکاوانەی وەرگرت و بە ئاشکرا سەرکۆنەی کرد، بۆ زیاتر ئاشنابوونی خوێنەرانی گوڵان بە هەڵوێستی پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا، جارێکی دیکە پێوەندیمان بە بەرێز ستۆران ستیڤنسۆن سەرۆکی شاندی پەرلەمانی ئەوروپا بۆ پێوەندی لەگەڵ عێراق کردو ئەم وتووێژەمان لەگەڵ سازکرد، بەرێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** لە ئێستادا پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەند بە قۆناغێکی زۆر نالەباردا تێپەڕدەبێت، لەلایەك مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق هەڕەشەی بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانی کردووەو لەلایەکی دیکەشەوە مووچەی فەرمانبەرانیشی بڕیوە، لەم ناوەندەدا ئێوە چۆن لەم هەڵسوکەوتەی مالیکی دەڕوانن؟**

- سەبارەت بەو رەفتارانەی مالیکی و دوای ئەوەی پەرلەمانی عێراق پرۆژەی بودجەی ٢٠١٤ی راگرت، ئێمە لە پەرلەمانی ئەوروپا زۆر بە نیگەرانییەوە چاودێریی دۆخەکە دەکەین و مالیکی هیچ رەچاوی پێگەو بوونی پەرلەمان ناکات، ئەو پەرلەمانەی کە راستەوخۆ لەلایەن گەلی عێراقەوە متمانەو دەنگی پێدراوە، بۆیە بێ سڵکردنەوە و لەبەرچاوگرتنی یاساو دەستوور لەسەر



**پێویستیمان بەوەیە کە سەرۆک بارزانی لە جیاتی سەرجەم عێراق رۆڵی سەرکردایەتیی لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی ببینێت**

**یەکێتیی ئەوروپا زۆر نیگەرانە کە دابینکردنی غازو وزە بە هۆی قەیرانی ناوچەی(کرێم) ـەوە لەلایەن رووسیاوە ببردرێت، چونکە سەرچاوەی وزەی ئێمە لە ئۆکرانیاوە دابین دەکرێت، هەر لەبەر ئەوە ناچاردەبین لەم بارودۆخەدا پەنا بۆ کوردستان بەرین**

**ئێستا کاتی ئەوە هاتووە سەدریەکان و کوتلەکەی ئەلحەکیم و کورد پشتیوانییان لە مالیکی بکشێننەوە و حکومەتێکی کاتیی پێکبهێنن**

خەرجکردنی پارەی بودجە بەردەوامەو بە ئارەزووی خۆی رەفتار دەکات، بۆیە دەکرێ ئاماژە بەوە بکرێت کە مالیکی بەوەش نەوەستاوە بەڵکو مووچەی فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بڕیوە و ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە مالیکی وەك دیکتاتۆر هەڵسوکەوت دەکات، نەك وەکو سەرۆك وەزیران کە لەلایەن هەمان ئەو پەرلەمانە بە شێوازێکی دیموکراسییانە متمانەی پۆستەکەی پێدراوە، ئەو رەفتارە نادەستووریانەی مالیکی رەوشی ئەمنیی عێراقی ئاڵۆزتر کردووە، بۆیە دەبینین کە رۆژ بەرۆژ بارودۆخی ناوچەکانی ناوەڕاست و عێراق رووەو خراپە دەچێت و لە هەندێ پارێزگاش وەك ئەنبار سوپاکەی مالیکی تووشی شەڕێکی بەردەوامی خوێناوی بووە لەگەڵ سەرۆك هۆزەکانی ئەو پارێزگایەو هەندێ لە ناوچەکانی دیکە کە زۆربەیان سوننەن، کە ئەمەش جۆرێکە لە کۆمەڵکوژیی Genocidal War دژ بە گەلەکەی، لەم تاوانەشدا ئەو چەکانە بەکاردێنێت کە لە ئەمریکاو دەوڵەتێکی ئیقلیمی وەری گرتوون، بۆیە من لە پەرلەمانی ئەورووپا داوام لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد جەخت لەسەر ئەمریکا بکات کە چی دیکە چەك نەداتە مالیکی، چونکە ئەو هەموو قوربانییانەی پار کە پتر لە ٩ هەزار کوژراوەو بە هەزاران بریندار و ئەمساڵیش بە هەزارانی دیکە لە عێراق لەناوچوون، هەمووی دەرئەنجامی رەفتاری دیکتاتۆریانەی مالیکییە کە بە هەموو پێوەرێك مایەی نائومێدی و نیگەرانییە، ئەم رەوشە نالەبارەی ئێستای عێراق فاکتەرێکە بۆ شکستهێنانی ئەو هەڵبژاردنەی کە لە کۆتایی مانگی نیسان ئەنجام دەدرێت کە وا دیارە پارێزگای ئەنبار و ناوچەکانی دیکەی سوننەنشین زۆر ئەستەمە بتوانن ئەگەر بارودۆخەکە هەروا بمێنێتەوە بەشداری تێدا بکەن، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە رۆژانە بە سەدان خێزان لە ترسی توندوتیژیی ناوچەکانیان جێدێڵن و روو دەکەنە شوێنی ئارام، بۆیە ئەوانە زەحمەتە بتوانن بەشداری لەو هەڵبژاردنەدا بکەن، ئەم دۆخەش رەنگە بە قازانجی نوری مالیکی بکەوێتەوە، چونکە ئەو حەزناکات عەرەبی سوننە بەشداری هەڵبژاردنی داهاتوو بکەن، دیارە تاکە ئامانجی ئەویش لەمەدا هەڵبژاردنەوەیەتی بۆ جارێکی دیکە و قۆرخکردنی پۆستی سەرۆك وەزیرانی داهاتووی عێراقە.

*** وەك دەبینن کە ئەمریکاو وڵاتانی رۆژئاوا لەهەمبەر شەڕو شۆڕو توندوتیژیی عێراق زۆر نیگەرانن، لە کاتێکیشدا (داعش) بە نیازە میرنشینێکی ئیسلامی لە عێراق دامەزرێنێت و خودی نوری مالیکی پرۆسەی سیاسیی عێراقی تێکداوە رێچکەی دیکتاتۆری گرتۆتەبەر و بێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان و دەستوور و یاساکان بە ئارەزووی خۆی دەستی گرتووە بەسەر سوپاو پۆلیس و هەواڵگری و بودجەوە، تۆ بڵێی چارەنووسی ئەو وڵاتە لەسایەی ئەو حوکمڕانییە دیکتاتۆرییەو ئەو تیرۆریستانە بە کوێ بگات؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەمە زیاتر بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات، ئەگەر لەیادتان بێت لە هەڵبژاردنی پێشوودا مالیکی و حزبەکەی (دەعوا) بە دوو کورسی لە پاش لیستێکی دیکەوە بوون، بەڵام بە فشارو پشتیوانیی ئەمریکا و ئێران مالیکی توانی هاوپەیمانیەتییەك وەك زۆرینە پێك بهێنێت، بەم شێوەیە هەوڵەکانی سەری گرت بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ببێتەوە بە سەرۆك وەزیران، لە رێککەوتنەکەی هەولێریش کە بە چاودێریی سەرۆك مسعود بارزانی و ئامادەبوونی باڵیۆزی ئەمریکا واژوو کرا، رێگەی ئەوەی پێدرا و تەنانەت بەسەریشیدا سەپێنرا کە پۆستی وەزارەتەکانی ناوخۆو بەرگری و ئاساییش و هەواڵگریی بدرێتە نوێنەر و وەزیرەکانی ئۆپۆزسیۆن، ئەلعێراقیە، بەڵام مالیکی بە هیچ شێوەیەك گوێی بەم رێکارانە نەدا، ئەمەش بووە هۆی زێدەڕۆیی سەر یاساو دەستوور و گرتنەبەری تاکڕەوی و کاردانەوەی خراپتری لێکەوتەوە بەرەو تایەفەگەری و خۆسەپێنی، هاوکات ئێستا عێراق لە دۆخێکدا دەگوزەرێت کە لەسێدارەدان و دەستگیرکردنی خەڵك بە تۆمەتی تیرۆریزم و خستنە زیندان بە شێوەیەکی زۆر بەربڵاو لە سایەی حوکمڕانیی مالیکی پەرەی سەندووە، لە زیندانەکانی مالیکیشدا ژنان و پیاوان ئەوپەڕی مامەڵەی نامرۆییان لەگەڵدا دەکرێت و ئەشکەنجەو ئەتك دەکرێن بە مەبەستی دانپێدانان بەو تۆمەتانەی خستوویانەتە پاڵیان، ئەم رەفتارانەی سەرۆك وەزیرانی عێراق بە هیچ پێوەرێك مایەی قبووڵکردن نییە و وەك بڵێی مامەڵە لەگەڵ رانەمەڕ و ئاژەڵاندا دەکات، ئەو کۆمەڵکوژیەی لە ریز سوننەکانی ئەنباردا دەکات و بەتاوانی تیرۆرو توندوتیژی بێ ئەوەی دەست بپارێزێت ژن و منداڵ و خەڵکی سیڤیل دەکوژێت و دەربەدەریان دەکات، نموونەشمان ئەوەیە کە بەر لە دوو هەفتەدا لەناو شاری فەلوجە نەخۆشخانەیەکی تۆپباران کرد و پزیشك و ستافی نەخۆشخانەو نەخۆشەکانیشی کوشت، بۆیە ئەم بارودۆخە چی دیکە قابیلی بەرگەگرتن نییە، بەڵام ئێمە لە پەرلەمانی ئەورووپا تەنیا ئەوەندەمان پێ دەکرێت کە پرۆتستۆی ئەو رەفتارانەی مالیکی بکەین، ئەو بەهەموو عەقڵێکییەوە رایدەگەیەنێت کە کاتی پەرلەمان بەسەرچووە لە کاتێکدا کە بە شێوەیەکی دیموکراسییانە هەڵبژێردراوە، بە بیانووی ئەوەی کە گوایە پەرلەمان دەیەوێت دەسەڵاتەکانی حکومەتەکەی زەوت بکات، لە کاتێکدا هەر خۆی لە هەوڵی پەکخستنی پەرلەماندایە.

*** مالیکی تەنیا کێشەو قەیرانەکانی لەگەڵ کوردو سوننەدا نییە، بەڵکو لەگەڵ رەوتی سەدریشدا تا رادەیەك دووچاری ناکۆکی بووە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ شکستهێنان و ئیفلیجبوونی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا، ئەو کاتەش**

**سەرۆك بارزانی هەوڵی زۆری دا کە ئەم ناکۆکییە لەڕێی پەرلەمانـــەوە کۆتایی پێ بهێنێت، بەڵام بە فشـــارەکانی ئێران رەوتی ســـەدر کشـــایەوە، لەلای خۆشیەوە ئەمریکا بێدەنگی لێکرد، کەواتە نهێنیی پشتیوانیی ئەمریکاو ئێران لە مالیکی لە چیدایە؟**

- موقتەدا سەدر بەر لە ماوەیەك رایگەیاند کە لە پرۆسەی سیاسیی عێراق دەکشێتەوە، بۆیە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە سەدریەکان و کوتلەکەی ئەلحەکیم و کورد پشتیوانییان لە مالیکی بکشـــێننەوە و حکومەتێکی کاتی پێکبهێنن کە نوێنەرایەتی هەمـــوو پێکهاتەکانی خەڵکی عێراق بکات و رێز لـــە مافەکانی مرۆڤ و ئازادی و دیموکراســـی و دادپـــەروەری بگرێـــت، بۆیە من بە چاکـــی دەزانم کە داوای بایکۆتی ئابووریی ســـەر نوری مالیکیی وەك سزا بکرێـــت لەهەمبەر هەڵمەتی کوشـــتیاریی Murerous Campaign کە مالیکی پەیڕەوی دەکات و عێراق بەرەو هەڵگیرساندنی شەڕێکی سەرتاسەریی دەبات.

*** ئەو نەتەوەیەی کە جینۆســـاید کراوە، لە ترسی دووبارە نەبوونەوەی ئەم کارەســـاتە هەمیشە ســـڵ لە رژێمەکان دەکاتەوەو بۆ ئەم مەبەســـتەش بەردەوام پێوەندیمان لەگەڵ پەرلەمانی ئەورووپاوە هەیە، لەبەر ئەوە ســـەرۆك بارزانی رایگەیاند کە ئێمە هەڵوێستی چاوەڕواننەکراومان دەبێت و خەڵکێکیش پێیانوایە ئەم هەڵوێستە راپرسی لەخۆدەگرێت بۆ ســـەربەخۆیی یـــان کۆنفدرالی، ئایا ئێـــوە چۆن ئەم بارودۆخە دەخوێننەوە؟**

- هەریەك لە حکومەتی بەریتانیا و نەرویج و حکومەتەکانی دیکە بە فەرمی دانیان بە جینۆسایدی کورددا ناوە و منیش هەر داوام لە پەرلەمانی ئەوروپا کردووە کە بە هەمان شێوە دانی پێدا بنێن، تاکو ببێتە وانەیەك و پەندێکی مێژوویی بۆ هەمـــوو وڵاتانی دیموکراســـی و بخرێتە پرۆگرامی خوێندنەوە لە قوتابخانەکاندا تاکو نەوەی تازە لەم کارەساتە بگەن، بـــەڵام ئەگەر رێمان بە رژێمەکەی مالیکی دا کە خەریکە رێچکەی دیکتاتۆریەت دەگرێتەوەبەر و بەردەوام بێت لەو کوشت و بڕییە Murderous Path بۆیە ئەگەر و ترســـی ئەوە هەیە مێژوو خۆی دووبـــارە بکاتەوە، ئەو رژێمەی ئێســـتاش کە پێشێلی مافەکانی مرۆڤ دەکات و رەفتـــاری حکومەتێکـــی تایەفەگەرییـــە و هەڵمەتی کوشـــتنی دژی ســـوننەکان گرتۆتەبـــەرGenocidal Campaign لـــە رەفتـــارو هەڵســـوکەوتدا وەك رژێمی تاکڕەوی و دیکتاتۆریی سەدام وایە کە ئەو کارەساتەی بە گەلی کورد کرد، نیگەرانیشـــین کە هەڵمەتەکانی ئەنفال دووبارە ببێتەوە ئەگەر هاتوو جیهان بیر نەکاتەوەو بە ئاگا نەیەتەوە، هەروەها ئەمریکاش دەســـت لـــە هەناردەکردنی چەك بۆ نوری مالیکی هەڵنەگرێت، بۆیە من دووبارەی دەکەمـــەوە کە بارودۆخی عێراق وا دەخوازێت کە ئەم جارە هەڵبژاردنێکی دیموکراســـییانە لە وڵاتدا بکرێت و پارتی ناتایفی بێنە ناو پرۆســـەی سیاســـییەوە کـــە دووربن لە تایفەگەریی و خۆســـەپاندن، واتە پارتی گەل بن لەوانەش کورد، لە ئێســـتادا سەرۆك مسعود بارزانی لەسەر ئاستی جیهاندا بە متمانەپێکراوترین و دیموکراتیترین ســـەرۆك و سیاسەتمەدار لەسەرتاسەری عێراقدا دادەنرێت، من پێموایە کە لەسەر شانۆی نێودەوڵەتیشدا پتر لە مالیکی گوێ لە بارزانی دەگیرێت، من دەزانم ئێســـتا کوردستان کە هێڵی نوێی بۆری هەناردەکردنی نەوتی بۆ تورکیا راکێشاوە و لە هەمان کاتیشدا دەبینین کە یەکێتیی ئەوروپا زۆر نیگەرانە کە دابینکردنی غازو وزە بە هۆی قەیرانی ناوچەی (کرێم) ـــەوە لەلایەن رووســـیاوە ببڕدرێت، چونکە ســـەرچاوەی وزەی ئێمە لە ئۆکرانیـــاوە دابین دەکرێت، هەر لەبەر ئەوە ناچاردەبین لەم بارودۆخەدا پەنا بۆ کوردستان بەرین لە رێی تورکیاوە بۆ دابین کردنی وزە، دیارە ئەمەش دەبێتە مایەی نیگەرانـــی و تووڕەیی نـــوری مالیکی و حکومەتەکەی بەغدا، چونکە ئەوان دژی هەرێمی کوردستان لەبەرامبەر نەوتدا رەفتاردەکەن کە راستەوخۆ دەبێتە مایەی نیگەرانیی ئەوروپا، ئومێـــد دەکەین بە بیانووی کێشـــەکانی عێراق دابینکردنی وزە لە رێی تورکیاوە نەبڕدرێت و هەرچی زووە ناکۆکییەکان چارەسەربکرێن، بۆیە من پێموایە پێویستیمان بەوەیە کە سەرۆك بارزانی لە جیاتی سەرجەم عێراق رۆڵی سەرکردایەتیی لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی ببینێت.

*** دوا وتەت چییە؟**

- رۆژنامەی ســـەندەی تایمز کـــە رۆژنامەیەکی ناودارە لە ئەوروپا، پرســـیارێکی لە خەڵکەکە کـــرد، کە ئایا لە پشووەکاندا روو لەکوێ دەکەن، بەر لەچەند رۆژێك بەشی گەشـــتیارییەکەیان وتارێکی دوو لاپەڕەیی بڵاوکردبۆوەو خەڵکی راســـپاردبوو کە روو لە هەرێمی کوردستان بکەن، ئەمـــەش گۆڕانکارییەکی گەورەیە کـــە ئەم هەرێمە وەك ناوچەیەکی گەشەســـەندووی ئابووری و ســـەقامگیر لە قەڵەم بدرێـــت، هەروەها لـــە رووی مێژووییەوە بایەخ بە باکگراونـــدی کەلتووری بدرێت، کـــە رۆژنامەیەکی ئاوا بەناوبانگ داوا لە خەڵکانی ئەوروپا بکات بۆ کاتی پشوو روو لە هەرێمی کوردستان بکەن، ئەمەش بەراوردکردنێکە لە نێوان ســـەقامگیریی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی عێراق بە دەســـت شـــەڕو شـــۆڕو توندوتیژییەوە دەناڵێنـــن کە ســـەقامگیر نییە بـــۆ کاری بزنس نەك بۆ گەشتو گوزار، لە راستیدا هەرێمی کوردستان نموونەیەکی زیندووی دیموکراسی و حومکڕانیی باشە کە هەلی کارو گوزەرانێکی چاکی بـــۆ هاووڵاتیان دابین کردووە، کە وا پێویســـت دەکات خەڵکەکەی شانازی پێوە بکەن، تەنانەت جیهانیش دان بە کوردســـتاندا بنێت و ستاییشی بکات و دەستەبەریی ئەوەی بۆ بڕەخسێنێت کە لە ئاییندەدا پارێزراو دەبێت و لە هەمبەر ئەو ناوچە گەرم و پڕ کێشـــانەی کە زۆربەی ناوچەکانی دیکەی عێراقی گرتۆتەوە.

**مالیکی وەک دیکتاتۆر هەڵسوکەوت دەکات، نەک وەکو سەرۆک وەزیران، ئەو رەفتارە نادەستووریانەی مالیکی رەوشی ئەمنیی عێراقی ئاڵۆزتر کردووە، بۆیە دەبینین کە رۆژ بەرۆژ بارودۆخی ناوچەکانی ناوەڕاست و عێراق رووەو خراپە دەچێت**

**مالیکی هیچ رەچاوی پێگەو بوونی پەرلەمان ناکات و بێ سڵکردنەوە و لەبەرچاوگرتنی یاساو دەستوور لەسەر خەرجکردنی پارەی بودجە بەردەوامەو بە ئارەزووی خۆی رەفتار دەکات**

**ئەم رەوشە نالەبارەی ئێستای عێراق فاکتەرێکە بۆ شکستهێنانی ئەو هەڵبژاردنەی کە لە کۆتایی مانگی نیسان ئەنجام دەدرێت**



# کوردستانیەکان بە جیاوازی نەتەوەو ئایینەوە پشتگیری لە هەڵوێستی سەرۆک بارزانی دەکەن



کوردستانیەکان بەهاوشـێوەی هەموو پێکهاتەکانی دیکەی عێراق بەدڵەڕاوکێوە سەیری داهاتووی عێراق دەکەن و پاڵپشـتی بەڕێز مسـعود بارزانی سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردسـتان دەکەن؛ دوای ئەوەی بەڕێزیان لە ڕێوڕەسـمی هێنانەوەی روفاتی ٩٣ بارزانی ئەنفالکراودا سەبارەت بەهەڕەشەکانی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ سەر هەرێمی کوردستان و گوشاری بڕینی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم هەموو پێکهاتە سیاسییەکانی عێراقی ئاگادار کردەوە تا بەهەمووان بەتەنگ بارودۆخەکەوە بێن و عێراق بەتەواوەتی لەدەسـت نەچێ. عێراقێك کە لەبری ئەوەی بەرەو دیموکراتیەت و خۆشگوزەرانی هەنگاو بنێت، کەچی بەرەو سەرکوتکردنی عەرەبی سوننەو کودەتای پەرلەمان و دژایەتیکردنی ئەزموونی دیموکراتی و خۆشگوزەرانی هەرێمی کوردستان هەنگاوی هەڵهێنا، بۆ ڕەتکردنەوەی واقیعی ئەو سیاسـەتە دیکتاتۆریەی مالیکی و گرنگی هەڵوێسـتی بەڕێز مسـعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کوردستانیان بەمجۆرە رای خۆیان بۆ گوڵان دەربڕی.



# بابە شێخ خرتۆ

### مەرجەعی ئایینی گشتی ئێزیدی بۆ (گوڵان):

# له سایەی حیکمەتی سەرۆک بارزانی کوردستان بووەتە وڵاتی پێکەوەژیان

# ئەرکی سەرشانمانە بەرگری لەوڵاتی خۆمان بکەین و پشتگیری سەرۆک بکەین

**سەبارەت بەهەڕەشەکانی حکومەتی مەرکەزی بە بڕینی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم و بارودۆخی ئایینزاکان لەعێراقدا، بابە شێخ خرتۆ حاجی ئیسماعیل مەرجەعیەتی ئایینی گشتی ئێزیدییەکان لە لێدوانێکی تایبەت بۆ گوڵان وتی:**

((لەدێر زەمانەوە وڵاتی کوردستان مەنزڵگەی پێکەوەژیانی ئایینزا جیاجیاکان بووە، لەو سەردەمەشەوە لەکوردستان ئێزیدی وەکو ئایینزایەکی خاوەن مێژوویەکی کۆن وەکو هەموو پێکهاتەکانی دیکە پارێزگارییان لەخاك و نیشتمانەکەیان کردووە کە کوردستانە، لەمێژووی هاوچەرخی عێراقیشدا ئێزیدی دوو چەوسانەوەی بەرامبەر کراوە، لەلایەك بۆ سڕینەوەی مۆرکی نەتەوایەتیان بووە کە کوردو کوردستانین، لەلایەکی دیکەوە لەبەر ئایینەکەیان بووە، بەڕاددەیەك ئێستا لەشارێکی وەکو موسڵدا کە ئێزیدیەکی زۆری تێدابووە ئێستا تەنانەتماڵێکی ئێزیدی لەو شارە نەماوە، بەداخەوە هەندێك لە لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی و گرووپە تیرۆریستیەکان لەبەر ئەوەی ئێزیدی بەکوردو کافر دادەنێن هێرشی توندوتیژیی لەناوەڕاست و پارێزگای نەینەوا بەرامبەریان ئەنجام دەدرێت، بەپێچەوانەشەوە لە هەرێمی کوردستان لەسایەی جەنابی سەرۆك بارزانی و هێزە سیاسییە کوردستانیەکان توانراوە ناوچەکە بکرێتە پێگەیەکی ئارامی و ڕێزگرتن لەمرۆڤ و مومارەسەکردنی بۆنەو

ڕێوڕەسمە ئایینیەکانی ئایینزاکان. ئێمە پێوەندیەکانمان باشە لەگەڵ ئایینەکانی دیکە بەتایبەتی ئایینی ئیسلام، تەنانەت ئەو مزگەوتە گەورەیەی لە شێخان هەیە لەساڵی ١٩٤٣دا زەوییەکەی سەعید بەگی باوکی میر تەحسین بەگی میری ئێزیدییەکان بە موسڵمانەکانی شێخانی داوە و ئاوەدانیان کردۆتەوە، لەساڵی ١٩١٧ یەکەم کەسی موسڵمان کە هاتەوە شێخان هاتەماڵی ئێمە و لای ئێمە خزمەتکراوە و خانوویەکی بۆ دروستکراوە و مانگی ڕەمەزان بووە ئەو کەسە ڕۆژووی خۆی گرتووە و ڕێزی لێنراوە.

ئەمڕۆ لەئاکامی پێڕەوکردنی سیاسەتی ژیرانەو عەقڵانەی جەنابی سەرۆك بارزانی و سەرکردایەتی سیاسی هەرێمەکە، کوردستان بووەتە وڵاتی پێکەوەژیان و لێبووردەیی. ئەمەش وا لەئێزیدیەکان دەکات لەجاران زیاتر پارێزگاری لەخاك و نیشتمان و نەتەوەکەیان بکەن و ڕووبەڕووی هەموو هەڕەشەو دژایەتیکردنێك ببنەوە، بەهەمانشێوەش ڕووبەڕووی سەپاندنی گەمارۆی ئابووری و شەڕی دژ بەکوردستانیش دەبنەوە کە لەئاکامی تاکڕەویی و شۆڤێنیەتی هەندێك لە قەوارەو پارتەکانی گۆڕەپانی سیاسی عێراق و سیاسەتەکانی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق دژ بەهەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی پیادە دەکرێت. ئێمە وەکو کورد و کوردستانیەکان پاڵپشتی جەنابی سەرۆك بارزانی دەکەین کە کەسایەتییەکی ناسراو و ئاشتیخواز و دیارە لە ناوخۆ و عێراق و وڵاتانی دەوروبەر و دنیادا، ئومێدمان زۆرە بەیەکگرتوویی ڕووبەڕووی پیلانەکانی بەغدا ببینەوە، بەڵام دەبووایە کورد پێش ئێستا یەکڕیزی زیاتر بووایە و لەگەڵ مالیکی تێکەڵاوی نەکردایە. ئێمە وەکو ئێزیدیی و پیاوانی ئایینی و مەرجەعیەتی ئایینی ئێزیدی، هەر هەموومان پاڵپشتی جەنابی سەرۆك بارزانی دەکەین و پشتگیری لە بونیاتنانی عێراقێکی دیموکراتی و فیدرالی و پەرلەمانی دەکەین، بەپێچەوانەی خواستی مالیکییەوە کە تاکڕەوانە هەڵسوکەوت دەکات و بەبڕینی بودجەی کوردستان و دواخستنی مووچەی فەرمانبەران زیان بە هاووڵاتیانی کوردستان دەگەیەنێت، ئەمەش هەمووی پێچەوانەی ویست و خواستەکانی سەرجەم ئایین و ئینزاکان و پێکهاتەکانی کوردستان و عێراقە کە دەیانەوێت عێراقێکی دیموکراسی و پێکەوەژیان بونیات بنرێت و تێیدا سەرجەم ئایین و ئایینزاکان ئازادانە یادەکانی خۆیان بکەنەوەو ڕێزیان لێبگیرێت. هەربۆیە راوبۆچوونی زۆری ئێزیدیەکان و منیش وایە پێویستە بیر لە ئەلتەرناتیڤێك بکەینەوە.



## دڵشاد چاوشلی

### سەرۆکی پارتی دیموکراتی تورکمانی کوردستان بۆ(گوڵان):

# ئێمە هاونیشتمانی کوردستانین هەر بڕیارێک سەرۆکی هەرێمی کوردستان بیدات پشتگیری لێدەکەین

**نەتەوەیەکی دیکەی کوردستانی، نەتەوەی تورکمانە، کە بارزانی نەمر یەکەم کەس بووە لە ڕێککەوتننامەی ئادار داکۆکی لەمافی نەتەوەی تورکمان کردووە، بەڕێز مسعود بارزانیش سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە نووسینەوەوەی دەستووری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ داکۆکی لە مافی تورکمان کرد، سەبارەت بە پێوەندی برایانەی نێوان کورد و تورکمان وەك هاونیشتمانی یەك نیشتمان، بەڕێز دڵشاد چاوشلی سەرۆکی پارتی دیموکراتی تورکمانی کوردستان بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:**

((لەسەردەمی رژێمی پێشووی بەعس ئێمە وەکو تورکمان رووبەڕووی مەینەتی زۆر و پاکتاوی رەگەزی بووینەوەو، بۆیە ئێمە وەك هاونیشتمانیەکی کوردستان لەگەڵ کورد مێژوویێکی دوورو درێژمان هەیە، لە دێر زەمانەوە پێکەوە دەژین و وەکو تورکمان هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ کورد و پێکهاتەکانی دیکە کوردستان نییە کە کاریگەریی


لەسەر ژیان و بارودۆخی هەرێمەکە هەبێت. لەگەڵ کوردو پێکهاتەکانی دیکەدا زۆر خاڵی هاوبەشمان لەبەرامبەر و دژی رژێمی ئەوسا هەبوو، هەروەها لەدوای راپەڕینی گەلی کوردستان لەساڵی ١٩٩١ ئازادییەکی زۆر و رەها بۆ تورکمان لە کوردستان هاتەدی و بەڕێژەی زیاتر لە٨٠٪ی مافەکانمان هاتۆتەدی، تەنانەت لەسەر هەموو کارو پرۆژە و بڕیارێك لە کوردستان راوبۆچوونمان وەرگیراوەو هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکانی تورکمان لەماوەی چەند ساڵەی دەسەڵاتی کوردستاندا بە مومارەسەی کلتورو فەرهەنگی خۆمان شادبووین، زۆر بەئازادانە گۆڤار و رۆژنامەو رادیۆ و تەلەفزیۆنی لۆکاڵی و ئاسمانیمان بە زمانی رەسەنی خۆمان هەبووە، هەر لەسایەی کوردو بەتایبەتی جەنابی سەرۆك بارزانی لە ناو حکومەتی عێراقیش داکۆکی لە مافی تورکمان کراوە، رۆڵی سەرۆك بارزانی بۆ مافی هەموو پێکهاتەو کەمە نەتەوەو ئایین و ئایینزاکان دیارە، کە وایکرد لە کاتی نووسینی دەستووری عێراقدا جێگای ئێمە بکرێتەوەو ماف و ئیمتیازەکانمان پارێزراو بێت، رەشنووسی دەستووری کوردستانیش بەئێمە دراو پێشنیارو راوسەرنجی خۆمان لەسەری دیاریکرد و ماف و ئازادییەکانی ئێمە بەتەواوی تێدا مسۆگەر و جێگیرکراوە، هەر بۆ نموونە سەرۆك بارزانی ئەو بڕگەی لەناو رەشنووسی دەستوور پێ لادان کە تورکمان بە کەمە نەتەوە دابنرێت، بەڵکو حیسابی ئێمە و هەموو پێکهاتەکانی دیکە لەگەڵ کورد وەکو یەك داناوە و جیاوازی لەنێوانمان بەدی ناکرێت و هەموو هاووڵاتییەکی لە کوردستان بەپلە یەك داناوە، نەك وەکو ئەوەی کە حکومەتی مالیکی بەتایبەتی ئێستا هەموو لایەکمان بە کوردەوە بە هاووڵاتی پلە دوو داناوە و قوتی خەڵکی کوردستان دەکاتە فشار لەسەرمان، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەو گوتەو فەرماییش و بڕیارانەی سەرۆك بارزانین کە بەم دواییە لەسەر ئەو بارودۆخەی نێوان کوردستان و مالیکی رایگەیاند، ئەمەش لەبەر ئەوەیە سەرۆك بارزانی هیچ هەڵوێست و بڕیارێك نادات واقیعی و لە جێگای خۆی نەبێت و دەبێت هەموو لایەکمان بە عێراقییەکان و مالیکیشەوە باش بزانن ئەگەر جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نەبووایە حکومەتی عێراقی پێکنەدەهات، لەلایەکی دیکە ئەوەی ئێستا مالیکی چەند مانگێکە دەیکات نەك تەنیا بەرامبەر بە کوردە لە کوردستان، بەڵکو پێش هەموو پێکهاتەکان دژایەتی و نانبیڕینی ئێمەی تورکمانە و ئێمە وەکو تورکمان و هەموو پێکهاتەکانی دیکە لە کوردستان زۆر نیگەرانین بەرامبەر بەو هەڵسوکەوتانە. ئێمەی تورکمان و هەموو کوردستانیەکان لەوە بەهێزترین کە نان و برسیەتی کاریگەری لەسەرمان هەبێت، بەڵکو ئازادی و مومارەسەکردنی ژیان لەلامان لە هەموو شتێ بەرزترە. هەر بۆیە ئەو بڕیارو راوبۆچوونانەی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بە تایبەتی شەخسی جەنابی بارزانی دەیدات، تا دەگاتە ئەو رادەییەی ئەگەر بەیەکەوەژیان لەگەڵ عێراق نەما، ئەوە جیابوونەوە باشترین بڕیارو کارە بدرێت)).



### ئەنبا جبرائیل گورگیس تۆما

سەرۆکی دێری حەزرەتی مەریەم و رەبان هورمز بۆ (گوڵان):

# هەرگیز هەڵوێستی بارزانیمان بیر ناچێتەوە و دەزانین چەند رێزی لە کریستیان گرتووە بۆیە پشتگیری لێدەکەین



**سەبارەت بە خراپی بارودۆخی کریستانییەکان لە عێراق و پێشوازیکردنیان لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە، ئەنبا جبرائیل گورگیس تۆما سەرۆکی دێری حەزرەتی مەریەم و رەبان هورمز لە ئەلقوش لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان وتی:** (( گەرچی بوونی کریستانیەکان لەوڵاتی عێراق مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە و بە دانیشتوانی رەسەنی ئەو وڵاتە دادەنرێن و رۆڵی گرنگیان لەبونیاتنانی عێراق و شارستانیەتی هەبووە، بەڵام لەئاکامی ئەو چەوسانەوەو تەرحیل و دژایەتیکردنەی کە لەقۆناغەکانی زەمەنی مەنغۆلی و عوسمانی و جەنگەکانی جیهانی یەکەم و دووەم و شەڕی نێوان عێراق و ئێران رووبەڕوویان بووەوە بەناچاری کریستانەکان لەعێراق کۆچیان کردو ژمارەیان کەمی کردووە، گەورەترین مەترسیش کە رووبەڕووی کریستانەکان بووەتەوە کە لەئاکامی رقوکینەی گرووپە توندڕەوەکان و تیرۆریستان و هەڵکشانی ویستی هێزە ئیتنی و مەزهەبیەکان لەعێراق روویانداو چەندین کریستیان کوژران و چەندینیش ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتووە، بەڵام بەپێچەوانەی هەرێمی کوردستانەوە کە کریستیانەکان پێشوازییان لێکراو شوێنی نیشتەجێبوون و پێگەیەکیان دۆزیەوە کە تێیدا رێز لەمرۆڤ و ئایینەکان دەگیرێت. ئەمە ئەو عێراقە نییە کە هەموو ئایینزاکان و نەتەوەکان خەونیان پێوەدەبینی، بەتایبەتی کوردو کریستیانەکان و ئێزیدی و تورکمان و نەتەوەکانی دیکە، عێراقێك کە تێدا سەرجەم نەتەوەو ئایینزاکان تێیدا بژین و پێکەوەژیانی راستەقینەی تێدا بێت، ئەمە پیلانێکە بۆ بەتاڵکردنەوەی عێراق لەگرنگترین و رەسەنترین پێکهاتەکانی ناو وڵاتی نێوان دوو رووبار، کە شارستانیەتی عێراقیان بونیات ناوە. عێراق بەنەتەوەو ئایینزاکان و رۆحی لێبووردەیی و پێکەوەژیانەوە جوان بوو. جێگەی خۆشحاڵیە کریستانەکان کە مێژوویەکی دوورو درێژیان لەگەڵ کوردستانیەت و بزووتنەوەی رزگاریخوازی هەرێمی کوردستان هەبووە و لەم پێناوەدا شەهیدیان هەیەو لە دژایەتیکردن و وێرانکردنی کوردستاندا باجی زۆریان داوە، هەرگیز دەستپێشخەری بەڕێز «مستەفا بارزانی»یان لەناو جەرگەی چیا بەرزەکانی کوردستان لەیاد ناچێت کە رێزی لە کریستیانەکان و کورستانیەکان گرتووەو پێکەوە بەشداریان لە شۆڕش و خەبات کردووە، لەم پێناوەشدا بەهاوشێوەی کوردەکان و ئایینزاکانی دیکە کریستیانەکانیش قوربانی و شەهیدیان داوە. لەهەرێمی کوردستان جیاوازی لەنێوان مەسیحیەك و موسڵمان و ئێزیدییەك ناکرێت، ئەمەش پێچەوانەی ئەو هێرش و دەربەدەرەی و تاوانە قێزەونانەیە کە کریستیانەکان لەناوەڕاست و خوارووی عێراق و پارێزگای نەینەوا رووبەڕووی دەبنەوەو مێژوو لەیادی ناکات. سوپاسی خواوەندیش دەکەین کاتێك هەموو دەرگاکان بەرووومان دادەخرێت دەرگای کوردستان و دڵی کورد بە رووماندەکرێتەوە و لەئاکامی ژیری نەتەوەی کوردو سەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستان کە ئاشتیخوازن و دەزانن ئەنجامی شەڕو ماڵوێرانی چییە.

سەبارەت بەم بارودۆخە من پیاوێکی ئایینیم هەربۆیە زۆر لەسیاسەت و رێکەوتن و پێوەندییەکانی نێوان حکومەتی مەرکەزی و هەرێمی کوردستان نازانم. بەڵام ئەو راستییە باش دەزانم کە عێراق بەرەو هەڵوەشانەوە دەچێت و لەم قۆناغەشدا بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی سیاسی لەهەرێمی کوردستان دا بەژیرانە مامەڵە لەگەڵ ئەو بارودۆخە دەکات کە ناوچەکەو عێراق تێی کەوتوون، من هەست بەو پاڵەپەستۆو فشارانە دەکەم کە کوردستان کەوتۆتە سەری، بەڵام هۆشیاریی تاکی کوردستانی و پاڵپشتی سەرجەم نەتەوەو ئایینزاکانی هەرێمی کوردستان هەموو گەمارۆیەکی ئابووری و پاڵەپەستۆ و فشارێك تێکدەشکێنێت، ئێمەی کریستیان بەهاوشێوەی کوردەکان و موسڵمانەکانیش لەم خاکەدا بەهاوبەش دەژین و لەئازارو خۆشیەکان بەشدارین، هەربۆیە لەپێناو کوردستاندا ئامادەیی خەبات و قوربانیدانیشمان هەیە، پاڵپشتی و یەکگرتوویی کوردو کوردستانیەکان قەیران و هێرشەکانی رابردووی تێکشکاندووەو ئەم دژایەتیکردنەی ئێستای کوردستانیش بێ ئاکام دەبێت. کاتی ئەوە هاتووە خەونە گەورەکەی کوردستان بێتە دی بەسەربەخۆیی و بوون بەدەوڵەت، ئەمە خەونێکە بەهاوشێوەی خەونی سەرۆکی گەورەی کورد ژەنەراڵ مستەفا بارزانی، کە کوردستانی گەیاندە رۆژەکانی ئەمڕۆ و هەرێمی کوردستان بووە خاوەنی پەرلەمان و حکومەت و دامودەزگای تەشریعی، ئەو سەردەمەش بە بەردەوام کوردستان لەبەردەم پیلان و هێرشی توند بوو، ئێمە وەکو پیاوانی ئایینی لەخوا دەپاڕێینەوە پارێزگاری لە هاووڵاتیانی عێراق و کوردستانی بکات و هەموو مرۆڤێك لە شەڕو کوشتن دوور بخاتەوە، ئەمڕۆ زمانی دیالۆگ و گفتوگۆ هەیە.



# نەورۆز ئازادی و سەرفرازی


## رەهەندە سیاسیی و کۆمەڵایەتیەکانی



یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامیش رایگەیاندووە: «نەورۆز جەژنێکی نەتەوەیی گەلی کوردستانە، نیشانەی سەرکەوتن و کۆتایی هاتنە بە زوڵم و ستەم و زۆرداری لە مێژووی نەتەوەکەماندایە، تا ئاشکرای بکات کە گەلێکی سەربەخۆی خاوەن ناسنامەی خۆیەتی و پەیوەندی بە بیروباوەڕ (العقیدة) و پەرستشەکان (العبادات) نییە».

لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان ئەوەش دەخاتەڕوو کە «لە ساڵی ١٩٧٠ زانایانی کوردستان هەر یەک لە: م.شێخ محەممەدی خاڵ، م. مستەفا نەجیب قەرەداغی، م. عەبدولحەمید ئەتروشی، م. شێخ محەممەدی قەرەداغی، م. سەید حەسەن لە کەرکووک، م. مەلا عەبدالله چروستانی، م. مەلا عەبدولڕەحیم پەرخی، و م. مەلا عەبدولسەلام) فتوایان داوە کە نەورۆز بۆنەیەکی نەتەوەیی کوردەو ئاگری نەورۆزیش ئاماژەی سەرکەوتنی شۆڕشی نەتەوەیەکە بەسەر زوڵم و ستەمدا، نەورۆزیش سەری ساڵی نوێی کوردییە، خۆی لە خۆیدا بۆنەیەکی رەوایە».

هەروەها لیژنەکە دەڵێت «ئەگەر شتی نائاسایی و ناپەسەندیش -خوا نەخواستە — لە هەر بۆنەیەک ڕووبدات، نابێت بەو هۆیەوە بۆنەو جەژنێکی نەتەوەیی گەلەکەمان لەکەدار بکەین».



لە سەرجەم کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و وڵاتە جیاوازەکاندا زۆرێك لە ئەفسانەکان ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی و تەنانەت ئایینییان وەرگرتووە، زۆرجاریش ئەفسانەیەك بۆتە بنەمای بۆنەیەکی نیشتمانی و جەژنی(نەورۆز) یش یەکێکە لەو ئەفسانە کۆنانەی مێژوو، کە تا ئێستا جگە لە وڵاتانی بەرکەوتەی کوردان، لە چەندین وڵاتی دیکەش بایەخێکی نیشتمانی هەیە، گەلی کوردیش لە کۆنترین نەتەوەکانی سەر گڵتۆپی خاکین و خۆیان بە خاوەنی (نەورۆز) دەزانن، لە خەباتی ڕزگاریخوازیشدا وەك هێمایەکی ئازادی و ڕزگاری لە کۆتوبەندی ستەمکاری و ژێردەستەیی سەیریان کردووە. جیا لەوەش نەورۆز وەك ڕۆژێکی نوێ لە بواری کۆمەڵایەتیش ڕەنگدانەوەی بەرچاوی لە کۆمەڵگەی کوردی هەبووەو کوردان بە هەر دوو ڕەگەزەوە بایەخێکی زۆریان بەم ڕۆژە داوەو ئاهەنگی جۆراوجۆریان بۆ گێڕاوە. لەگەڵ ئەوەشدا تا هەنووکە ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی نەورۆز خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێ. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان ئەو تێڕوانینە جیاوازانە زیاتر بەرجەستە دەکەنەوە.

**نەورۆز پێناسەی جۆراوجۆری بۆ دەکرێ**

نەورۆز وەك سەری ساڵی نوێ پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، دەوترێ لەو ڕۆژەدا ئاگر دۆزراوەتەوەو خەڵك کردوویەتی بە جەژن و دنیای لە تاریکی بەرەو ڕووناکی بردووە، یان لە ئەفسانەی شانامەی (فیردەوسی) دا نەورۆز بە ڕۆژی سەرکەوتنی کاوەو شکستی زوحاک دەستنیشان کراوە، هەروەها زەردەشتییەکان وەك ڕۆژی سەرکەوتنی (ئەهوورا مەزدا) بەسەر (ئەهریمەن)دا، ئاماژەیان پێکردووە، ژمارەیەك لە مێژوونووسانیش(نەورۆز)یان وەك ڕۆژی دامەزراندنی دەوڵەتی (ماد) و یەکەم دەوڵەتی کوردی ناو بردووە، فەلەکناسانیش قسەی خۆیان لەو بوارەدا هەیەو باسی ئەوە دەکەن کە نەورۆز ڕۆژی ڕاوەدوونانی زستانی ساردوسڕ و سەرەتای هاتنی وەرزی بەپیت و بەرەکەتی بەهارە و یەکەم ساتی یەکسانی ماوەی ڕۆژ و شەوە و... تاد.

لە لایەکی دیکەوە بەپێی زۆرێك لە پێوەرەکانی ژیۆپۆلۆتیك نەورۆز تەنیا جەژنی کوردان نییە، چونکە لە هەموو ئەو نەتەوانەی پێشتر بەشێك بوون لە دەوڵەتی میدیا وەك وڵاتانی ئێستا( ئێران، ئەفغانستان، تاجیکستان، کۆماری ئازەربایجان، قەزاقستان، تورکمانستان، پاکستان، لوبنان و تورکیا و چەندین وڵاتی دیکەش) نەریت و ڕێسا و ئاهەنگی تایبەتییان بۆ ئەو ڕۆژە هەیە، بەڵام نەورۆز بۆ گەلی کورد بایەخێکی تایبەتیتری هەیە، لە خەباتی ڕزگاریخوازیشدا وەك هێمایەکی ئازادی و ڕزگاری لە کۆتوبەندی ستەمکاری و ژێردەستەیی سەیریان کردووە. تەنانەت هەر لەم ڕۆژەدا و لە ساڵی ١٩٩١ کەرکووکی دڵی کوردستان لە ژێردەستی رژێمی بەعسی ڕزگار کراوە. ئەوەش نەورۆزی بۆ کوردان درەوشاوەتر کردووە.



## کەرکووك و نەورۆز و کوردستان لێکدانابڕێن

بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە زۆربەی پەیامەکانیدا بە بۆنەی هاتنەوەی نەورۆز و سەری ساڵی کوردییەوە (نەورۆز و کەرکووك و کوردستان)ی پێکەوە گرێداوە، کە نموونەی بەرچاوی پەیامی نەورۆزی بەڕێزیان لە ساڵی پار بوو، کە لە پەیامەکەیدا وێڕای پیرۆزبایی لە هەموو پێکهاتەکانی کوردستان، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، «نەورۆز بۆ گەلی کورد مانا و پەیامی تایبەتی خۆی هەیە. بە درێژایی مێژوو ئەوە نەورۆز بووە، خاڵی وەرچەرخانی لە ژیانی گەلی کورددا دروست کردووە». سەرۆك بارزانی لەو پەیامەیدا جەختی لەوە کردەوە کە «زۆربەی سەرکەوتن و خۆشی و ناخۆشییەکانی گەلی کورد لە مانگی ئادار و نەورۆزدا ڕوویانداوە»، لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەیدا باسی ئەوەی کرد کە: «زیاتر لە ٢٧٠٠ ساڵە کورد زوڵمی قبووڵ نەکردووەو ئێستایش مەحاڵە قبووڵی بکات. جەژنی نەورۆز هەردەم بیرەوەریی ڕووخانی نەیارانی گەلەکەمان و موژدەی دەستپێکی ژیانێکی گەش و پڕئومێدمان پێ دەبەخشێت». وتیشی: «هەڵاتنی خۆری ئازادی لە نەورۆزی ١٩٩١ ی کەرکووکدا مانایەکی قووڵتری بەخشییە نەورۆز و ئەدەبیاتی نەتەوەیی و سیاسیی ئێمەی دەوڵەمەندتر کرد و سەلماندی کە کەرکووك و نەورۆز و کوردستان قەت لێك دانابڕێن». سەرۆك بارزانی لە پەیامی یادەکانی ئاداری ئەمساڵیشدا دووپاتیکردەوە کە جەژنی نەتەوەیی نەورۆز، «جەژنی سەرکەوتنی ئیرادەی ژیان و ئازادی بەسەر زوڵم و بێدادیدایە، ئەوەش بۆ ئێمە مانای ئەوەیە کە ئەنجامی قوربانیدان و خەباتی ڕزگاریخوازی کورد گەیشتنە بە ئازادی، تێپەڕین بەو هەموو نەهامەتییانەدا ئامانجێکی ڕوونی هەیە، کە هەڵکردنی ئاگری ڕۆژێکی نوێیە بۆ کورد، ڕۆژێک کە گەلەکەمان تیایدا سەربەست دەبێت».

## هەموو گەلێك مافی خۆیەتی بۆنەی نیشتمانی، یان ئایینی هەبێت

نەورۆز ئەگەر بۆ نەتەوەکانی غەیری کورد، تەنیا هێمای نوێبوونەوە و دەستپێکی ساڵێکی دیکە بێت و وەک نەریتێکی کۆنی کەلتووری و کۆمەڵایەتی و مێژوویی سەیر بکرێ، ئەوا بۆ کوردان و بەتایبەت لە چەند دەیەی ڕابردوودا وەک هێمایەکی بەرەنگاری و بەرخۆدانی نەتەوەیی و نیشتمانی سەیرکراوە.

ئەکرەم عومەر مامۆستای مێژووە و لە ئاخافتنێکیدا بۆ گولان، سەرەتا هێمای بۆ ئەوە کرد کە نەورۆز ڕەهەندێکی نیشتمانی و نەتەوەیی هەیە و وتی: «هەموو گەلێك مافی خۆیەتی بۆنەی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئایینی هەبێت، نەورۆزیش دێرینترین و ڕەسەنترین جەژنی گەلی کوردەو لای ئێمەی کورد بایەخێکی

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان:**
**کەرکووک و نەورۆز و کوردستان قەت لێک دانابڕێن**

**لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان: نابێت جەژنی نەتەوەیی گەلەکەمان لەکەدار بکەین**

**مامۆستایەکی مێژوو:**
**ئاگرکردنەوەی نەورۆز هێمای زاڵبوونە بەسەر تاریکیداو یەکەمین ڕۆژژمێری کوردیشە**

**ماموّستایەکی زانستی ئایینی:**
**هیچ دەقێک لە قورئاندا نییە جەژنی نەتەوەیی بە ڕەوا نەزانێت**

**توێژەرێک:**
**لەبەرکردنی جلی کوردی لە بۆنەکانی نەورۆزدا زیندووکردنەوەی ڕەسەنایەتی نەتەوەیی کوردە**

**بەرگدروویەک:**
**بەر لە دوو مانگ پێش هاتنی نەورۆز مشتەرییەکان ڕوومان تێدەکەن و جلوبەرگی کوردی بەکردن دەدەن**

گرنگی مێژوویی هەیە کە تێکەڵ بە هزر و هۆش و بیرمان بووەو بۆتە بەشێکی ڕەسەن و نەمر لە کەلتووری گەلەکەمان و ڕەگی لە ناخی خەبات و بەرەنگاریماندا داکوتاوە و لەڕووی ئەدەبیشەوە نەورۆز هەوێنی چەندین شاکاری ئەدەبییمان بووە». ئەو ماموّستایە لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بە ئاگرکردنەوە لە ڕۆژی نەورۆز کرد و وتی: «گەلانی کۆن بە پشتبەستن بە پلەی گەرمی و هاتن و چوونی وەرزەکان توانییان ڕۆژژمێرێکی سەرەتایی بۆ خۆیان دابڕێژن، کە دواتر بووە هەوێنی دەیان ڕۆژژمێر و کاتژمێری جیاواز، ئاگرکردنەوەی نەورۆز هێمای زاڵبوونە بە سەر تاریکیدا و یەکەمین ڕۆژژمێری کوردیشە». باسی لەوەش کرد کە نەورۆز بەلای هەموو ئەو نەتەوانەوە گرنگە کە لە خاکی (میدیا)دا ژیاون، کە بە نەتەوەکانی هیندوئەوروپی کۆن ناسراون، وتیشی: «ئەگەر تەماشا بکەین هەریەك لە ئەفغان و هیند و تاجیك و ئۆزبەگ و فارس بەشێوازی جیاجیا یادی نەورۆز دەکەنەوە، ئەمە مانای ئەوەیە کە هەموو میللەتانی ناوەڕاستی ئاسیا و نەوەکانی هیندوئەوروپی ئەم جەژنە بەپیرۆز دەزانن».

**نەورۆز کەلتووری جلی کوردی زیندوو دەکاتەوە**

توێژەری کۆمەڵایەتی شەوین عەلی، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «نەورۆز لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە گرنگی زۆری هەیەو دەبێتە هۆی نزیکبوونەوەی خێزانەکان بەتایبەتی لەو کاتانەی کە پێکەوە بۆ گەشتکردن دەچن، ئەمە بێجگە لەوەی کە چەندین خێزانی لە یەك تۆراو، لەو ڕۆژەدا ئاشت دەبنەوە». وتیشی: «ئەم جەژنە کۆمەڵێك پرەنسیپی تایبەت بەخۆی هەیەو وەك ڕۆژەکانی تری ساڵ نییە، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەو ڕۆژەش ئەوەیە کە کەلتووری جلی کوردی زیندوو دەکاتەوە، واتە لەبەرکردنی جلی کوردی لە بۆنەکانی نەورۆزدا زیندووکردنەوەی ڕەسەنییەتی نەتەوەیی کوردە، ئەمە بێجگە لەو جۆرە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییانەی کە نەورۆز بەدوای خۆیدا دەیهێنێت، کە زۆر جار گۆڕانکارییەکی گەورە لە ژیانی تاکدا دروستدەکات، بۆیە پێویستە بە گرنگییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم ڕۆژەدا بکرێت».

**ڕۆژانی پشووی نەورۆز کەمە و پێویستە زیاتر بکرێ**

شێروان تاهیر ماموّستای قۆناغی بنەڕەتییەو و ئەویش ڕایوایە، نەورۆز گرنگییەکی زۆری لەڕووی نەتەوەییەوە هەیەو بووەتە هێمایەك بۆ یەکرێزی نەتەوەیی و پێکەوەژیان. هاوکات ڕەخنە لە کەمبوونی پشووی نەورۆز دەگرێت و دەڵێت: «بەداخەوە تا ئێستا ڕۆژانی پشووی نەورۆز دەستنیشان نەکراون، پێویستە لانیکەم هەفتەیەك بۆ فەرمانبەران بکرایەتە پشوو، هەتا بتوانن کاتێکی پڕ لە بەختەوەری لەم ماوەیەدا بەرنەسەر و نەورۆزەکەیان بەخۆشی بەڕێبکەن».




سدیق عوسمانی بەرگدروو، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە زۆربەی خەڵك بە نزیکبوونەوەی نەورۆز هەوڵی دابینکردنی جلوبەرگی کوردی دەدەن، وتیشی: »ئێمە بەر لە دوومانگ پێش هاتنی نەورۆز مشتەرییەکان ڕوومان تێدەکەن و جلوبەرگی کوردی بە کردن دەدەن».

**کوردستانییەکان هەم ڕێز لە جەژنی نەتەوەیی خۆیان دەگرن هەمیش لە جەژنە ئایینەکان**

لەلای خۆیەوە ئاری ئیسماعیل ماموّستای زانستە ئیسلامییەکان، ئەوەی خستەڕوو کە نەورۆز جەژنێکی نەتەوەیی گەلی کوردەو نیشانەی سەرکەوتن و کۆتایی هاتنە بە زوڵم و ستەم و زۆرداری لە مێژووی نەتەوەکەماندا، وتیشی: »نەورۆز جەژنی نەتەوەیی گەلی کوردستانە، گەلی کوردستانیش مافی خۆیەتی ئەم جەژنە نیشتمانیە بە ڕێزەوە یاد بکاتەوە، هەروەها بەشی هەرە زۆری کوردستانیەکان موسڵمانن و ڕێزێکی گەورەش لە جەژنە ئاینیەکان دەگرن، بۆیە لەدژی ئایینی ئیسلام نییە«. ئەو ماموّستایە جەختی لەوەش کردەوە کە هەموو گەل و نەتەوەیەك لە سەرتاسەری جیهاندا ڕۆژێکیان تەرخان کردووە بۆ جەژنی نیشتمانی، وتیشی: «هیچ دەقێك لە قورئان و فەرموودەدا نییە کە ڕێگە نەدات بە بۆنەکان بگوترێت جەژن، وەك جەژنی دایك و جەژنی ئافرەتان و جەژنی نەتەوەیی و نیشتمانی».

**نابێت جەژنی نەتەوەیی گەلەکەمان لەکەدار بکەین**

گەرچی هەندێ لەوانەی خۆیان بە شوێنکەوتووی ئیسلامی سیاسیی دەزانن هەندێك شتی بێ بنەما و دوور لە قورئان و سوننەت بڵاو دەکەنەوە کە نیشانەی



تێنەگەیشتنیانە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام، ئەم حاڵەتانەش هەر تەنیا لە دژی بۆنەیەکی نەتەوەیی وەك جەژنی نەورۆ نییە، بەڵکو پێش یەك دوو مانگ، کوردستانیەکان بەگشتی و هەولێرییەکان بە تایبەتی وەك شانازییەکان یادی رۆژی لەدایکبوونی حەزرەتی پێغەمبەریان (د.خ) کردەوە، کەچی ئەو جۆرە ئیسلامیە ئوسوڵی و سیاسیانە، ئەوەیان بە بیدعە لە قەڵەم دەدا، بەمەش هەم هەستی کوردستانیەکانیان لەسەر جوانترین و پیرۆزترین بۆنەی ئایینی بریندار کرد، هەم هەستی هەولێرییەکانیش بەو سیفەتەی سوڵتان موزەفەرەدین بۆ یەکەمجار لەمێژووداو لە شاری هەولێر یادی لەدایکبوونی حەزرەتی پێغەمبەری (د.خ)کردۆتەوە، ئێستاش لەسەروبەندنی جەژنی نەتەوەیمان و سەرساڵی کوردی لە هەندێك بڵاوکراوەی ئەو ئیسلامیانە شتی لەو جۆرە دەبینین کە هەستی هەموو کوردستانیەکان بریندار دەکات، هەر بۆ نموونە یەکێك لەوانە وتاریکی نووسیووە بەناوی «نەورۆز و ئیسلام» تیایدا هاتووە :(«لە ئیسلامیشدا تەنیا دوو جەژن هەیە (ڕەمەزان و قوربان) جگە لەم دوو جەژنە جەژنەکانی تر داهێنراون و بەشداریکردن و شادیکردن و پیرۆزباییکردن تیایاندا قەدەغەیە»)، پرسیاری گرنگە لەم ئەقڵە دواکەوتووە ئەوەیە ئایا لە هەرێمی کوردستان لیژنەی باڵای فەتوای نییە؟ ئایا یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستانیش سەبارەت بە جەژنی نەتەوەیی نەورۆز هەڵوێستی چییە؟ بێگومان ئاشکرایە لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان، نەورۆز بە جەژنی نەتەوەیی گەلی کوردستان دەزانێت و هەڵوێستی ئاشکرایە، هەروەها یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامیش رایگەیاندووە:»نەورۆز جەژنێکی نەتەوەیی گەلی کوردستانە، نیشانەی سەرکەوتن و کۆتایی هاتنە بە زوڵم و ستەم و زۆرداری لە مێژووی نەتەوەکەماندایە، تا ئاشکرای بکات کە گەلێکی سەربەخۆی خاوەن ناسنامەی خۆیەتی و پەیوەندی بە بیروباوەڕ (العقیدة) و پەرستشەکان (العبادات) نییە».

لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان ئەوەش دەخاتەڕوو کە «لە ساڵی ١٩٧٠ زانایانی کوردستان هەر یەک لە: م.شێخ محەممەدی خاڵ، م. مستەفا نەجیب قەرەداغی، م. عەبدولحەمید ئەتروشی، م. شێخ محەممەدی قەرەداغی، م. سەید حەسەن لە کەرکووک، م. مەلا عەبداللە چروستانی، م. مەلا عەبدولڕەحیم پەرخی، و م. مەلا عەبدولسەلام) فتوایان داوە کە نەورۆز بۆنەیەکی نەتەوەیی کوردەو ئاگری نەورۆزیش ئاماژەی سەرکەوتنی شۆڕشی نەتەوەیەکە بە سەر زوڵم و ستەمدا، نەورۆزیش سەری ساڵی نوێی کوردییە، خۆی لە خۆیدا بۆنەیەکی رەوایە». هەروەها لیژنەکە دەڵێت «ئەگەر شتی نائاسایی و ناپەسەندیش -خوا نەخواستە — لە هەر بۆنەیەک ڕوویدات، نابێت بەو هۆیەوە بۆنە و جەژنێکی نەتەوەیی گەلەکەمان لەکەدار بکەین».

شایانی باسە لەهەرێمی کوردستان ژمارەیەك لەمامۆستایانی ئایینی فەتوای حەرامبوونی جەژنی نەتەوەیی گەلی کوردیان داوەو رایانگەیاندووە کە گەلی کورد تەنیا خاوەن دوو جەژنی ئایینییە و سەرجەم جەژنەکانی دیکە حەرامن.

**فەرمانبەرێک:**
**نەورۆز گرنگییەکی زۆری لە ڕووی نەتەوەییەوە هەیەو بۆتە هێمایەک بۆ یەکڕیزی نەتەوەیی و پێکەوەژیان**

### یاد و بیرەوەری

### یەکێک لە نەبەردییەکانی هێزی خەبات

# دەمەو ئێوارەی بەهارێکی ڕەش!

د. حوسێن موحەممەد عەزیز *
بۆ گوڵان دەینووسێت



**(پێنجوێن):**

دوای ئەوەی مانگی (١٠)، لە بەرەکانی جەنگی نێوچەی سەرکردایەتی گەڕاینەوە، من لە بەتالیۆنی (٤) نەمام و بۆ بارەگەی هێزی (خەبات) گوێزرامەوە.* ئەوەی دەمەوێ، لە ئەم یادە کورتەدا باسیکەم و جەختی لەسەر بکەمەوە، دوا جەنگ و هەوڵدانی هێزی پێشمەرگە بوو، کە هێزەکانی سوپا و جاشە کورد، ماوەیەك بوو، شارۆچکەی (سەییدسادق) یان داگیرکردبوو، هێڵی هاتوچۆی ناوچەکانی (پێنجوێن، هەڵەبجە، بیارە و تەوێڵە) یان، لە یەکدی دابڕیبوو. هێزەکانی (خەبات، ڕزگاری و ئەزمڕ) یش، لە ئەو نێوچە گرنگانەدا بڵاوبووبوونەوە.

ئەو کاتە من، لەگەڵ هێندێ هاوڕێ و هاوبیری پێشمەرگەمدا: (برایمی حەمەعەلی، سەروەت موحەممەد ئەمین – دوکتۆر کوردۆ عەلی – کەریم لهۆنی)، پێکەوە لە یەك ماڵدا دەژیاین. هەردوو هاوڕێم (برایم و سەروەت)، لە بەشی دارایی بارەگەی هێز کاریان دەکرد. شەهید (فەتاح موحەممەد ئەمین) فەرماندەی هێز بوو، لە ماڵەوە تەلیفۆنی بۆ دانابوون، تا هەر کارێکی پێویست هەبێ، پێوەندییان پێوە بکەن. منیش ماوەی دوو ڕۆژ بوو، نەخۆشبووم و بە تەنیا لە ماڵەوە کەوتبووم.

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی (٠٩. ٠٣. ١٩٧٥) بوو، چەند جارێ تەلیفۆنم بۆ بارەگەی هێز کرد، کەس وەڵامی نەدایەوە. منیش زۆر نیگەران بووم، لەبەرئەوە ناچاربووم، خۆم کۆکەمەوەو بڕۆم. ئەو کاتە، بارەگەی هێز لە بەنگەڵەکانی خوار شارۆچکەکەوە بوو. کاتێ گەیشتم، چی دەبینم، بارەگەی هێز بە تەواوی چۆڵە و کەسی لێ نییە. ماوەیە وەستام و نەمدەزانی، چی بکەم، لە دڵی خۆمدا هەر لێکم دەدایەوە، ئاخۆ دەبێ، ئەم هەموو پێشمەرگەیە بۆ کوێ ڕۆیشتبن و چییان لێ هاتبێ؟!! لە پڕ جێگری فەرماندەی هێز شەهید (عەبدوڵڵا)ی برای کاك (فەتاح)، لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکدا پەیدابوون. سڵاوی کرد و وتی: ئەوە چی دەکەی؟! منیش بۆم باسکرد. ئەویش هەموو شتێکی بۆ ڕوون کردمەوە و وتی: لەگەڵ ئێمە وەرەو پێکەوە دەڕۆین. منیش وتم: چەکم پێ نییە. بە پێشمەرگەیەکی وت: بڕۆ، لە ماڵەوە کلاشینکۆفێکی بۆ بێنە. ماڵەکەشیان، بەرانبەر بارەگەی هێز بوو.

**بەرەو (شانەدەری):**

پاشان سواربووین و بەڕێکەوتین. گەیشتینە (کانی مانگا)، پزیشکەکانی مەڵبەندی تەندروستیی (پێنجوێن)، لە ئەوانە دکتۆر (لەتیف ئەمین) لەسەر چەقی ڕێگەکە وەستابوون، هێندێ داوودەرمانیان هێنابوو، تا ئەگەر پێشمەرگەیەك برینداربوو، چارەسەرێکی خێرای کاتیی بۆ بکەن. کەمێ لایان وەستاین و پاشان بەرەو گوندی (شانەدەری) ڕۆیشتین. لە دوورەوە بینیم، پێشمەرگەیەکی زۆر، لە نێو گوندەکەو دەوروبەرەکەیدا بڵاوبوونەتەوە.

کاتێ گەیشتین، دابەزین و ئیدی تێکەڵاوی جمکوتەکە بووین. من بە دوای هاوڕێکانمدا گەڕام و دۆزیمنەوە. لە ئەوێ هەموو شتێ تێگەیشتم. جگە لە بەتالیۆنی (٤)،

له بەرەكانی جەنگی نێوچەی سەركردایەتی شۆڕش بوو، هەموو فەرماندەو پێشمەرگەكانی هێزی (خەبات) هاتبوون. هێندەی بزانم، پێشتر كاك (فەتاح)، بەتالیۆنی (٥)ی لە بەرزاییەكانی پشتی (سەرای سوبحان ئاغا) جێگیر كردبوو، تا لە هەموو لایەكەوە، بەر بە هێرشی هێزەكانی دوژمن بگرن. فەرماندەی بەتالیۆنەكە، (شێخ موحەممەد باساكی) بوو، یاریدەدەرەكەشی هاوبیری شەهید (جەزای عەلی كاتب) بوو. سێ سەرلقی ئازای وەك (شێخ مەحمود باراوی، شێخ حوسێن باراوی و برایم ئاغا)شی لەگەڵ بوو، ئەو نێوچەیەیان تەنیبوو. واتە شارۆچكەی (سەییدسادق)، لە سێ لاوە گەمارۆدرابوو، تەنیا نێو شارۆچكەكە بە دەست دوژمنەوە بوو. بڕیار وابوو، كاژێری (٥)ی سەرلەئێوارە، كاتێ دنیا كەمێ تاریك دەبێ، هێزەكانی پێشمەرگە لە هەموو لایەكەوە هێرشبكەن، نێوچەكە لە هێزەكانی سوپا و جاش خاوێن بكەنەوە. بەڵام پێشمەرگەكانی ئەو بەتالیۆنە، فریای هیچ نەكەوتن، چونكە لە جەنگەكەوە تێوە نەگلان، فڕۆكە گوللەبارانیكردن و پێشمەرگەیەكیشیان لێ بریندابوو.

لە قەراغ گوندەكەو لەسەر سەربانی خانوویەكی نزمی قوڕین، هاوبیری شەهید (شێخ موحەممەدی سەیید عەلی حافز)، فەرماندەی هێزی (ئەزمڕ)، خوالێخۆشبوو دكتۆر (كەمال خۆشناو) ئەندامی لقی چواری پارتی، خوالێخۆشبوو (غەفوور مایاوەیی) و (كەریم دەروێش) دانیشتبوون. منیش سەركەوتم و سڵاوم لێ كردن، لە تەنیشت دكتۆر (كەمال)ەوە دانیشتم، چونكە لە زانكۆ هەم مامۆستام بوو، هەم ڕاگری كاروباری قوتابیانیش بوو، پێكەوە كارمان دەكرد. كەمێك دانیشتین، سەبارەت بە ڕەوشی شۆڕش و ئاییندەی گەلەكەمان، هێندێ قسەكرا، منیش بێ دەنگ دانیشتبووم و گوێم گرتبوو، بەڵام هەستم بە شتێكی وا نەدەكرد، كە باری شۆڕشەكە، بە ئەو شێوەیە خراپ بێ و لە مەترسی دابێ!

**شاڵاوی هێرش و بەرەنگاربوونەوە:**

هێندەی نەخایاند، لەبری ئەوەی ئێمە، هێرش بەرین و پەلاماری هێزەكانی دوژمن بدەین، ئەوان دەسپێشكەرییان كردو هێرشیان هێنا. دەنگی تانك و زیلی سەربازیی دەهات، ئیدی هەر ئەوەندەمان زانی، لە چەمەكەی بەردەم ئاوایی گوندەكەوە، لوولەی تانك و (موصەفەحە) دەركەوت، بوو بە تەقە و هەرا، بارەكە بە تەواوی شێوا. كەس سەر كەس نەدەپەرژا، هەر پێشمەرگە بوو، هەوڵیدەدا، گیانی خۆی ڕزگار بكات. هێندێ پێشمەرگەش بەرگرییان كرد، بەڵام بێ كەڵك بوو!

ئەوەی بە چاوی خۆمان بینیومانەو ئەوەی دواتریش، پێشمەرگەكان گێڕایانەوە، ڕووداوەكان بە ئەم شێوەیە بوو: هەر دوو ئەفسەری سوپا شەهیدان (ئەنوەری مەجید سوڵتان) و (سەباح نووری عارف)، دوو جێبی پچووكی كورتیان پێ بوو، چەكی تانك شكێنی (B 10) یان لەسەر دابەسترابوو، زۆر مەردانە، بەرەو ڕووی تانكەكان و هێزەكانی دوژمن هەڵمەتیان دەبرد و دەیانویست، تێكیان بشكێنن و هێرشەكە بووەستێنن، دەنگی تۆپ و گوللە، پەردەی گوێی دەلەراندەوە. بەڵام هیچ كەڵكێكی نەبوو، چونكە تازە كار لە كار ترازابوو، پێشمەرگەیەكیش لەسەر جێبەكە شەهیدبوو و كەوتنەخوارەوە!

**هەڵاتن و خۆدەربازكردن:**

من هەر هێندەم پێكرا، (سەروەت)ی هاوڕێم بدۆزمەوە و لەگەڵ هێندێ پێشمەرگەی دیكەدا، لە نێو كێڵگەیەكدا، كەمێ خۆمان مات بكەین. چاوم لێ بوو، جێبەكەی بارەگەی هێز دەڕۆیشت و دكتۆر (كەمال خۆشناو)یش، بە دوایدا ڕایدەكرد، شۆفێرەكە هێواشی كردەوە، تا سواری بكەن. دكتۆر (شیروان بابان) دەرگای دواوەی بۆ كردەوە، دەستی گرت و سواربوو. بەڵام لە ئەو كاتەدا، گوللەیەك بەر ڕانی كەوت و بریندارببوو.

شەهید (شێخ موحەممەد)، كە بە موعاون (شێخ موحەمەد) ناسرابوو، لە ڕێی هاوبیر (حەمەقادر)ی ژنبرایەوە، پێوەندی نهێنی بە (كاژیك)ەوە هەبوو، لەسەر جادەی ئەو سەربانەی لێی دانیشتبووین، بریندابوو. لەبەرئەوەی نەیدەتوانی، خۆی قوتار بكات و نەشیدەویست، خۆی بەدەست هێزەكانی دوژمنەوە بدا. دەمانچەكەی دەرهێنا، داوای لە ئامۆزاكەی (عوسمانی مەلا موحەممەد) كرد، بیكوژێ. بەڵام ئەو نەیتوانی، ئەو كارە بكات. ئیدی لە تاواندا، شەهید (شێخ موحەمەد) گوللەیەكی بە قوڕقوڕاگەی خۆیەوە نا و دەسبەجێ كەوت. (عوسمان)ی ئامۆزاشی، خۆی بەسەر تەرمەكەیدا دابوو، بە كوڵ بۆی دەگریا. سەربازەكانیش گەیشتنە سەریان و داوایان لێكرد، هەستێ و دەست بەرزكاتەوە، بەڵام ئەو هەڵنەستا، هەر دەگریا و گوێی لێ نەگرتن. لەبەرئەوە ئەویشیان شەهید كرد.

لێرەدا دەبێ، ئەوەش باسكەم، ئەو بەرەیە بە تەنیا بەرەی جەنگی هێزی (خەبات) بوو. بەڵام شەهید (شێخ موحەمەد)، بە كارێكی فەرمی هێزەكەی خۆی، لە ناوچەی (خورماڵ) بوو. لە گەڕانەوەدا، لەگەڵ (غەفوور مایاوەیی) و دوو پێشمەرگەی دیكەدا، كە هەردووكیان ئامۆزای خۆی بوون، تووشی شەهید (فەتاح) بووبوو، داوای لێ كردبوو، لەگەڵی بمێنێتەوە. ئەویش حەزی نەكردبوو، بەجێی بێڵێ و مابووەوە. ئەم شەهیدە نەمرە، هەر لەساڵی (١٩٥٠)ەوە، تا شەهیدیش كرا، بە شێوەیەكی بەردەوام، بەشدارییەكی بەرچاو و گرنگی، لە هەموو چالاكیی ڕامیاریی و سەربازیی گەلەكەیدا كردووە، لە بەرەكانی جەنگی دژ بە داگیركەرە یەك لە دوا یەكەكانی كورد و شۆڕشی (١١)ی سێپتێمبەر، هەر لە چیا سەركەشەكانی (حەمرێن)ەوە تا (زاخۆ)، وەك بێچووە شێرێكی ئازاو بوێر، دژی دوژمنان و داگیركەران وەستاوە، داستانەكانی چیای (ئەزمڕ، گۆیژە، قەیوان، چوارتا، بەرواری باڵا..)، گەواهی ئازایەتی و مەردایەتی ئەم قارەمانەمان بۆ دەدەن!

كاتێك هاوبیر (شێركۆ بێكەس)، ئەو هەواڵە جەرگبڕەی بیست، لەسەر زمانی شەهید (شێخ موحەممەد)ەوە، ئەم چوار دێڕە هۆنراوەیەی وت و لە نێو خەڵكیدا، وەك هەورەبروسكە بڵاوبووەوە:

**جگە لە دەوڵەتی داگیركەری (بەعس)، دەزگەی هەواڵگریی و سەرانی دەوڵەتەكانی (ئەمریكا، ئێران و جەزایر)، لە مووبەقە سامناكە نهێنییەكەی خۆیاندا، چ جۆرە خۆراكێكی ژاراوییان بۆ ئامادەكردوین! نەماندەزانی، داوی چ جۆرە پیلانێكی گڵاوی مەرگ چێنیان بۆ چنیوین!**

**لەبری ئەوەی ئێمە، هێرش بەرین و پەلاماری هێزەكانی دوژمن بدەین، ئەوان دەسپێشكەرییان كردو هێرشیان هێنا. دەنگی تانك و زیلی سەربازیی دەهات، ئیدی هەر ئەوەندەمان زانی، لە چەمەكەی بەردەم ئاوایی گوندەكەوە، لوولەی تانك و (موصەفەحە) دەركەوت، بوو بە تەقە و هەرا، بارەكە بە تەواوی شێوا. كەس سەر كەس نەدەپەرژا**

**لەبری ئەوەی ئێمە، هێرش بەرین و پەلاماری هێزەکانی دوژمن بدەین، ئەوان دەسپێشکەرییان کردو هێرشیان هێنا. دەنگی تانک و زیلی سەربازیی دەهات، ئیدی هەر ئەوەندەمان زانی، لە چەمەکەی بەردەم ئاوایی گوندەکەوە، لوولەی تانک و (موصەفەحە) دەرکەوت، بوو بە تەقە و هەرا، بارەکە بە تەواوی شێوا. کەس سەر کەس نەدەپەرژا**

**شەهید (شێخ موحەمەد) گوللەیەکی بە قوڕقوڕاگەی خۆیەوە نا و دەسبەجێ کەوت. (عوسمان)ی ئامۆزاشی، خۆی بەسەر تەرمەکەیدا دابوو، بە کوڵ بۆی دەگریا. سەربازەکانیش گەیشتنە سەریان و داوایان لێکرد، هەستێ و دەست بەرزکاتەوە، بەڵام ئەو هەڵنەستا، هەر دەگریا و گوێی لێ نەگرتن. لەبەرئەوە ئەویشیان شەهید کرد**

**من ئاڵایەك لە شۆڕش و لە پێشمەرگە و (بارزانیی)م وەرگرتبێ من سەنگەرێك کە باوەڕی کوردایەتی، لە بیرما هەڵیکەندبێ چۆن ئەهێڵم، بینەوێنن، داگیریکەن، چۆن ئەهێڵم، دەستانکەوێ من لێرەدا، ئازادیی بۆ (کوردستان) و خۆکوشتنم بۆ خۆم ئەوێ.**

***

هەروەها، خوالێخۆشبوو (غەفوور مایاوەیی) کە هاوڕێیەکی نزیکی شەهید بوو، بریندارکرا و لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکدا دەسگیرکران. پاشان لێبووردنێکی گشتیی دەرچوو، ئازادکران. لە ئەو هێرشە بەربڵاو و پێکدادانە کتوپڕییەدا، جگە لە ئەوانەی باسم کردن، چوار پێشمەرگە شەهیدبوون و سێ پێشمەرگەش بریندار بوون، لە ئەوانە (شێخ جەلالی شێخ رەشید، خالیدی شێخ موحەممەد و حامیدی حەمە بەگ). بەڵام تا ئەوڕۆ، زیانی دوژمن نەزانراوە.

پاشان تا دەهات، دەنگی گوللەی کلاشینکۆف و دۆشکە کز دەبوو، ئیدی ئێمەش هەستاین، خۆمان دانەواند بوو، وردە وردە، بە هێواشی و بە ترسەوە، هەنگاومان دەنا و بەرەو گوندی (هۆڵەسمت) کەوتینە ڕێ. بۆ نەگبەتی، بە نێو ئەو کێڵگەیەدا دەڕۆیشتین، هەمووی کێڵرا بوو، نەرم و قوڕاویی بوو، بە پێڵاوەکانمانەوە دەنووسا، وردە وردە بارانیش دەباری، ئێمەش جلی زستانەمان لەبەردابوو، چەکمان لە شاندا بوو، زۆر بە گران هەنگاوماندەنا و نەماندەتوانی، بە ئاسانی بڕۆین. دەممان وشك بووبوو، (سەروەت) زۆر ماندووبووبوو، نەیدەتوانی، بەپێی من بڕوا و گوتی: هێزم نەماوە و زۆریشم تینووە. منیش لە گیرفانی قەمسەڵەکەمدا، بنێشتێکی سەهمم دەرهێنا و گوتم: ئەمە بجوو، گەرووت تەڕدەکا. ڕێژنەی گوللەبارانیش، بە سەرماندا هەر گیزەی دەهات، تا کەمێ لە گوندی (شانەدەری) دوورکەوتینەوە.

پێشمەرگەیەك (کەمالی حاجی غەفوور)، کە پێشتر دەمناسی و لەبەر شارەوانییە کۆنەکە کوتاڵی دەفرۆشت، هاواری لێ هەستا و وتی: ئەرەوەڵڵا گوللەیەك بەر سمتم کەوت. خۆشی کەمێ قەڵەوبوو، لەبەرئەوە نەیدەتوانی، بە باشی بڕوا. هەرچی چۆنێ بوو، بە ئەو لێزمە و بارانە، گەیشتینە گوندی (هۆڵەسمت). لە ئەوێ وڵاخێکم بۆ پەیداکرد و سواربوو. بارانەکە تا دەهات، زیادی دەکرد، دەتگوت، لە ئاسمانەوە بە کوندە ئاو دەڕێژن! ئێمە زۆر بووبووین، بە ئەو شەوە تاریك و پڕ باراناوییە، بە ئەو ڕێ سەخت و شاخاوییەدا هەڵگەڕاین، هەر دەڕۆیشتین و ساتێ نەدەوەستاین، بەڵام لە هێزەکانی دوژمن، زۆر دوورکەوتبووینەوە، ترسی ئەوەمان نەمابوو، بمانگەنێ، یا گوللەبارنمان کەن.

**گوندی (چەوتان):**

لە ئەنجامدا، ئێوارەیەکی درەنگ گەیشتینە گوندی (چەوتان). لە ئەوێ کوێخای گوندەکەمان دۆزییەوە، بەسەر ئەو ماڵە هەژارانەدا دابەشیکردین و دامەزراین. من و (سەروەت)، بەر ماڵێکی زۆر بەڕێز و ڕووخۆش کەوتین. گەلێ ڕێزیان لێ گرتین. نان و چایمان خوارد و کەمێ گەرمبووینەوە، بەڵام هەموو جلەکانمان تەڕبوو. پاشان نوێنیان داینێ و چووین بۆ مزگەوت. هەموو پێشمەرگەکان کۆبووبوونەوە، خۆمان ڕووتکردبووەوە و بە دەرپێیەکەوە، لە دەوری زۆپا گەرمە سووربووەکەوە وەستابووین، جلەکانمان وشککردەوە، پیرە زۆپاش ناڵەی دەهات. دوایی هەرچی چۆنێك بوو، ئەو شەوەمان ڕۆژکردەوە، چونکە زۆر ماندووبووین، لە دەوروپشتی زۆپاکە، زوو خەومان لێکەوت. بەیانی زوو، نوێنەکانمان کۆکردەوە و ڕووەو ماڵی خانەخوێکەمان ڕۆیشتین. نان و چامان خوارد و ئیدی ماڵاواییمان لێ کردن.

پاشان، هەموو پێشمەرگەکان کۆبوونەوە، شارەزایەکمان پێشخست و ئێمەش بە ئەو بزنە ڕێیانەدا، بە ئەو هەڵبەزو دابەزەدا، بە ئەو چیاوچۆڵە بەرزانەدا بەڕێکەوتین، سەرەوخوار بووینەوە. دیارە چانسمان هەبوو، تا بڵێی ڕۆژێکی خۆشبوو، بارانەکە خۆشی کردبووەوە، هەتاوێکی زۆر بەتین بوو، بە تەواویی گەرمی کردینەوە. جا هەر بە ڕاستی، هەتاوی دوای بارانبارین زۆر جوان و خۆشە. تا لە دوورەوە بارەگەی لقەکەی خوالێخۆشبوو (جەزای حەمە تالیب) و چەند پێشمەرگەیەکمان بینی، ئیدی ملماننا و بەرەو ئەوێ ڕۆیشتین.

**پێکشادبوونەوە:**

کاتێ گەیشتین، شەهید (فەتاح) و چەند پێشمەرگەیەك دانیشتبوون. دڵمان زۆر خۆش بوو، جارێکی دیکە، ئەو برا پێشمەرگانەمان بینییەوە. مامۆستا (فارس)، لەگەڵ شەهید (فەتاح) بوو، خەڵکی شارۆچکەی (سەییدسادق) بوو، کون وقوژبنی ئەو نێوچەیە شارەزابوو، ڕێی پیشاندابوو، بە ئاسانی دەرچووبوون. بەڵام ئەو پیاوە، هەرچەندە مامۆستا بوو، هێندە ئازا و ورە بەرزبوو، هەرچەندە کوڕە ئاغا بوو، هێندە ڕووی شیرین و خۆش بوو، هێندە ئاسایی و بێ فیزبوو، قسەی خۆشی بۆ دەکردین و سوعبەتی لەگەڵ دەکردین، هەر وەك فەرماندەی هێزیش نەبێ، وابوو! ڕووی دەمی لە من کرد و وتی: وا بڵاوبووەوە، کە شەهید بووی، بەڵام سوپاس بۆ خوا، ڕاست دەرنەچوو. دوای کەمێ قسەکردن و پێکەنین، چەند پێشمەرگەیەکی هەڵبژارد، لە ئەوانە هەردوو هاوبیر (فەرهاد عەبدولحەمید، برایمی حەمەعەلی ...)، تا بچن، پردەکەی (کەوڵۆس) بتەقێننەوە، چونکە لە ئەوە دەترسا، سوپای داگیرکەر بە ئەوەشەوە نەوەستن، هێرش بێنن و بەرەو (پێنجوێن) بجووڵێن. بەڵام لە ئەوە دەچوو، هەر هێندە فەرمانیان پێ کرابێ، لە گوندی (شانەدەری) بە ئەو لاوە نەیەن و نەجووڵێن. پاشان کۆمەڵێ پێشمەرگەی دیکەی جیاکردەوە و وتی: ئێوە لێرە دەمێننەوە. بەشێکتان لە بارەگەی لق بن و بەشەکەی دیکەشتان، پەنجەی ڕاکێشا و وتی: لەسەر ئەو چیا بەرزە، تا ڕۆژدەکاتەوە ئێشك دەگرن. ئیدی ماڵاوایی کرد و لەگەڵ کۆمەڵێ پێشمەرگەدا ڕۆیشتن.

**سەرچیا:**

نانی ئێوارەمان خوارد، کۆمەڵێ پێشمەرگە: من و (سەروەت، دکتۆر شیروان بابان، شەهید بێستوونی مەلاعومەر، ئەحمەدی عارفی فیتك و خوالێخۆشبوو جەزای ئەحەشانە) سەرکەوتین. چیاکە زۆر بەرزبوو، زەویش تەڕبوو، هێشتا تین و تاوی خۆرەکە، بە تەواوی وشکی نەکردبووەوە. سەرەڕای قورسی خۆمان و چەکەکانمان، سەروو پەتۆشمان پێ بوو. دوای ماوەیە سەرکەوتین و لەسەر لووتکەی چیا بەرزەکە، پانتاییەکی باشی

لــێ بوو، جێگیربووین. هەرچەندە شــەوێکی زۆر ســاردبوو، نەشمان دەوێرا، ئاگربکەینەوە. بەڵام مانگەشەو بوو. ئێشکمان دەسپێکرد، ئێشــکچیمان دیاریی کرد و هەر پێشمەرگەیەك، تا بەیانــی دوو کاژێری بەرکەوت. ئێشــکچی ڕۆی و بە هەر چواردەوری لووتکەی چیاکــەدا دەخولایەوە. ئێمەش دوو دوو پشتمان بە یەکدییەوە نووساندبوو، تا سەرخەوێ بشکێنین. بەڵام سەرخەوی چی، کێ لە تاو ســەرما و قسە خۆشەکانی کاك (ئەحمەد) خەوی لێ دەکەوت!

ئەو شــەوە هیچ ڕووی نــەدا. بەیانی خۆرهــەڵات و دوای ماوەیــەك دابەزین. هەر هێندە نانــی بەیانیمان خوارد، ئیدی لەبــەر ئەو خۆرەتاوە، لاڵوپاڵ لێــی کەوتین و کەمێ چاومان گەرم کرد. پاشــان فەرمانمان بــۆ هات، ئەو ناوە چۆڵکەین و بەرەو (ناوپارێز) بکشــێینەوە. ئیــدی چەند ڕۆژێ لە ئەوێش ماینەوە، تا کارەســاتەماڵوێرانکەرەکەی تێکچوونی شۆڕشی بەسەردا هات و هەموومان بۆ (پێنجوێن) گەڕاینەوە.

**دوا وتە:**

ئەوە دوا بەرەی جەنگ و خەباتی نەپســاوەی هێزی (خەبات) بوو، بۆ ئەوەی ئەو نێوچە گرنگە ســتراتیژییە ڕزگارکاتەوە، بەڵام بە داخەوە، ئێمە نەماندەزانی، هەموو شت کۆتایی هاتووە! نەماندەزانی، جگە لە دەوڵەتی داگیرکەری (بەعس)، دەزگەی هەواڵگریی و سەرانی دەوڵەتەکانی (ئەمریکا، ئێران و جەزایر)، لە مووبەقە سامناکە نهێنییەکەی خۆیاندا، چ جۆرە خۆراکێکی ژاراوییــان بــۆ ئامادەکردوین! نەماندەزانــی، داوی چ جۆرە پیلانێکی گڵاوی مەرگ چێنیان بۆ چنیووین! نەماندەزانی، ڕێککەوتنامە ڕەشەکەی (٠٦. ٠٣)ی (ئەلجەزایر)یان، دژی هیوا و ئامانجەکانی شۆڕشــی چواردە ســاڵەی گەلەکەمان مۆرکردووە!

ئەورۆ (٣٩) ســاڵ بەســەر دوا بەرەنگاربوونەوە و ئەو خەباتە ســەختەی پێشــمەرگە ئازا و مەردەکانی هێزی (خەبات)دا تێپەڕدەبێ، بە ئەو بۆنەیەوە، ســەری ڕێز و نەوازش، بۆ هەموو شەهیدە دڵســۆزەکانی شۆڕشــەکەمان دادەنەوێنم، هیوادارم، وەك ئەمەکــێ بــۆ گیانی پاکی شــەهیدانی ڕێی ڕزگاری کورد و ســەربەخۆیی خاکی پیرۆزی (کوردستان)، ڕیزەکانی گەلەکەمــان، لە هەموو کاتێ پتەو و بەهێز و یەکگرتووتربێ، سەرکردەی هەموو پارتەکانی (کوردستان)یش، کۆنەقین لەبیر خۆیــان بەرنەوە، واز لە بەرژەوەندی تەســکی پارتایەتی بێنن، تەنیا هەر بۆ ســەرفرازیی و سەرکەوتنی نەتەوەکەمان خەبات بکــەن، چونکە هەر بە ئەو شــێوەیە، گیانی شــەهیدەکانمان شــاددەبێ، گەلی کورد بە ئامانجە دوور و نزیکەکانی خۆی دەگا، هەمــوو پیلانەکانی دوژمنانــی نێوخۆ و داگیرکەرانی (کوردستان)یش پوچەڵ دەبێتەوە!

* کاتــی خۆی لە ژمارە (٧٩٤)ی ڕۆژی (١٦. ٠٨. ٢٠١٠)ی لاپەڕە (١٨-٢٥)ی گۆڤاری (گولان)دا، لە گوتاری (داســتانی قارەمانانەی شــێرەکوڕانی کورد لە چیای گۆڕەز – شەوی ١٥-١٦. ٠٨. ١٩٧٤)دا، بیرەوەری ئەو ڕۆژانەم بڵاوکردەوە.

*** نووسەر و مامۆستای زانکۆ**



**شەهید جەزای عەلی کاتب ( ١٩٤٦ – ١٩٨٣/٤/١)**



**شەهید شێخ موحەممەدی سەیید عەلی حافز (١٩٣٧-١٩٧٥)**



**هاوبیری شەهید فەتاح موحەممەد ئەمین (١٩٤٠ – ١٨/١٧. ١١. ١٩٨٠)**

# کوردو تەحەدداکانی ئیسلامی سیاسی

## پێویستە بایەخی ئایین وەک پەیامێکی ئاسمانیی جیابکرێتەوە لە سیاسەت و دنیاخوازییەک کە پێوەندی بە دەسەڵاتدارییەوەیە

## ٢



د.سەربەست نەبی

بۆ گوڵان دەینووسێت

**لێبووردەیی**

بە گشتی بارودۆخی هاوچەرخی مرۆڤایەتی بە هەردوو دیوی پێکەوەژیان و ناکۆکییەوە مەحکوم کراوە، ئەمە بۆ خۆی دۆخێکە ئاستێکی باڵاو بەرزی لێبووردەیی پێویستە، بە تایبەتی لەو کۆمەڵگانەدا کە فرە کەلتوورن، یان کە تژین لە جیاوازیی شێوازەکانی ژیان و بیرکردنەوەدا، یان سیخناخن بە هەمەجۆریتی لە بیروبڕواکاندا، لەو کۆمەڵگانەوە چەمکی لێبووردەیی دەبێتە چەقی بایەخەکان، بە پێچەوانەشەوە لە شوێنێکدا لێبووردەیی هیچ واتایەکی نابێت کە بیرو بڕواکان یەکڕەنگ و یەکچەشنانە بن.

لەم بارەیەوە ڕاینەر فۆرست لە کتێبێکیدا بە ناوی( لێبووردەیی لە ململانێدایە) جەخت لەسەر پێوەندیی ئۆرگانییانەی نێوان لێبووردن و ڕکابەریی دەکاتەوەو ئاماژی داوە بەوەی کە لێبووردەیی لە ڕکابەرییەوە هەڵدەقوڵێت و لە پزدانی ململانێی نێوان مرۆڤەکانەوە لە دایك دەبێت. بە شێوەیەك ئاماژە بە لێبووردەیی دەکات وەك ئەوەی هەڵوێست نواندنێك بێت بەرانبەر ڕاوبۆچوونەکانی ئەوانی دیکە، هەروەها لە بەرامبەر بڕواو بەرژەوەندییەکانی خەڵکانی تردا، یان وەك ئەوەی ڕەنگدانەوەی توانای مرۆڤ بێت لەسەر خۆگونجاندن لەگەڵ ڕەفتارو نەریتەکاندا یان لەگەڵ هەمە چەشنەیی ڕەفتارەکانی ئەوانی تردا، لەو کاتەدا پێویستێتی و بایەخی لێبووردەیی دەردەکەوێت کە گەیشتنە بە لێتێگەیشتن، ڕێککەوتنە لەبارەی دۆزەکانی کە جێی ناکۆکبوونن، ئەوەش بە مەبەستی دەرچوونە لە بەرژەوەندییە پێکناکۆکەکان، بێ ئەوەی پەنا وەبەر زبری یان توندوتیژیی و پاکتاوکردنی ئەوانی تر ببرێت. لە بەرامبەردا ناتوانرێت لێبووردەیی وەك بەهایەکی دابڕاو یان ڕەهای مۆڕاڵیانە ئەژماربکرێت، ناتوانرێت لە ساتە مێژووییەکاندا یان لە ساتەوەختانی باری وێستای واقیعیدا جودا بکرێتەوە، چونکە لێبووردەیی بە تەنیا ڕێبازێك نییە پارادۆکسانە بەسەر واقیعی وێستادا مرۆڤ بازی بەسەردا بدات، بەڵکو واتاکەی دەوەستێتە سەر کەلتوورە باوەکەی خودی سەردەمەکە، دەوەستێتە سەر پێوەندییە ڕاستەقینەکانی خودی ئەو کەلتوورەوە ، ئەگەر چەمکی لێبوردەییمان لە سیاقە مێژووییەکەی خۆیدا پچڕاندو وا خستمانەڕوو کە بوونێکی دابڕاوانەی لە مێژوودا بۆ خۆی هەبێت، لەم بارەدا لێبوردەیی هەموو بەهایەکی مرۆڤانەو کردارەکییانەی خۆی ون دەکات، دەشکرێت تەرجومەی ئەم واتایە لە ڕێی ئەم پرسیارە پرۆبلێماتییانەی خوارەوە بخرێتەڕوو:

چۆن لەگەڵ تەکفیرییەکاندا لێبووردە بین و یان چۆن هاوئاهەنگانە خۆمانیان لەگەڵدا بسازێنین لە کاتێکدا ئەو تەکفیرییانە هیچ مافێکی ژیان نادەن بەو کەسانەی بڕوایان بە ئایینەکەی ئەمان نەهێناوە؟ تا ئەو ئاستەی دەگەنە ئەو بڕیارەی تیرۆر لە دژی ئەوانی تری جیاواز بەکار بهێنن.

ئایا بە زەڕووڕەت لێبووردەیی واتای ئەوە دەگەیەنێت لەگەڵ کەسانی نالێبووردە و توندڕەوانی کە لە بنەڕەتەوە لێبووردەیی ڕەت دەکەنەوە؛ لێبووردە بین، پابەند بوون بە ئازادیی ئەوانی دیکە و ماف پێدانیان بۆ ئەوەی گوزارشت لە خۆیان بکەن واتای ئەوە دەگەیەنێت کە ڕێگە بدرێت بە هەر نەفامێك بە ناوی ئایینەوە کچانی هەرزەکار هەتك بکات و دەستدرێژیی سێکسی لە منداڵان بکات و سووکایەتی بە ئافرەتان بکات و دژ بە مافە بنەڕەتی و سروشتییەکانی مرۆڤایەتی، خەڵکانێك بورووژێنێت، ئایا کاری ئایینی یان کارکردن لە بوارەکانی ئایینیدا، بەهانەیەکە تا بە ناوی خواوە کەسانێك خۆیان بکەنە چاودێرو سەرپەرشتیار بەسەر ویژدانی ئایینیی سەرجەم موسڵمانانەوە، ئایا ئەوە گونجاوە بۆ ڕێبازگەکانی مافی دەربڕینی ئازاد تا دەروازە ئاوەڵابکەن، بۆ هەر هەڵەشەیەك کە پێی وا بێت گەیشتۆتە کامڵبوونی ڕۆحیی و

ڕاستەقینەیی مۆڕاڵیی و ماف بە خۆی بدات ببێتە سەرپەرشتیکار بەسەر ڕەفتارو بەسەر بەها ڕەوشتییەکانی کەسانی تری جیاواز لە خۆی و بە هەڕتەقەو بەدڕەوشتی و بەڕەڵایی تۆمەتباریان بکات، بانگەشە بۆ توندوتیژی خێزانیی و هاندان لە دژی بەهاکانی یەکسانخوازیی نێوان هەردوو ڕەگەزی مرۆڤ بکات، لە چ شتێکیدا دەچێتەوە قاڵبی دیموکراتییەت و ئازادیی بیروڕاوە، ئایا هاندان و وروژاندنی خەڵکی بۆ ئاژاوەو ئاشووب خستنەوە لە دژی تازەگەریتی و بەگژداچوونەوەی بەها نیشتمانییەکان و تێکدانی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی بە مافێکی شەرعی بۆ تاك ئەژمار دەکرێت، ئایا ئەو ماف بەخۆدانە بەهانەیەکە بۆ بەکارهێنانی سەکۆ گشتییەکانی ڕۆحیی و مەدەنیی تا کەلتووری ڕقلێبوونەوەو دژایەتیکردنی هەموو ڕێبازو بڕواکانی دیکە تەشەنە بسێنێت، ئایا ئازادیی دەربڕینی بیروڕا لەوەدایە ڕق لە کەسانێکی تر هەڵبگریت بەبیانووی ئەوەی لەسەر بڕوایەکی ئایینی دیکەن، یان سەر بە مەزهەبێکی جیاواز لەوەی خۆتن، یان بە شێوەیەکی جیا پێڕەوی سرووت و پەرستشەکانی خۆیان دەکەن، ئایا بۆت هەیە ئەوانی تر ناچار بکەیت ڕەفتارێکی دیاریکراویی ڕەوشتییانەیان بەسەردا بسەپێنیت تا بیانخەیتە سەر ئەو ڕێچکە ڕاستەی خۆت بڕوات پێی هەیە چ بە پێی ئەو مەزهەبە یان بڕوایەی خۆت یان ئەو ئایینەی خۆت یان ئەو ڕێبازگەو قوتابخانەیەی خۆت پێت ڕاست و ڕەوانە بۆ گەیشتنت بە داواکانی ئاسمان؟ چۆن و بە چ شێوازێکی بەڵگەنەویستانە ئەمە دەسەلمێنیت، کێ ڕێگەی داوە بەو پیاوە ئایینیە نەخوێندەوارانەی بەم شێوەیە کار دەکەن و دەست وەردەدەن لە ویژدان و بڕوا تایبەتیەکانی خەڵکی دی تا هەمووان سازبکەن بۆ وەرگرتنی بڕواو ڕاوبۆچوونێك کە بەرهەمی ناو مێشکی خۆیانە بە پێی تێگەیشتنی سنووردارانەی خۆیان لە ئایین؟ ئەم پرسیارانەو زۆرانی تر، پاڵنەرن بۆ سەرلەنوێ پێداچوونەوە بە سەرەتاکانی چەمکی مافەکانی مرۆڤ و چەمکی لێبووردەیی کە لە ناواخنیاندا ئەو ڕاستییە هاتووە بەوەی هەموو مرۆڤێك بە جیاوازیی بیرو بڕواو ڕەگەزو نەتەوەوە لە مافەکانیاندا چوونییەك و یەکسانن، ناکرێت پێچەوانەی ئەم ڕاستییە بسەلمێنرێت لە پیادەکردنی سیاسی و چالاکییەکانی بزاوتە ئیسلامییەکاندا، بە تایبەتیش ئەو بزاوتانەی سروشتی خیتابەکانیان تەکفیریانەیە.

پوختەی مەبەست:

گەورەترین و نزیکترین هەڕەشەی چاوەڕوانکراو بۆ لەناوبردنی سەقامگیری و تەناهیی هەرێمی کوردستان لە حکومەتی فیدراڵی بەغداوە نایەت، تەنانەت لە سوپاو هێزە سەربازییەکانی وڵاتانی دراوسێیی هەرێمیشەوە نایەت، بەڵکو لە فیکری پەڕگیرانەو توندڕەوانەی تەکفیرییەکانەوە دێت، لەو گرووپ و کۆمەڵە ئیسلامیە پەڕگیرانەی ناو هەرێم و دەرەوەی دێت، کە لە پێڕەوکردنی ڕەفتاری سیاسی لە فیکری تەکفیرکردنەوە سرووش وەردەگرن، ئێستاش بە هێمنانەو لێهاتووانەوە خۆیان سازو ئامادە دەکەن لە کنەدان تا دەرفەتێکی گونجاو بقۆزنەوە و کۆمەڵگاو دەسەڵات لەباربەرن، هەموو کەسێکیش بەرامبەر ئەم حەقیقەتە خۆی لە گێلی بدات یان ئێستا لە بەرامبەر ئەم ڕاستییەدا سەری خۆی بخاتە ژێر لمەوە، ناتوانێت سبەی فریای دەرهێنانەوەی سەری خۆی بکەوێت..

ئەم بەگژداهاتنەوەیەی تەکفیرییەکان لە ڕێی دارشتنی پلانی ستراتیژیی ئەمنییەوە چار ناکرێت، بەڵکو ئەم کارە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی گشتگیریی کەلتووری و کۆمەڵگەیی پێویستە، تا بخرێتە ناو ستراتیژیی گشتیی بەگژداچوونەوەوە، ئەزموونی وڵاتانی تر ئەوەیان سەلماندووە، ئەو وڵاتانەی کە سیستمی ئەمنیی ڕێکخراوو سەنترالیزمانەیان هەبووەو لە بەگژداچوونەوەی توندڕەوێتی ئایینی شکستیان هێنا. بە گشتی ئیسلامی سیاسی بە پێی بڕوای خۆی، حەقیقەت بە ڕەهایی تەنیا لە ئامێزی خۆیدا دەبینێتەوە، لەسەر هەر سێ ئاستی مەعریفی و بڕواداریی و ڕەوشتیی، حەقیقەت بە بێ گومان و بێ چەندوچوون و بێنەو بەردەو بێ ڕەخنەگرتن و بێ بەرابەر تەنیا و تەنیا حەقیقەت بە لایەوە ئەو شتەیە کە خۆی درکی پێ دەکات، هەر کێبڕکێ کردنێك لەگەڵیدا، یان هەر حەقیقەتێکی جیاواز لە خۆی، یان هەر قەناعەتێکی ئەلتەرناتیڤی پێ قبوڵ ناکرێت، لە ڕووی ماددی و مانەوییەوە ئەوانی تر ڕەتدەکاتەوە، ئەمەش لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ فکرەکانی بەرابەریدا تاکو تەنیا بژاردەیەتی، بەم شێوەیە ئەو چەشنە بیرکردنەوە سیاسییە پەڕگیرە کە پشتبەستووە بە پیرۆزڕاگرتن و بۆماوەیی، هەرچی ڕەنگێك لەخۆ بگرێت، دەرئەنجام دژایەتی لێ دەردەچێت، دژایەتی لە بەرامبەر کرانەوەو لێبووردنی مرۆڤانەو پێشکەوتنەکانیدا..

لێرەوەیە هیچ تاکێکی ڕووناکبیر کە بڕوای بە فرەیی و یەکسانیی هێنابێت، ناتوانێت نەبێتە ڕکابەرێکی سەرسەختانە دژ بە ئیسلامی سیاسی، نەك دژ بە ئیسلام وەك ئایین و بڕوای شەخسی، بەڵکو دژ بە ئیسلامی سیاسی، چونکە بێلایەنبوونی ڕۆشنگەرانە لە بەرامبەر ئیسلام هەمان بێلایەنبوونێکە بەرانبەر مەسیحییەت و زەردەشتی و یەهودییەت و هەموو ئایینەکانی دیکەی مرۆڤایەتیش، کە ڕۆشنگەرانە دەبیتە ڕکابەر دژ بە ئیسلامی سیاسی، واتا لەبەر ئەوەیە کە ئیسلامێکی مرۆڤانەی بەرنامەبۆدارێژراوە لە لایەن کەسانی دیکەوە، واتا تۆ ڕکابەریت دژ بە ئامانجە خۆپەرستییەکانی مرۆڤ نەك پەیامە ئاسمانییەکەی ئیسلام، ئەمەش بە زەڕووڕەت ناتکاتە ڕکابەرێك دژ بە خودی ئیسلام، چونکە لەم حاڵەتانەدا ئیسلامی سیاسی خۆی دەکاتە نوێنەرایەتیی ئیسلامەتی و بە ناوی خواو پێغەمبەرەوە خۆیان دەکەنە زمانحاڵی ئاسمان و تەنیا ئیسلام بە ئایینی خوا دەزانن و هەموو مەزهەب و ئایینەکانی دیکەی مرۆڤایەتی بە کافر دەژمێرن.

ئیسلامی سیاسی خاوەنی ئایدیۆلۆژیایەکی مرۆیی دژەباوی مێژوو و فرەیی و دیموکراتییەت و یەکسانییە، بەڵام ئیسلام وەك پەیامێکی زیندوو بێبەرییە لەوانەی هەوڵ بۆ گەیشتنە دەسەڵاتێکی سیاسی دەدەن لەژێر ناوو عەبای ئیسلامەتیدا، کەواتە ڕۆشنگەرەکانی ڕکابەرانی ئیسلامیی سیاسیی، لە دژی ئیسلامییەك دەوەستێتەوە کە بە ناوی خواوەو خۆی دەکاتە بڕیاردەرو فەرماندارو هەڵسوڕێنەری بڕوای مرۆڤایەتی و چارەنووسی خەڵکی و بەرژەوەندییەکانیان، تەنانەت پێغەمبەری ئیسلام(د.خ) ئەم مافەی بەخۆی نەداوە، بەڵام ئیسلامەتی لای تەکفیرییەکان ئیسلامەتییەکی لووتبەرزانەو ستەمکارانەو خۆپەرستانەی بەربڵاوی چاوچنۆکانەیە کە ستەم و مەینەتداری بۆ خەڵکی بە دیاری دەهێنن، نەك ئیسلامەتییەکی بە بەزەییانەو سۆزدارانەی وا کە بە چاوی یەکسانەوە تەماشای هەموو بەندەکانی خوا دەکات، نەك ئیسلامەتییەك کە خاوێنی و ئازادیی ناخەکی و پاکیزەیی بەرهەم دێنێت، وەك پێغەمبەری خوا بڕوای پێی بووە، بەڵام کاتێ پیاوێکی ئایینی دەم لە سیاسەت وەربدات و سیاسەت پیادە بکات، دەرئەنجام لە هەردوو سەرەوە چ ئایین و چ سیاسەت دەکاتە دوو ڕوویی و زۆرداریێتی، چونکە ئەوە کاری سیاسەت نییە خەڵکی بەزۆریی زۆردارەکی بنێریت بۆ بەهەشت، یان بە حەزی خۆت لە ئاگری دۆزەخیان بە دوور بگریت، ئەرکی سیاسەت بریتییە لە ڕێکخستنی کاروباری دنیایی خەڵك، لە ڕێی هەڵەو هەوڵەکانی مرۆڤ خۆیەوە دەکرێت، چونکە خەڵك لەوان زیاتر لە کاروباری دنیایی زاناترە.

**ئیسلامەتی لای تەکفیرییەکان ئیسلامەتییەکی لووتبەرزانەو ستەمکارانەو خۆپەرستانەی بەربڵاوی چاوچنۆکانەیە کە ستەم و مەینەتداری بۆ خەڵکی بە دیاری دەهێنن، نەک ئیسلامەتییەکی بە بەزەییانەو سۆزدارانەی وا کە بە چاوی یەکسانەوە تەماشای هەموو بەندەکانی خوا دەکات**

**ئیسلامی سیاسی بە پێی بڕوای خۆی، حەقیقەت بە ڕەهایی تەنیا لە ئامێزی خۆیدا دەبینێتەوە، لەسەر هەر سێ ئاستی مەعریفی و بڕواداریی و ڕەوشتیی، حەقیقەت بە بێ گومان و بێ چەندوچوون و ڕەخنەگرتن و بێ بەرابەر تەنیا حەقیقەت بە لایەوە ئەو شتەیە کە خۆی درکی پێ دەکات**



## هەڵدانەوەی مێژووی

# پیەر بۆردیۆ



## پرۆفیسۆر فریدێریک لۆ بارۆن
بۆ گوڵان:

# بۆردیۆ لەنێو «دژایەتیکردن» و «لایەنگریکردن»دا نەبوو، بەڵکو لەنێو کردەی بەرهەمهێنانی مەعریفەدا بوو

پرۆفیسۆر لە زانکۆی ڤێرسای، فریدێریک لۆ بارۆن یەکێکە لەو سۆسیۆلۆگە فەرەنسیانەی کە لەژێر سەرپەرشتی پیەر بۆردیۆدا تێزی دکتۆراکەی تەواو دەکات و هەر لەژێر سەرپەرشتی ئەویشدا دەبێت بە یەکێک لە پایەکانی قوتابخانەی ڕەخنە کە دواتر بە قوتابخانەی پیەر بۆردیۆ لەسەر ئاستی جیهان ناوبانگ دەردەکات. خاوەنی زیاتر لە پازدە کتێبە، سەرنووسەری گۆڤارێکی زانستی خاوەن پێگەی تایبەت لەنێو کێڵگەی زانستی فەرەنسیدا، فریدێریک لۆ بارۆن پێش تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی تەواوی کتێبەکانی پیەر بۆردیۆ دەخوێنێتەوە و کاتێک کە ئامادەیی تەواو دەکات و ڕێگای زانکۆ دەگرێتە بەر، ئیدی دەکەوێتە نێو ململانێیەکی توندی تێژە یەکتر بڕەکانەوە، ململانێیەک کە بەهیچ جۆرێک بەزەیی بە لاوازەکاندا نایەتەوە و فڕێیان دەداتە پەراوێزەکانەوە.

لە درێژەی گفتوگۆکانماندا لەگەڵ پۆلیتۆلۆگ، سۆسیۆلۆگ، ئەنترۆپۆلۆگ و فەیلەسووفە فەرەنسیەکاندا، پێم باش بوو ڕاستەوخۆ گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانە لەگەڵ پرۆفیسۆر فریدێریک لۆ بارۆن، کە وەک یەکێک لە میراتگرە هەرە نزیکەکانی پیەر بۆردیۆ ناسراوە، ئەنجام بدەم و دوور لە زمانی دار، لاپەڕەکانی ئەو مێژووە کۆمەڵایەتی و سیاسی و زانستیە هەڵبدەینەوە کە پیەر بۆردیۆ، منداڵی خێزانێکی هەژار و لادێیی فەرەنسی، دەگەیەنێتە کۆلێژ دو فرانس و دەیکات بە سەرچاوەیەکی جیهانی بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان.

هاوکارمان د. عادل باخەوان ئەم دیمانەیەی لە پاریس بۆ گوڵان ئەنجام داوە.

**گوڵان:** پیەر بۆردیۆ، تەواوی تێزەکانی لەسەر «خۆ-بەرهەمهێنانەوە» بینا کردووە. واتە کوڕی کرێکارێك دەبێتەوە بـــە کرێکارێك و لە داهاتـــوودا لەگەڵ ژنە کرێکارێکدا خێزان دروست دەکات بۆئەوەی سەرلەنوێ منداڵێکی کرێکار بهێننە دنیا کە دواتر لەگەڵ کچە کرێکارێکدا خێزان دروست دەکەن بۆئەوەی سەر لەنوێ منداڵێکی کرێکار بهێننە دنیاوە. بێگومان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکـــی نا، بـــەڵام بەلای کەمەوە هەشـــتا لە سەدی شانســـەکان بەم ڕێگایەدا دەیبەن. لەکاتێکدا خودی پیەر بۆردیۆ کە دواتر دەبێت بە پرۆفیســـۆر لە کۆلێژ دو فرانس، پرۆفیسۆر لە قوتابخانەی خوێندنی باڵای زانستە کۆمەڵایەتیەکان و یەکێك لە زانا هەرە گەورەکانی جیهان، خودی ئەم بۆردیۆیە لە خێزانێکی هەژار و لادێیی و پەراوێزکراودا هاتووەتە دنیاوە و پەروەردە بووە و پێگەشتووە. ئێوە کە یەکێکن لە میراتگرەکانی پیەربۆردیۆ و لەبەردەستی ئەودا پێگەیشتون و دکتۆراتان تەواوکردووە، چۆن ئەم هاوکێشـــەیە لەیەک دەدەنەوە؟ پیەر بۆردیۆ، منداڵی ئەم خانەوادە لادێییە هەژارە چۆن باڵی هەژموونی کێشا بەسەر کێڵگەی ڕۆشنبیری و زانستی پاریسی و تەنانەت جیهانیشدا، بەڕادەیەك کە نیمچە خوێنەوارێکی ئـــەو پەڕی دنیا، لە گوندێکی ناوچەی گەرمیان لە کوردســـتان، یان لە گوندێکی پەراوێزخراوی ناوچەی پشـــتدەر مەسیجم بۆدەنێرێت و داوای زانیاری لەسەر بۆردیۆ دەکات؟

**فرێدێریك لۆ بارۆن:** ڕاستە پیەر بۆردیۆ لە خانەوادەیەکی هەژاری لادێیدا لە دایک بووە. باوکی موچەخۆرێکی پلـــە نزمی دەوڵەت بـــووە، باوباپیرانی جووتیار بوون و ژیانیان لەنێو کێڵگەکاندا بەسەر بردووە. بەڵام بۆردیۆ هەر لە ســـەرەتای خوێندنەوە وەك کەســـێکی ناوازەو زیـــرەك و تایبەت دەردەکەوێت و لـــە هاوڕێکانی جیا دەبێتـــەوە. لەبیرمان نەچێت کە پیەر بۆردیۆ، خوێندنی ئامادەیی لـــە قوتابخانەی «هنری چوارەم» لە پاریس تـــەواو کردووە. تـــۆ دەزانیت و ئـــاگات لێیە کە ئەم قوتابخانەیـــە بەتەنیا جێگای نوخبە و خوێندکارە هەرە زیرەکەکانی فەرەنسایە. بەشێکی زۆر لە فەیلەسووف و زاناکانـــی فەرەنســـا بەم قوتابخانەیـــەدا تێپەڕیون. پـــاش تەواوکردنی «هنری چـــوارەم»، پیەر بۆردیۆ ڕێـــگای خیابانی «ئیولم» لە پاریـــس دەگرێتە بەر. لەم خیابانەدا قوتابخانـــەی خوێندنی نۆرماڵی باڵای لێیە. ئەم قوتابخانەیە لوتکەی زانســـتە لە فەرەنسادا. ئەوانەی کە هنری چوارەم تەواودەکەن، لەبری ڕۆشتن بـــۆ زانکۆ، ڕێگای خیابانی ئیولـــم دەگرنە بەر. لەم قوتابخانەیەدا، لە بری ماتماتیک، بۆردیۆ فەلســـەفە هەڵدەبژێرێت و لەبەردەســـتی باشترین فەیلەسوفەکانی ئەو کاتەی فەرەنســـادا خوێندن تەواودەکات و پاشان دەبێت بە مامۆستای فەلسەفە و دەست بە وانە وتنەوە دەکات.

دواتر قۆناغی دووەم لەژیانی پیەر بۆردیۆ بە خزمەتی ســـەربازی لـــە جەزائیر دەســـت پێـــدەکات. بۆردیۆ ڕێگای جەزائیر دەگرێتەبەر، وەك سۆســـیۆلۆگ نەك وەك ســـەرباز. واتە خزمەتی ســـەربازیەکەی دەبێت بە توێژینەوەی سۆســـیۆلۆژی لەســـەر جەزائیر. ئەمەش ڕێگای پێدەدات کە لە چوارچێوەکانی سوپا بێتە دەرەوە و ئینتیمـــا بکات بە زانکۆی جەزائیرەوە، کە دەبێت بە بەرپرســـی یەکەم لە کارەکانی. هـــەر لەم زانکۆیەدا تەعاروف لەگەڵ «عەبدولمەلیک سەیاد»دا دەکات، کە سۆســـیۆلۆگێکی بەناوبانگی جەزائیریە. ســـەیاد هەرچەند ئەندامی بەرەی ڕزگاری خوازی جەزائیری نەبـــوو، بەڵام پێوەندییەکی باشـــی لەگەڵیاندا هەبوو، ئەمـــەش دەرگای گەورەی بـــە ڕووی پیەر بۆردیۆدا کـــردەوە بۆئـــەوەی پێوەنـــدی لەگەڵ شۆڕشـــگێڕە جەزائیریەکاندا دروست بکات و بیانناسێت.

ئەم دوو سۆســـیۆلۆگە ڕێک دەکەون لەســـەر ئەوەی کە پێکـــەوە لەســـەر سۆســـیۆلۆژیای کۆمەڵگەی جەزائیری کاربکەن، بەتایبەتی لەســـەر پێوەندی بونیە ئابووریەکانـــی کۆمەڵگەیەکی ســـەرمایەداری، کە فەرەنسای داگیرکەر سەپاندبووی، لەگەڵ کۆمەڵگەی «ترادیسیۆنێل/تەقلیدی» جەزائیریدا. لە چرکەساتی ئـــەم توێژینەوانەدایـــە کە چەمکـــی «هابیتیوس» لای پیەر بۆردیۆ دروســـت دەبێت. یەکەم کتێبی پیەر بۆردیۆ کە ســـاڵی ١٩٥٨ بەناوی «سۆســـیۆلۆژیای جەزائیـــر» بڵاودەبێتەوە، باس لـــە هابیتیوس دەکات. هەر لەم کتێبـــەدا باس لە چەمکـــی «ئیتۆس»ی کۆمەڵگەی سەرمایەداری لە جەزائیر و «ئیتۆس»ی کۆمەڵگـــەی تەقلیـــدی دەکات. بۆردیۆ چەمکی «ئیتۆس» لە ماکس ڤێبـــەرەوە وەردەگرێت و فاکتە جەزائیریەکانی پێدەخوێنێتەوە. پاش ئەم کتێبە، بۆردیۆ و ســـەییادا پێکەوە پەلاماری کاری مەیدانی دەدەن، بەتایبەتی لە ناوچـــە قەبائیلیەکاندا. لادێ بە لادێ، شار بەشـــار دەگەڕێت و هەزاران چاوپێکەوتن ئەنجام دەدات. جگەلەمەش ســـەدان ستاتیســـتیک و داتای فەرمی و نا فەرمی کۆدەکاتەوە، بەڕادەیەك کە هەر دوو سۆســـیۆلۆگ پڕدەبن لە داتا. لەلایەکی دیکەوە بۆردیۆ پڕ چەک بوو بە سەدان قوتابخانەی فەلسەفی و سۆســـیۆلۆژی. ئەو بە قووڵی ماکس ڤێبەر، کارل مارکس، ئێمیل دۆرکایمی خوێندبووەوە و دەیزانی چۆن

یەکەم کتێبی پیەر بۆردیۆ کە ساڵی ١٩٥٨ بەناوی «سۆسیۆلۆژیای جەزائیر» بڵاودەبێتەوە، باس لە هابیتیوس دەکات. هەر لەم کتێبەدا باس لە چەمکی «ئیتۆس»ی کۆمەڵگەی سەرمایەداری لە جەزائیر و «ئیتۆس»ی کۆمەڵگەی تەقلیدی دەکات. بۆردیۆ چەمکی «ئیتۆس» لە ماکس ڤێبەرەوە وەردەگرێت و فاکتە جەزائیریەکانی پێدەخوێنێتەوە

لەگەڵ ئەم هەموو داتایانەدا مامەڵە بکات. لەناو ئەم هاوکێشەیەدا بۆردیۆی مەزن دروست دەبێت.

**گوڵان:** بەڵام کاتێك ئەم بۆردیۆیە جەزائیر بەجێ دەهێڵێت و دەگەڕێتەوە پاریس، دەکەوێت بەسەر کێڵگەی ڕۆشنبیریی فەرەنسیدا، کێڵگەیەکی پڕ لە زەبروزەنگ، لەناوەوەی ئەم کێڵگەیەدا هەر فەیلەسوفە و سەری فەیلەسوفێکی دیکە دەپەڕێنێت، هەر سۆسیۆلۆگە و سۆسیۆلۆگێکی دیکە نەفیدەکات، لەنێو ئەم کێڵگە ڕۆشنبیری و زانستیەدا، ململانێکان هێندە توندن، بەڕادەیەك بەشێك لە ڕۆشنبیران باس لە جۆگەلەی خوێنی ڕەمزی دەکەن. ژان پۆل سارتەر تا ئەو ڕۆژەش مرد ئەسڵەن دانی بەوەدا نەنا کە پیەر بۆردیۆ ڕۆشنبیرە! لەنێو ئەم کێڵگەیەدا تەنیا لەسەر پەراگرافێك، جاك دێریدا جەنگی بێسنوری لەگەڵ میشێل فوکۆدا ڕاگەیاندبوو! کە بۆردیۆ دەگەڕێتەوە پاریس، چۆن دەتوانێت لەنێو ئەم ململانێ توندانەدا نەك هەر جێگایەك بۆخۆی بکاتەوە، بەڵکو خۆشی وەك پێگەیەکی هەیمەنەدار فەرزبکات؟

**فرێدێریك لۆ بارۆن:** ئەو وەسفانەی تۆ بۆ کێڵگەی ڕۆشنبیری و زانستی فەرەنسی لە شوێنی خۆیایەتی و تا ئێستاش هەروایە. بێگومان بۆردیۆ کە دەگەڕێتەوە، سەرەتا دەکەوێتە نێو چوارچێوەیەکی زۆر بچوکەوە لە خواری خوارەوە دەست پێدەکات و بابەتەکانی لەسەر جەزائیر لە گۆڤارە زانستیەکاندا بڵاودەکاتەوە، بەتایبەتی لە گۆڤاری «ئیسپری» و لەم ڕێگایەوە و وردە وردە خۆی دەناسێنێت و پێگەیەکی بچوک لەنێو کێڵگەی زانستیدا بۆ خۆی دروست دەکات. کاتێك کە بۆردیۆ لە یەکێك لە بابەتەکانیدا ڕەخنە لە هەڵوێستی ژان پۆل سارتەر لەسەر کۆمەڵگەی جەزائیری دەگرێت و باس لەوە دەکات کە سارتەر تێگەشتنێکی قووڵی سەبارەت بەم کۆمەڵگەیە نییە و شتەکان تێکەڵ دەکات، ئیدی جەنگی نێوان ئەم دووانە دەست پێدەکات و ئاستی بەرزی زانستیی پیەر بۆردیۆش بۆ هەمووو لایەك ئاشکرا دەبێت. سارتەر لە ڕوانگەیەکی ئەفسانەییەوە باس لە شۆڕشی جەزائیری دەکات و پشتیوانی لێدەکات، بۆردیۆ باس لەوەدەکات کە ئەم ڕوانگەیە هیچ پێوەندیەکی بە واقیعی کۆنکرێتیەوە نییە و تەنیا لە خەیاڵدانی سارتەر خۆیدا بوونی هەیە.

لەنێو ئەم جەنگەدا یەکێك لە ڕۆشنبیرە هەرە گەورەکانی فەرەنسا، کە هیچی کەمتر نەبوو لە سارتەر، بەتوندی پشتیوانی لە پیەر بۆردیۆ دەکرد، کە ئەویش ڕایمۆن ئارۆن بوو. ئارۆن یەکێك بوو لە پایەکانی کێڵگەی ڕۆشنبیری فەرەنسی و لە سیەکانی سەدەی ڕابوردودا بە خیابانی «ئیولم» دا تێپەڕیبوو. دواتر دەبێت بە بیرمەندی مەزنی لیبرالیسمی فەرەنسی و دواتر دەبێت بە «مەرجەعی» بەشێکی زۆر لە حزبە ڕاست ڕەوەکانی فەرەنساو لە ڕۆژنامەی «لۆ فیگارۆ»دا بابەتەکانی بڵاودەکاتەوە. پیەر بۆردیۆ دەبێت بە سکرتێری گشتی موختەبەرەکەی ئارۆن لە سۆربۆن و پێوەندیەکی بەهێز لەنێو ئەم دوو کەسەدا دروست دەبێت. دەتوانم بڵێم ئارۆن باوکی فیکری پیەر بۆردیۆیە.

**گوڵان:** باوکێك کە دواتر بەدەستی کوڕەکەی دەکوژرێت. لەیەکەم هەلدا پیەر بۆردیۆ سەری ڕایمۆن ئارۆن دەپەڕێنێت!

**فرێدێریك لۆ بارۆن:** هههه، ناتوانم بڵێم کوشتنی، بەڵام نیوە گیانی کرد! لە ڕاستیدا لێك جیابوونەوەی ئەم دووانە دەگەڕێتەوە بۆ خۆپیشاندانەکانی مایسی ١٩٦٨ ی پاریس. ئارۆن بەتوندی دژایەتی خۆپیشاندانەکان دەکات و وەك بیرمەندێکی ڕاستڕەو خۆی دەخاتە سەر شانۆکان. پیەر بۆردیۆ ئەمەی پێ هەڵەبوو. پێی وابوو کە سۆسیۆلۆژیا دەبێت کەرەسەکانی ڕەخنەگرتن بداتە دەست جەماوەری ڕاپەڕیو، بۆئەوەی بتوانن هەم خۆیان بناسن و هەم دەوروبەریشیان. واتە وشیاریان بکاتەوە. واتە بۆردیۆ لەنێو «دژایەتیکردن» و «لایەنگیریکردن»دا نەبوو، بەڵکو لەنێو کردەی بەرهەمهێنانی مەعریفەدابوو.

جیابونەوەی لە ئارۆن سەرەتای دەستپێکردنی هاوپەیمانیەکی نوێ بوو کە دواتر ئاستێکی جیهانی بە پیەر بۆردیۆ دەبەخشێت: هاوپەیمانی لەگەڵ میشێل فوکۆدا. تۆ دەزانیت لەنێو کێڵگەی ڕۆشنبیریدا گەر هاوپەیمانت نەبێت بەڕۆژی نیوەڕۆ «ڕاو»دەکرێیت و گۆشتەکەت دەدرێت بە ئاژەڵە دڕندەکان و کۆتاییت پێدێت. هاوپەیمانی نوێی نێوان میشێل فوکۆی فەیلەسوف و پیەر بۆردیۆی سۆسیۆلۆگ چەندین دەرگای لەسەر کردنەوە. یەکێك لەوانە دەرگای کۆلێژ دو فرانس بوو. فوکۆ هەموو تۆڕەکانی پێوەندی سازدا بۆئەوەی بۆردیۆ بکات بە پرۆفیسۆر لە کۆلێژ دو فرانس و بەسەرکەوتوویی ئەم کارەی ئەنجامدا. بۆردیۆ دەرگای سیمینارەکانی بۆ فوکۆ کردەوە.

**گوڵان:** ئێمە تائێرە باسمان لە مێژووی پیەر بۆردیۆ کرد، لێرە بە دواوە پێم باشە باس لە تیۆری پیەر بۆردیۆ بکەین، بەتایبەتی لەسەر زەبروزەنگ. تۆ دەزانیت زەبروزەنگ چەندین فۆرمی هەیە. بۆ لەنێو هەموو ئەم فۆرمانەدا بۆردیۆ بەتەنیا کلیک لەسەر زەبروزەنگی ڕەمزی دەکات؟ لەپێناوی چیدا بۆ نمونە زەبروزەنگی

**سارتەر لە ڕوانگەیەکی ئەفسانەییەوە باس لە شۆڕشی جەزائیری دەکات و پشتیوانی لێدەکات، بۆردیۆ باس لەوەدەکات کە ئەم ڕوانگەیە هیچ پێوەندیەکی بە واقیعی کۆنکرێتیەوە نییەو تەنیا لە خەیاڵدانی سارتەر خۆیدا بوونی هەیە**

**هەرگیز هەژموونکار ناتوانێت مومارەسەی زەبروزەنگی ڕەمزی بکات. هەژموون لەسەرکراو، لەڕێگای قبوڵکردنی جیهانبینی، کولتور، بڕیار، ئەخلاق و پرۆژەکانی هەژموونکارانەوە، بەشداریدەکات. هەژموونکاریش، لەڕێگای تەبەعیەتی بۆ سیستەمی هەژموونەوە، بەشداری دەکات. لێرەوە هەموو زەبروزەنگێك ناچێتە نێو چوارچێوەی زەبروزەنگی ڕەمزیەوە**

**پیەر بۆردیۆ لە خانەوادەیەکی هەژاری لادێیدا لە دایک بووە. باوکی موچەخۆرێکی پلە نزمی دەوڵەت بووە، باوباپیرانی جووتیار بوون و ژیانیان لەنێو کێڵگەکاندا بەسەر بردووە. بەڵام بۆردیۆ هەر لە سەرەتای خوێندنەوە وەک کەسێکی ناوازەو زیرەک و تایبەت دەردەکەوێت و لـــە هاورێکانی جیا دەبێتەوە. لەبیرمان نەچێت کە پیەر بۆردیۆ، خوێندنی ئامادەیی لە قوتابخانەی«هنـــری چوارەم» لە پاریس تەواو کردووە. تۆ دەزانیت و ئاگات لێیە کە ئەم قوتابخانەیە بەتەنیا جێگای نوخبە و خوێندکارە هەرە زیرەکەکانی فەرەنســـایە. بەشێکی زۆر لە فەیلەســـووف و زاناکانی فەرەنسا بەم قوتابخانەیەدا تێپەڕیون. پاش تەواوکردنی «هنـــری چوارەم»، پیەر بۆردیـــۆ ڕێگای خیابانی«ئیولم» لە پاریـــس دەگرێتە بەر. لەم**

دەوڵەت دژ بە کۆمەڵگە، یان کۆمەڵگە دژ بە دەوڵەت، زەبروزەنگی دەوڵەت بەرامبـــەر بە دەوڵەت، کۆمەڵگە بەرامبەر بە کۆمەڵگە، بکرێت بە قوربانی زەبروزەنگی ڕەمزی؟

**فریدێریك لۆ بارۆن:** لەڕاستیدا ئەمە ناوەڕۆکی تیۆری پیەر بۆردیۆ پێکدەهێنێت. چەمکی زەبروزەنگی ڕەمزی لای بۆردیۆ مێژوویەکی تایبەتی هەیە. کاتێک ئەو لـــە جەزائیر بوو، دوو لایەن لە جەنگدابوون : ســـوپای فەرەنســـی لەلایەك و بەرەی ڕزگاریخوازی جەزائیری لەلایەکی دیکـــەوە. ئەو خوێندنەوانـــەی کە بۆ ئەم جەنگە دەکران هەموویان لەسەر جەنگی دەستەویەخەو فیزیکـــی بوون. بەڵام لێرەدا پیەر بۆردیۆ دێت و پێمان دەڵێـــت کە ئەوەی بەڕێوەیە تەنیا جەنگی دوو ســـوپا نییە، بەڵکو جەنگی دوو سیستەمی کولتوریشە.

زەبروزەنگی ڕەمزی بریتیە لە فەرزکردنی هەژمونی خۆت بەسەر کەســـێك یان گرووپێکدا کە ڕازییە بەم کردەیەو بەرەنگاری ناکات. واتە هەموو زەبروزەنگێکی نافیزیکی زەبروزەنگـــی ڕەمزی نییە. یەکەم مەرجی ئامادەبونـــی کـــردە زەبروزەنگی ڕەمـــزی بریتیە لە ڕەزامەندی ئەو کەســـەی کە دەبێت بـــە بابەتی ئەم کردەیە. بۆ بەرهەمهێنانی کردەی زەبروزەنگی ڕەمزی، هەردوولا، هەژموونکارو هەژموون لەسەرکراو، وەك یەك بەشـــداری دەکەن. واتە بەبێ بەشداری ڕاستەوخۆی هەژموون لەســـەرکراو هەرگیز هەژموونکار ناتوانێت مومارەســـەی زەبروزەنگی ڕەمزی بـــکات. هەژموون لەســـەرکراو، لەڕێـــگای قبوڵکردنـــی جیهانبینی، کولتور، بڕیار، ئەخلاق و پرۆژەکانی هەژموونکارانەوە، بەشداریدەکات. هەژموونکاریش، لەڕێگای تەبەعیەتی بۆ سیســـتەمی هەژموونەوە، بەشداری دەکات. لێرەوە هەمـــوو زەبروزەنگێـــک ناچێتـــە نێـــو چوارچێوەی زەبروزەنگی ڕەمزییەوە.

**گوڵان:** پاش پشـــکنینی بەشێکی زۆر لە کتێبەکانی پیـــەر بۆردیۆ، تێزێکـــم لەســـەر زەبروزەنگی دەوڵەت دەســـتنەکەوت. لەکاتێکدا ئەو لە زەمەنێکدا دروست بوو، جەنگی جەزائیر، کە دەوڵەتی فەرەنســـی بە بێ ســـنوور زەبروزەنگی بەرهەم دەهێنـــا. زەبروزەنگ بە گۆشـــت و ئێسقانەوە. زیاتر لە ملیۆنێک مرۆڤ بوون بە سوتەمەنی زەبروزەنگی دەوڵەت ! ئایا ئەمە جۆرێك لە بۆشایی لە فیکری بۆردیۆدا دروست ناکات ؟

**فریدێریـــك لۆ بارۆن:** لەڕاســـتیدا زەبروزەنگی دەوڵەت بابەتـــی توێژینـــەوە بۆردیۆ نییە. ئەو لەشـــوێنێکەوە دەستپێدەکات کە ئەوانی دیکە خاڵی کۆتاییان داناوە. ئەو دەیوست بڵێت کە لەدەرەوەی جەنگی دەستەویەخە، جەنگێکی دیکەش هەیە کە تەنانەت لەنێو کۆمەڵگە هەرە مەدەنیەکانیشدا بەردەوام بەڕێوەیە.

**گـــوڵان:** تەنانـــەت لەســـەر زەبروزەنگـــی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانیش کاری نەکردوە !

**فریدێریك لۆ بارۆن:** نەخێر. ســـەبارەت بـــە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیـــەکان، پیەر بۆردیـــۆ چەمکی ململانێ دەهێنێتە پێشـــەوە و لەم ڕێگایـــەوە پێوەندییەکانی هێز دەخوێنێتەوە. لەسەر ئاستی سیاسی بۆردیۆ هەڵوێستی پۆزەتیڤانەی لەســـەر ململانێی چەوســـاوەکان هەیە، ململانێی چەکداری، ڕاپەڕین، شـــۆڕش. بەڵام لەسەر ئاستی زانستی، نەخێر کاری جددی لەسەر نەکردوە.

**تورێنیەکان زیاتر لە لیبرالەکان و سۆسیال لیبرالەکان نزیکن. بۆردیۆییەکان لە چەپی چەپ. بەڵام لەئێستادا وردە وردە کاڵ دەبێتەوەو وەک تۆ ئاگات لێیە پێکەوە قسە دەکەین و لە هەندێ دەرفەتیشدا هاریکاری یەکتری دەکەین**



**خیابانەدا قوتابخانەی خوێندنـــی نۆرماڵی باڵای لێیە. ئەم قوتابخانەیە لوتکەی زانســـتە لە فەرەنســـادا. ئەوانەی کە هنری چوارەم تەواودەکەن، لەبری ڕۆشتن بۆ زانکۆ، ڕێگای خیابانی ئیولم دەگرنە بەر. لـــەم قوتابخانەیەدا، لە بری ماتماتیک، بۆردیۆ فەلســـەفە هەڵدەبژێرێت و لەبەردەستی باشترین فەیلەســـوفەکانی ئەو کاتەی فەرەنسادا خوێندن تەواودەکات و پاشـــان دەبێت بە مامۆستای فەلسەفە و دەست بە وانە وتنەوە دەکات.**

**گوڵان:** یەکێك لەو ڕەخنانەی کە بەتوندی ئاڕاستەی پیەر بۆردیۆ و ئێـــوە و قوتابخانەکەتان دەکرێت بریتیە لە بینینی کێڵگـــەکان وەك زیندانی تا هەتایی. واتە لەنێو هـــەر کێڵگەیەکدا سیســـتەمێکی پێکهاتوو لە دوو پێگـــە هەیە. پێگەی هەژموونـــدارەکان، پێگەی هەژموونلەسەر کراوەکان. ئێوە هەستێک لای مرۆڤ دروســـتدەکەن کە بۆ هەتا هەتایـــە هەژمووندارەکان و هەژموونلەســـەرکراوەکان وەك خۆیـــان دەمێننەوە و چیـــدی ڕووبەرێك بۆ گۆڕانـــکاری نامێنێتەوە. ئایا بەراســـتی ئێوە جیهانی کێڵگەکان، سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری بەم شێوەیە دەبینن ؟

**فرێدێریـــك لۆ بـــارۆن:** پێموایە ئەمـــە یەکێکە لەو پێناسانەی کە رکابەرەکانمان بۆ ئێمەیان دروستکردوە، گەرنا لەهیچ یەکێک لە بەرهەمەکانماندا شتێکی لەم جۆرە نابینرێت. بەپێچەوانەوە، ئێمە پێمانوایە لۆژیکی بەڕێوەبردنی کێڵگە هەڵگری سروشتێکی دینامیکیە نەك مەنگ و وەســـتاو. لەنێو کێڵگەدا شـــتەکان لە جووڵانێکـــی بەردەوامدان. پێگـــەکان لە ململانێدان و لەهەر چرکەیەکدا دەکرێت جێگۆڕکێیان پێبکرێت.
لەنێو کێڵگەدا گریمانەی شـــۆڕش هەمیشە ئامادەیە. شـــۆڕش لەپێناوی جێگۆڕکێ پێکردنی پێگەکاندا. شۆڕشـــگێڕەکان ئەوانـــەن کە لە ئێســـتادا هەژموون لەســـەرکراون، بەڵام لەڕێگای کۆکردنەوەی زۆرترین سەرمایەی تایبەت بە کێڵگەوە، خۆیان پڕچەک دەکەن و دواتر شـــۆڕش بەســـەر هەژمووندارە مێژووییەکاندا دەکەن و لەســـەر عەرش دەیانهێننە خوارەوە. بێگومان هەموو هەژموون لەسەرکراوەکان توانایی ئەوەیان تیادا نییە کە ببن بە شۆڕشـــگێڕ. ئەو بکەرانەی کە لەنێو کێڵگەدان و لەڕێگای ململانێی ســـەختەوە، لەڕێگای ماندووبوون و کارکردنی جددی بەردەوامەوە، لەڕێگای بەرهەمهێنانی داهێنەرانەوە دێن و پێوەندیەکانی هێز و هاوکێشەکان دەگۆڕن.

**گوڵان:** پێمخۆشە لە کۆتایی ئەم گفتوگۆیەماندا بزانم ڕەگوڕیشـــەی ململانێی ئێـــوە بۆردیۆییەکان لەگەڵ تورێنییەکاندا (قوتابخانـــەی ئالان تورێن) دەگەتەوە بۆ کەی؟

**فرێدێریك لـــۆ بارۆن:** بە درێژایی مێـــژووی ئەم دوو قوتابخانەیە، هەر لە شەســـتەکانەوە تا ئێستا، هەمیشە ململانێیەك هەبووە. ئێمە دوو جیهانبینی جیاوازو دوو میتۆدۆلۆژیـــای جیاوازمان هەیە. بـــەڵام تەقینەوەی ململانێکان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٥، کاتێك پیەر بۆردیۆ لە وێستگەی شەمەنەفەری «گار دو لیۆن» لە پاریس بەشداری خۆپیشـــاندانی کرێکارانی کردو وەك بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی باسی کردن. لێرەدا ئالان تورێن کە نزیکەی ســـی ساڵ بوو کاری لەسەر بزووتنـــەوە کۆمەڵایەتیەکان کردبـــوو، هاتە دەنگ و بەتونـــدی وەڵامی پیـــەر بۆردیۆی دایـــەوە کە ئەو خۆپیشاندانە هیچ ڕەگەزێکی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی تیادا نییە. لەم چرکەســـاتەوە جەنگێکی کراوە لەنێوان هەردوو قوتابخانەکەدا ڕاگەیەنرا. تورێنیەکان زیاتر لە لیبرالەکان و سۆسیال لیبرالەکان نزیکن. بۆردیۆییەکان لە چەپی چـــەپ. بەڵام لەئێســـتادا وردە وردە کاڵ دەبێتەوە و وەك تۆ ئاگات لێیە پێکەوە قسە دەکەین و لە هەندێ دەرفەتیشدا هاریکاری یەکتری دەکەین.

**زەبروزەنگی ڕەمزی بریتییە لە فەرزکردنی هەژموونی خۆت بەسەر کەسێک یان گرووپێکدا کە ڕازییە بەم کردەیەو بەرەنگاری ناکات. واتە هەموو زەبروزەنگێکی نافیزیکی زەبروزەنگی ڕەمزی نییە**